# چەمکە عیرفانییەکان لە شیعری (مەحوی) دا

نامەیەکە

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە و زمان لە زانکۆی چەرمووـچەمچەماڵ کراوە
وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

لەلایەن


**ئاوات نادر عەبدولکەریم**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی لە ساڵی (٢٠١٧) لە زانکۆی سلێمانی.


بەسەرپەرشتی

**د. مەریوان حسێن فەرحان**

تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢ زایینی گەلاڕێزانی ٢٧٢٢ کوردی

# بەڵێننامە

بەڵێن دەدەم، کە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی ( **چەمکە عیرفانییەکان لە شیعری "مەحوی" دا** )هەمووی لەلایەن خودی خۆمەوە نووسراوە، جگە لەو جێگایانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێ کردوون، هەموو نووسین و ئەنجامەکانی کاری توێژینەوەکە کاری سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێك بڵاو نەکراوەتەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە.

بەڵێن دەدەم، کە لە هەر جێگەیەك شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

ئیمزا

ناوی خوێندکار: ئاوات نادر عەبدولکەریم

بەروار: /٢٠٢٢/٩

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زمانەوانی

ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی ( **چەمکە عیرفانییەکان لە شیعری "مەحوی" دا** )، کە لەلایەن (**ئاوات نادر عەبدولکەریم** ) ـەوە پێشکەشکراوە، لەلایەن خودی خۆمەوە لەڕووی زمانەوانییەوە پێداچوونەوەی بۆ کراوە و هەڵە زمانەوانی و ڕێزمانییەکانی ڕاست کراوەتەوە. پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

هەڵسەنگێنەری زمانەوانی:

بەروار:

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی ( **چەمکە عیرفانییەکان لە شیعری "مەحوی" دا** )، کە لە لایەن **(ئاوات نادر عەبدولکەریم)** ـەوە پێشکەش کراوە، لەلایەن خودی خۆمەوە لەڕووی زمانەوانییەوە پێداچوونەوەی بۆ کراوە. پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

هەڵسەنگێنەری زانستی:

بەروار:

## پشتگیری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من ئامادە کراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕیی ئەدەبدا. پشتگیری دەکەم، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

ئیمزا:

ناو: د. مەریوان حسێن فەرحان

بەروار:

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراون و ئاماژە بە پشتگیریی سەرپەرشتیاری، ئەم نامەیە دەنێرم بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

ئیمزا:

ناو:د. ئاسۆ عومەر مستەفا - سەرۆکی بەشی کوردی

بەروار:

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك لیژنەی گفتوگۆ، ماستەرنامەی خوێندکار **(ئاوات نادر عەبدولکەریم)** بە ناونیشانی **( چەمکە عیرفانییەکان لە شیعری "مەحوی" دا )** خوێندەوە و لەگەڵ خودی خوێندکاردا گفتوگۆمان کرد، بۆیە بڕیارماندا، کە خوێندکار شایەنی ئەوەیە پلەی (              ) پێببەخشرێت و بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی ئەدەبدا پێبدرێت.

**ئیمزا:**
**ناو: پ. د. ئیدریس عەبدوڵا مستەفا**
**ئەندام**
**بەروار:  /  /٢٠٢٢**

**ئیمزا:**
**ناو: پ. ی. د. دیار فائیق مەجید**
**ئەندام**
**بەروار:  /  /٢٠٢٢**

**ئیمزا:**
**ناو: د. مەریوان حسێن فەرحان**
**ئەندام و سەرپەرشت**
**بەروار:  /  /٢٠٢٢**

**ئیمزا:**
**ناو: پ. د. مەریوان عومەر حەسەن**
**سەرۆکی لیژنە**
**بەروار:  /  /٢٠٢٢**

**لەلایەن کۆلێژی پەروەرد و زمان – زانکۆی چەرموو پەسەندکرا .**

**د.سۆزان سەعدوڵا عەبدولغەنی**
**ڕاگری کۆلێژی پەروەرد ە و زمان**
**بەروار:  /  /٢٠٢٢**

**پێشکەشە بە:**

- ئونسی ڕۆحم (سروە)
- ڕووناکی چاوەکانم:

❊ ئاودێر

❊ ئاکار

❊ ئاسیناد

❊ ئەحمەد

## سوپاس و پێزانین

سوپاسی هەموو ئەو خۆشەویستانە دەکەم، کە هاوکارم بوون لە بڕینی قۆناغێکی دیکەی زانستی لە ژیانمدا، بەتایبەتی:

- دکتۆر (مەریوان حسێن فەرحان)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی گرتە ئەستۆ، جگە لەوەی بە تێبینی و سەرەنجەکانی نامەکەی جوانتر و دەوڵەمەندکرد، وەکو برا و هاوڕێیەکی نزیک هەمیشە هاوکارم بوو.

- دکتۆر (ئاسۆ عومەر) سەرۆکی بەشی کوردی و ستافە جوانەکەی لە سەرۆکایەتی بەش، هەمیشە پاڵپشتییەکی گەورەمان بوون بۆ بڕینی ئەم قۆناغە.

- دکتۆر ( موستەفا ڕەزا ) و مامۆستا (کاروان جومعە) و مامۆستا (چالاک عەلی)، هاوکارێکی باشم بوون.

- هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا (زرار سەردار)، کە بە درێژایی قۆناغی ماستەر هاوکارێکی دڵسۆزم بوو.

- خوێندکارانی هاوڕێم لە قۆناغی ماستەر، کە ماوەی دوو ساڵ پێکەوە بووین.

- هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە هەموو وێستگەکانی خوێندنمدا بە وشەیەکیش بەشدابوونە بۆ گەیشتنم بەم قۆناغە، سوپاسییان دەکەم.

- هەر ئازیزێکی تریش ئەگەر بە وشەیەکیش هاوکارم بووبێت سوپاسی دەکەم.

## پوخته

عیرفان بریتییە لە ناسین و زانین، کە لەو ڕێگەیەوە ڕامان و بیرکردنەوە دەبێتە سەنتەر لای کەسی عاریف، ئەویش لە ئاوەز و دڵەوە سەرچاوەدەگرێت بۆ گەیشتن بە ڕاز و نهێنی و بڵندبوونەوەی ڕۆح لە پێناوی گەیشتن بە حەقیقەت.

**چەمکە عیرفانییەکان لە شیعری مەحوی دا،** ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەیە، کە هەوڵدەدات بە شێوەیەکی زانستییانە، چەمکی عیرفان بە شێوەیەکی گشتی و ئەو چەمکە خودییانەی کە تایبەتن بە خودی مەحوی لە شیعرە کوردییەکانیدا بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

شیعرە عیرفانییەکانی مەحوی، لە پای ئەزموون و دەرکەوتە قووڵەکانی گەشتە دەروونییەکانی ئەم عاریفەیە لە دنیای مادییەتەوە بەرەو گەیشتن بە حەقیقەت، لە ئەنجامی وردبوونەوە و هەڵسەنگاندنی شیعرەکانیشی خوێنەر دەگات بە حەقیقەتە عیرفانییە پراکتییەکانی ئەم عاریفە، ڕەهەندی عیرفانی لە شیعرەکانی مەحویدا زیاتر لەژێر کاریگەری عیرفانیی عاشقانەدایە و چەمکە عیرفانییەکانیشی دابەش دەبێت بەسەر هەردوو عیرفانی تیۆری و پراکتیکیدا، ناوەڕۆکەکانیشی بریتین لە (تەوبە، زوهد، عەشق، یەکێتی بوون).

مەحوی خاوەنی چەندین چەمکی عاشقانەیە، کە تایبەتە بە خودی خۆی و زۆرترین چەمکە خودییەکانیشی بە شێوازی پارادۆکسی عیرفانی بەیانکردووە، ئامانجی توێژینەوەکەش گەیشتنە بە دەرئەنجامێکی ڕاست و دروست لەبارەی سەلماندنی بیری عیرفانی و خستنەڕووی پایەبڵندی قوتابخانەی عیرفانیی مەحوی و تیشکخستنە سەر لایەنە مەعریفی و جیهانبینییەکانی مەحوی لە ڕوانگەی عیرفانییەوە، پاشانیش دەرخستنی ئەو توانا بەرزەی ئاستی زمانیی دەقی شیعریی مەحوی لە ڕوانگەی ئەو وێنە هونەرییانەی کە لە دەقە شیعرییەکاندا بە شێوەیەکی ئیستێتیکی بەرهەمی هێناون.

## ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ | پێشەکی |
| ٣ | **بەشی یەکەم: توێژینەوەکانی پێشوو** |
| ٥ | ١_١_ توێژینەوەکانی پێشوو |
| ٥ | ١_٢_ شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، بەراورد و لێکۆڵینەوە |
| ٩ | ١_٣_ بوون و ڕەنگدانەوەی بوون لە شیعری مەحویدا |
| ١٢ | ١_٤_ ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دونیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بە تایبەتی لای مەحوی و حافزی شیرازی |
| ١٦ | ١_٥_ مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتنییەت و سەرچاوەکانی عیشقو وێنەی مەعشوقدا |
| ٢٠ | ١_٦_ هێرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی |
| ٢٤ | ١_٧_ جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەددینی بریفکانیدا |
| ٢٩ | ١_٨_ عیرفان و ژیان ڕوانگەیەکی تەئویلی بۆ شیعری مەحوی |
| ٣٣ | **بەشی دووەم : بنەمای تیۆری** |
| ٣٤ | ٢_١_ زاراوە و چەمکی عیرفان |
| ٣٦ | ٢_١_١_ جۆرەکانی عیرفان |
| ٣٦ | ٢_١_٢_ تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی عیرفان |
| ٣٨ | ٢_١_٣_مەقامەکانی عیرفان |
| ٣٨ | ٢_١_٤_ حاڵەکان |
| ٣٩ | ٢_١_٥_ ئامانجی عیرفان |
| ٤٠ | ٢_١_٦_ پەیوەندی نێوان ئایین و عیرفان |
| ٤٢ | ٢_١_٧_ پەیوەندی نێوان فەلسەفە وعیرفان |
| ٤٣ | ٢_٢_ تەسەوف و تێڕوانین |
| ٤٥ | ٢_٢_١_ سەرچاوەکانی سۆفیگەریی |
| ٤٦ | ٢_٢_٢_ قۆناغەکانی سۆفیگەریی |
| ٤٧ | ٢_٢_٣_ جیاوازییە سەرەکییەکانی عیرفان و سۆفیگەریی |

| | |
|---|---|
| ٢_٣_  چەمکە عیرفانییە باوەکان | ٤٩ |
| ٢_٤_ ڕەنگدانەوەی ئایین و عیرفان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا | ٥٤ |
| ٢_٤_١_ شیعری ئایینی | ٥٤ |
| ٢_٤_٢_ شیعری لیریکی ئیسلامیی | ٥٥ |
| ٢_٤_٣_ شیعری عیرفانی | ٥٦ |
| **بەشی سێیەم:  شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن** | ٦٤ |
| ٣- چەمکە عیرفانییەکان | ٦٥ |
| ٣_١_ چەمکە باوەکان | ٦٦ |
| ٣_٢_ چەمکی دوالیزم | ٧٤ |
| ٣_٣_ پەیوەندی نێوان دوالیزم و عیرفان | ٧٥ |
| ٣_٤_ دوالیزم و ڕەوانبێژی | ٧٧ |
| ٣_٥_ چەمکە دوالیزمە عیرفانییەکانی مەحوی | ٨١ |
| ٣_٦_ هێما عیرفانییەکان | ٨٨ |
| ٣_٧_ چەمکە خودییەکان | ٩٦ |
| **ئەنجام** | ١١٢ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ١١٣ |
| Abstract | A±B |

# پێشەکی

عیرفان لە زۆربەی ڕەوت و بیرکردنەوە ئایینی و فەلسەفەییەکاندا هەیە و سەرچاوە و بنچینەکەی لە نیازی دەروونی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەیەوێت پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرچاوەی بوونی و پەرستراوەکەی خۆیدا دروست بکات، عیرفان لە نێو شیعری بەشێک لە شاعیرانی کلاسیکدا ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە و توانیویانە لەو ڕوانگەیەوە وێنەی بەرزی هونەریی بهێننە ئاراوە و چێژ و واتای نوێ ببەخشن.

ئەدەبییاتی عیرفانی، کە سەرچاوە و دەستپێکی ئەدەبی کلاسیکی کوردییە، شاعیران و گەورە عاریفانی ئەم نەتەوەیە ڕێبەرایەتییان کردووە، بووە بە بەشێکی گەورە لەو سامانە ئەدەبی و هزرییەی گەلەکەمان. مەحویش یەکێکە لە سیمبوولەکانی بواری عیرفان و سۆفیگەری و شیعرەکانی دەرخەری ئەو ڕاستیەن.

ئەو جیهانبینییەی مەحوی لە ئەدەبییاتی عیرفانیدا هەیەتی، ڕیشەیەکی دێرینی هەیە و پەیوەندی بەو پاشخانە ڕۆشنبیری و ئایینییەوە هەیە کە خۆی سەرمەشقێتی، جگە لەوەش بە ڕامان لە شیعرەکانی ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەبێت، مەحوی ئاگاداری بەشێکی زۆری ئەو بیرکردنەوە و ڕەوتە فیکری و فەلسەفییانە بووە، کە لە ڕابردوو و دواتریش لە سەردەمی خۆیدا ڕوویانداوە، چونکە باسکردنی فەیلەسوفان و ڕێبەری ڕەوتە عیرفانی و شاعیرە گەورەکانی پێش خۆی لە نەتەوە جیاوازەکانی دیکە و ناوهێنانیان، دەمانگەیەنێت بەو ڕاستییەی، کە مەحوی زۆر شارەزا و ئاگادار بووە لەو بابەتانە و هەرئەمەش وایکردووە بابەتە عیرفانییەکان ڕەنگدانەوەی لە نێو شیعرەکانیدا هەبێت، بۆیە شیعرەکانی مەحوی هەڵگری بەشێکی بەرچاوی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی عیرفانییە و ڕێچکەیەکی تایبەتی لەم بوارەدا دروستکردووە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

**"چەمکە عیرفانییەکان لە شیعری مەحوی دا"**، ناونیشانی توێژینەوەکەیە، کە هەوڵدەدات چەمکی عیرفان بە شێوەیەکی گشتی و ئەو چەمکە خودییانەی کە تایبەتن بە مەحوی لە شیعرە کوردییەکانیدا بخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

چەمکە عیرفانییەکان، ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی لەنێو ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا هەیە، هەوڵدان بۆ کارکردن لەم نێوەندە دا و هەڵبژاردنی ئەو چەمکانە لە شیعرەکانی مەحویدا، لە پێناو پەی بردنە بە ئەو ئەزموونە قووڵە عیرفانییەیانە، کە لە پشت شیعرەکانی مەحوی خۆیان حەشارداوە.

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری توێژینەوەکە پوختەی حەوت توێژینەوەی زانستی و شیعرە کوردییەکانی مەحوین.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

میتۆدی بەکارهاتوو بۆ ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی (وەسفیی شیکاریی)، بەسوود وەرگرتن لە کۆمەڵێک چەمک و بۆچوونی بواری عیرفان و سۆفیگەری.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:**

ئەو گیروگرفتانەی لەم توێژینەودا دەمانەوێت چارەسەری بکەین بریتییە لە ڕووماڵکردن و گەڕانە بەدوای بەشێکی زۆری ئەو چەمکە خودییانەی، کە لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا لە بواری عیرفان و سۆفیگەری، کە خۆی خاوەنێتی و دایهێناوە، یان وەریگرتووە و کورداندوێتی.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکە گەیشتنە بە دەرئەنجامێکی ڕاست لە بارەی سەلماندنی بیری عیرفانی مەحوی و ئاشکراکردنی ئەو چەمکە عیرفانییانەی بۆ یەکەمجار خودی مەحوی بەکاریهێناوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی هەیە، لە بواری ئەدەبیاتی عیرفانی و شیکردنەوەی چەمکە عیرفانییەکان، لە شیعرەکانی مەحویدا، بۆ خوێنەرانی ئەو بوارە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە بەسەر سێ بەشدا دابەشکراوە:

**بەشی یەکەم**: پێکهاتووە لە پێداچوونەوە و پوختکردنەوەی حەوت توێژینەوەی زانستیی لە سەر مەحوی و عیرفان و سۆفیگەری.

**بەشی دووەم**: تایبەتکراوە بۆ "چەمکە عیرفانی و سۆفیگەرییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا"، کە بنەما تیۆرییەکانی توێژینەوەکەن و لەم ناونیشانە سەرەکییانە پێکهاتووە:

"چەمکی عیرفان"، کە بە وردی تیشکی خستۆتەسەر ئەو چەمکە و جۆرەکانی و تایبەتمەندییەکان و مەقام و حاڵەکانی خراوەتەڕوو.

"چەمکی تەسەوف"، جگە لە شیکردنەوەی چەمکەکە، باسی سەرچاوە و قۆناغ و جیاوازییەکانی لەگەڵ عیرفان دەستنیشان کراوە، دواتریش ڕاڤەی چەند چەمکێکی باوی عیرفانی کراوە، هەروەها "ڕەنگدانەوەی ئایین و عیرفان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا"، ناونیشانێکی ترە و نموونە لە شیعری شاعیرانی کلاسیک لەو بوارەدا خراوەتەڕوو.

**بەشی سێیەم:** دوابەشی توێژینەوەکەیە بەناونیشانی" چەمکە عیرفانییەکان لە شیعری مەحوی دا"  لەم بەشەدا حەوت ناونیشان خراوەتەڕوو:

"چەمکە باوەکان"، بە نموونەی شیعری بەشێک لەو چەمکە باوانە خراونەتەڕوو، کە مەحوی هاوشێوەی شاعیرانی تری بواری عیرفان و تەسەوف بەکاری هێناون.

"چەمکی دوالیزم، دواتریش لە چوارچێوەی هونەری ڕەوانبێژیدا چەندین چەمکی دوالیزمی بە نموونەی شیعری لە شیعرەکانی مەحوی پیشاندراون، هەروەها، بەشێک لەو هێما عیرفانییانە بە نموونەی شیعریی تیشکیان خراوەتەسەر، کە مەحوی بەکاریهێناون.

لەدوا ناونیشاندا "چەمکە خودییەکان"، کە سەدان چەمکی عیرفانی لە چوارچێوەی خشتەیەکدا خراونەتەڕوو، کە بەشێکی زۆریان چەمکی خودین و مەحوی خۆی داهێنەریێتی، بەشێکیشیان ئەو چەمکانەن کە مەحوی وەریگرتوون و کوردانویێتی هاوکات هەندێکی تریشی وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، هەر لەو چوارچێوەیەدا ڕاڤەی بەشێک لەو چەمکانەش لە نێو بەیتە شیعرییەکانی مەحویدا کراوە، لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانە نووسراون، کە توێژینەوەکە پێیان گەیشتووە، پاشان لیستی سەرچاوەکان بە پێی سیستەمی هارڤارد ڕیزکراون و لە کۆتاییشدا پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە.

# بەشی یەکەم

# توێژینەوەکانی پێشوو

# بەشی یەکەم
## توێژینەوەکانی پێشوو

**١_١ توێژینەوەکانی پێشوو:** ئەم بەشە باسی ئەو توێژینەوانەیە، کە تایبەتن بە بابەتەکانی عیرفان، بەتایبەت عیرفان و سۆفیگەری لە شیعرەکانی(مەحوی)دا، بۆ بەدەستهێنانی ئەم زانیارییانەش بەشێکی زۆری کتێبخانەکان و ناوەندە ئەکادیمی و ماڵپەڕەی ئەلیکترۆنییەکان گەڕاین و ئەوەی پەیوەستبووە بەم بابەتەوە لەم توێژینەوەدا خراونەتەڕوو، ئەوانیش بریتین لە:

١. شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، بەراورد و لێکۆڵینەوە.
٢. بوون و ڕەنگدانەوەی بوون لە شیعری مەحوی دا.
٣. رەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی فارسیدا، بە تایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی.
٤. مەحوی لەنێوان زاهیرییەت و باتنییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشووقدا.
٥. هێرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی.
٦. جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەددینی بریفکانی دا.
٧. عیرفان و ژیان ڕوانگەیەکی تەئویلی بۆ شیعری مەحوی.

**١_ ٢ شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، بەراورد و لێکۆڵینەوە،** ناونیشانی تێزی دکتۆرای (ئیبراهیم ئەحمەد شوان)ە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا، پێشکەشی زانکۆی سەلاحەددین کراوە لەساڵی (١٩٩٦)، لە پێشەکییەک و چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە، توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، دوای ئەوەی لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا سۆفیگەری لەناو موسڵماناندا چەکەرەی کرد و وەکو ڕێبازێک دەرکەوت و لە نێو ئەدەب و لای شاعیران بوو بە بەشێک لە شیعرەکانیان، بۆ یەکەمجاریش لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا و لەنێو دوو بەیتەکانی باباتاهیری هەمەدانی، ئەدەبی سۆفیگەری ڕەنگی دایەوە و بناغەکەی دانرا، لە سەدەی حەڤدەی زایینی لەسەر دەستی مەلای جزیری شیعری سۆفیگەری گەیشتە لوتکە و دوای ئەویش ئەحمەدی خانی بوو بە جێنشینی، تا لە شێوەزاری هەورامیدا نۆرە گەیشتە سەر مەولەوی، پاشانیش لە شێوەی کرمانجی ناوەڕاستدا مەحوی شاسواری لێهاتووی سۆفیگەری بووە و لەدوای خۆی کەس تۆزی بەرپێی نەشکاندووە.

له بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا بەناونیشانی، **"کورتەیەک لە مێژووی سۆفیگەری بە گشتی و لە کوردستانی عێراق بەتایبەتی"**، توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات سۆفیگەری بابەتێکی دێرینی چڕ و بەیەکاچووە، سەرەتاکانی بۆ پەیدابوونی ژیان دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی لەناو ئەو گەلانەی کە خاوەنی ژیاریی کۆنن، سۆفیگەری لە گەوهەری خۆیدا لەسەر دوو بنەما دامەزراوە، ئەو تاقیکردنەوە دەروونییە ڕاستەوخۆیەی، کە یەکسەر پەیوەندی لە نێوان ڕێبوار و خودا پەیدا دەکات، هەروەها ئەو زانستەی، کە ڕێبواری سۆفیگەری دەگەیەنێتە خودا، کە پێی دەڵێن زانستی دەروون"علم الباطن"، ئەویش بریتییە لە بڕینی کۆسپەکانی نەفس و خۆ دوورخستنەوە لە ئاکارە بەدەکان، تا دەگاتە ئەو پایەی کە دڵی جگە لە خودا لە هەموو شتێک چۆڵ دەکات.

پێش هاتنی ئایینی ئیسلام، بیر و باوەڕی سۆفیگەری بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی خزاندۆتە نێو ئایینە ئاسمانیی و زەمینییەکانی وەک (جولەکە، مەسیحی، زەردەشتی، هندۆسی، چینی، بووزی)، بەڵام بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامدراون، ئەگەر ئیسلام نەبووایە ئەو ناوبانگەی، کە سۆفیگەری و ئەدەبەکەی لە جیهاندا هەیەتی لەوانەیە بکەوتایەتە جیهانی لە بیرچوونەوەوە، چونکە ئەو ڕێکوپێکی و ڕێکخستنەی بەدی دەکرێ لە سۆفیگەری ئیسلامییدا، لە لایەنی تیۆری و کردارییەوە لە ڕێبازە نائیسلامییەکاندا بەم شێوەیە نییە، یەکەم کەس وشەی سۆفی لە نووسینەکانیدا بەکارهێناوە (جاحظ)ە، یەکەم سەرچاوەی ئیسلامییش لەسەر سۆفیگەری نووسرابێت کتێبی "اللمع"ی"أبو نصر السراج الطوسي"ە. نووسەرە ئیسلامییەکان سۆفیگەری ئیسلامیی دابەشدەکەن بۆ دوو قۆناغ:

**قۆناغی یەکەم**: بە قۆناغی زوهد ناودەبرێت، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی کۆچی، تا سەرەتای سەدەی سێیەم دەستپێدەکات.

**قۆناغی دووەم**: قۆناغی سۆفیگەری تەواو، کە لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچییەوە دەست پێدەکات، ئەم قۆناغەش ڕووی لە دوو ئاڕاستە کرد"سۆفیگەری سوننی، سۆفیگەری فەلسەفی"، هەروەها لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییدا بە زۆری تەریقەتەکان بۆ چوار کەسایەتی دەگەڕێتەوە، ئەوانیش "شێخ عبدالقادر الگیلاني، سید احمد الرفاعي، سید احمد البدوي، سید ابراهیم الدسوقي"، لە کوردستانیشدا تەریقەتی سۆفیگەری دوو بەشە، تەریقەتەکانی کوردی شیعە، کە بریتین لە" نیعمەت ئیلاهی وخاکسارییە"، تەریقەتەکانی کوردی سوونیش بریتین لە"قادری و نەقشبەندی".

**"بەراوردی نێوان مەحوی و ئەو شاعیرانەی کاریگەرییان لەسەری هەبووە"**، ناونیشانی بەشی دووەمی توێژینەوەکەیە، توێژەر لەم بەشەدا جگە لەوەی باسی کەسایەتی مەحوی دەکات، ئاماژەشی بۆ ئەو قوتابخانە و شاعیرانەش کردووە، کە کاریگەرییان لەسەر مەحوی

هەبووە، مەحوی مەلایەکی لێهاتووی سەردەمی خۆی بووە و لە کاروانی ڕۆشنبیری ئیسلامیی ئاوی نۆشکردووە و خۆی پێگەیاندووە، ئەو زمانەشی لێوەی فێری زانست بووە، زمانی عەرەبی بووە، لەبەر ئەوە بووەتە بەشێکی گرنگ لە ڕۆشنبیری ئەو، لە هەمان کاتیشدا شارەزاییەکی باشی لە زمانی فارسیشدا هەبووە، جگە لەوەش شارەزای ئەدەبیاتی هەردوو نەتەوەکەش بووە، هەروەک دەبینین شیعری بە عەرەبی و فارسی هەن و شیعرەکانی مەحوی پڕن لە وشە و زاراوەی عەرەبی و فارسی، هەروەها مەحوی لە شیعرەکانیدا کاریگەری گەورە عاریفان و شاعیرانی فارس و عەرەبی پێوە دیارە، وەک: "شێخی سەعدی و حافزی شیرازی و جەلالەدینی ڕۆمی و شێخ مەحموودی شەبستەر و مەنسووری حەللاج و ئیبن عەرەبی". هاوکات لەبەر ئەوەی مەحوی خۆی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی بووە و موریدی ئەو تەریقەتە بووە، لە هەمان کاتیشدا کاریگەری گەورەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەسەری هەبووە و لە شیعرەکانیدا لە چەندین شوێندا بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ کردووە.

توێژەر لە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی، "**شیعری ئایینی لە شیعرەکانی مەحوی دا**"، بە نموونەی شیعریی ئاماژەی بە شیعرە ئایینییەکانی مەحوی کردووە، شیعری ئایینی ئەو جۆرەیە، کە بە چەند سیفەتێک دەناسرێتەوە، لەوانە: (زۆر بەکارهێنانی ناو و سیفەتەکانی خودا و ناوهێنانی پێغەمبەران و ستایشکردن و ناوی سورەتەکانی قورئان و نزا و پاڕانەوە، هەروەها ئەو دەستەواژانەی تایبەتن بە فەرهەنگی ئیسلامیی، مەحویش یەکێکە لەو شاعیرانەی دەستی بۆ شیعری ئایینی بردووە و لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆی تاوداوە، شیعرە ئایینیەکانی مەحوی بەسەر ئەم بابەتانەدا دابەشبوون:

١. شیعرە بڕواییەکان: ئەو شیعرانەیە، کە لە بارەی "خودا و ناو و سیفەتەکانی" گوتراون.

٢. نەعت و ستایش: ئەو شیعرانەیە، کە لە بارەی پێغەمبەرەوە(د.خ) گوتراون، یان بە شێوەیەکی گشتی باس لەژیانی دەکات، یاخود هەڵبژاردنی چەند وێستگەیەکی ژیانی وەک: لەدایکبوونی، شەوڕەوی، موعجیزەکانی...تاد.

٣. پاڕانەوە لە خودا: شاعیران لە ڕابردوودا، کە شیعری ئایینییان نووسیوە، لە کۆتایی قەسیدەکانیاندا لە خودا پاڕاونەتەوە، مەحویش ئەمەی دووبارە کردۆتەوە.

٤. بیروباوەڕە گشتییەکان: ئەوانەن، کە پەیوەندیی بە ژیان و بەبیر و باوەڕی موسڵمانانەوە هەیە.

٥. شیعر بۆ خەلیفەکانی ڕاشیدین و هاوەڵان و پیاوچاکان.

٦. شیعر لەبارەی سەرەمەرگ و مردن وگۆڕ و دیمەنەکانی دوای مردن.

**"سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەحویدا"**، ناونیشانی بەشی کۆتایی توێژینەوەکەیە، لەم بەشەدا توێژەر ئەوەی خستۆتەڕوو، کە مەحوی سۆفییەکی مەزن بووە و عیشق و خۆشەویستی، کە بناغە و کرۆکی سۆفییەتییە، لای مەحوی ئامادەییەکی بەرچاوی هەبووە، گرنگترین سیما دیارەکانی شیعرەکانی مەحویش ئەمانەن:

١. توانەوەی عاشق لە مەعشوقدا و بوونیان بە یەک.
٢. ئاماژەکردن بۆ هەندێ کەڵە پیاوی سۆفیگەری.
٣. ئاماژەکردن بۆ ئایەت و حەدیس.
٤. ناوهێنانی حاڵ و مەقامی سۆفییەکان.
٥. بوونی زاراوەکانی سۆفیگەری لە شیعرەکاندا

مەحوی لە شیعرەکانیدا چەندین زاراوەی سۆفیگەری بەکارهێناوە، لەوانە "ئاوی حەیات، ئوستاد، أنا الحق، ئەولیا، ئەهلی دڵ، بەقا و فەنا، شەمع و پەروانە، جەمال و جەلال، جیلوە، حاڵ، ، حیرەت، خەڵوەتگا، داغ بەدەڵ، خەوف و ڕەجا، زاهید، سکونەت، سلوک، شەوق، طەریقەت، عاریف، قامەت، کەماڵ، لیقا، مەحوو، مەنصوور، وەحدەت، کەسرەت، تەوبە، ئیستیغفار، قیامەت...تاد"

لێرەدا پوختەیەک لەسەر ئەم توێژینەوەیە دەخەینەڕوو:

١. زمانی شیعری سۆفیگەری لە زمانی ئاسایی خەڵک جیایە، شیعرەکان پڕن لە هێماو ڕمز، کە ئەمەش یەکێکە لە سیما دیارەکانی ئەدەبییاتی سۆفییزم، بۆیە کاتێک کەسێ بیەوێت شارەزا بێت لە شیعری تەسەوف و لێکدانەوە بۆ ئەو شیعرانە بکات، دەبێت پەنا بباتە بەر فەرهەنگی زاراوە و ڕەمزە سۆفیگەرییەکان.

٢. مەحوی ئاگادارییەکی باشی لەسەر ئەدەبییاتی عەرەبی و ئەدەبییاتی فارسی هەبووە، کاریگەری ئەو ئەدەبییاتەشی لەسەر بووە و لە شیعرەکانیشیدا زۆر بە ڕوونی ئاماژەی بە هەندێک لەو سەرچاوە گرنگانە کردووە و لە پاڵ ناوهێنانی چەندین زانا و کەسایەتی بواری تەسەوف و عیرفان.

٣. مەحوی یەکێکە لە گەورە شاعیرانی بواری سۆفییزم و شاعیرێکی باڵادەستە لە بەرجەستەکردنی یاسا و ڕێساکانی شیعریەتی سۆفیزمی، شۆڕەسواری مەیدانی شیعری کلاسیکی کوردییە لە ئەدەبییاتی کرمانجی ناوەڕاستدا، هاوکات خۆیشی داهێنەری چەندین چەمکە لەو بوارەدا، کە وەستایانە و شارەزایانە ئەو زاراوانەی لە شوێنی خۆیاندا بەکارهێناوە.

**١_٣ بوون لە شیعری مەحوی دا**، ناونیشانی تێزی دکتۆرای (د. محەمەد ئەمین عەبدوڵلا)یە، پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی کۆیە کراوە، لە ساڵی (٢٠٠٨ )، لە پێشەکییەک و سێ بەش پێکهاتووە.

توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی ڕاست و دروست بۆ شیعرەکانی مەحوی بکرێ و گشت ڕەهەند و لایەنە شاراوەکانی نێو شیعرەکانی و ئەو مەبەستە نەگوتراو و پەنهانانە ئاشکرا بکرێت، پێویستە کۆمەڵێک بنەمای فەلسەفی بخرێتەڕوو، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانرێت شیعرەکانی مەحوی ڕاڤەبکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە بۆچوونە فەلسەفییەکانی کۆمەڵێک فەیلسوف وەرگیراوە بە تایبەتی فەیلەسوفە بوونگەراییەکان، توێژەر بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتی بە ڕێبازی شیکاری بەستووە بە سوود وەرگرتن لە کۆمەڵێک چەمک و بۆچوونی فەلسەفەی بوونگەرایی بە تایبەتی بۆچوونەکانی (مارتن هایدگەر).

**"بوون و ڕەنگدانەوەی بوون لە شیعری مەحوی دا"**، ناونیشانی بەشی یەکەمی توێژینەوەکەیە، توێژەر باسی بوون لای هایدگەر دەکات، کە مرۆڤ جیاوازە لە هەبووەکانی دیکە و دەتوانێ لە بارەی بوونی خۆی و بوون بە گشتی بپرسێت، چونکە مرۆڤ گرنگی بە بوونی خۆی دەدات، بۆ شیکردنەوەی چەمکی بوون ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە بوونگەرایی و بوون سنووردارە و بە جۆرێک تەنها بەسەر ئەو شێوازەی بووندا دەچەسپێت، کە لە بوونی مرۆڤدا دەیناسین، چونکە بوونی ڕاستەقینە ئەو بوونەیە کە تایبەتە بە مرۆڤ، بەو پێیەی مرۆڤ مەوجودێکی بیرکەرەوەیە، ئەمەش سیمایەکی دیار و جیاکەرەوەی مرۆڤە لە مەوجودەکانی تر، وەک: ئازادیی و هەڵبژاردن و بڕیاردان و بەرپرسیارێتی...تاد.

توێژەر بەپێی فەلسەفەی هایدگەر بوون بۆ دوو جۆر دابەشدەکات:
**یەکەم: بوونی ساختە:** ئەو بوونەیە کۆمەڵێک کارتێکەری دەرەکی پێکیدەهێنن، وەک: ئایین و کۆمەڵگە و کلتوور و نەریت، ئەمانە بڕیار لە بارەی بوونیەوە دەدەن.
**دووەم: بوونی ڕەسەن:** ئەو بوونەیە کە خود هەست بە تاکێتی خۆی دەکات و ئازادانە بڕیار دەدات و لە کەسی دیدا ناتوێتەوە.

توێژەر بۆ سەلماندنی ململانێی نێوان بوونی ڕەسەن و بوونی ساختە نموونەی شیعرێکی مەحوی دێنێتەوە، کە ململانێی ڕەسەنێتی نووسینی شیعرە بە کوردی لە جیاتی زمانی بێگانە، ئەمە دەبێتە پرسی ڕەسەنێتی لای مەحوی. شاعیر لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت:

**"کوردی زوبانی ئەسڵمە گەر تەرکی کەم بە کول**
**بۆ فارسی بە کوللی ئەمن دەبم بێ وەفا"**(مەحوی، ١٣٩١هـ : ١١).

مەحوی دەیەوێت ئەوە بڵێت، کە ژیانی ڕاستەقینە و نەمریی لە بوونی ڕەسەنی مرۆڤدایە و پێویست ناکات لەدەرەوە بە دوایاندا بگەڕێت، تەنها ئەوەندەی دەوێت ئەو بوونە ساختەیە بمرێنێت بۆ ئەوەی بوونە ڕەسەنەکە دەرکەوێت. مەحوی دەڵێت:

**"بۆ وەفا کردن بە وەعدەی هاتنی بمرە: وتی**
**کەس نییە ئیخطاری کا وا هاتووە وادەی وەفات"**(مەحوی، ١٣٩١هـ : ٥٧).

مەحوی کاتێک داوای مردن دەکات، داواکەی بۆ ئەو لایەنە ساختەیە، کە ئامادەگی هەیە، نەک ئەو مەحوییەی کە خاوەنی بوونیکی ڕەسەنە، بۆیە مردن بە باشتر دەزانێت لەم جۆرە ژیان و مانەوە لە دونیا بە بوونێکی ساختەوە. مەحوی دەڵێت:

**"بە جێ ماوم لە یاران، نابەجێ ماوم، ئەجەل زووبە**
**بە مردن لەم قصووری ژینە ئیستیعفا نەکەم چیبکەم"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٣٣).

مەحوی هەست دەکات، تا لەناو خەڵکدا بێت بە دونیا و شتی دونیاییەوە خەریک بێت لە بوونی ڕەسەنی خۆی دابڕاو دەبێت و بوونە ڕاستەقینەکەی دەرناکەوێت. مەحوی دەڵێت:

**"بەجێ نایێ دەبێ ڕوو کەینە سارا**
**حەقی ئادابی مەجنوونی لە شارا"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٧).

بەشی دووەمی توێژینەوەکە بەناونیشانی، **"عیشقی بوون و ڕەنگدانەوەی لە شیعری مەحوی دا"**، توێژەر بۆچوونی فەیلەسوفی یۆنانی ئەفلاتۆنی خستۆتەڕوو لەسەر عیشق، ئەفلاتۆن پێی وایە عیشق خێر و بەرەکەتی زۆر بە مرۆڤ دەبەخشێت و عیشق سەرچاوەی هەموو بەختەوەری و چاکەیەکە، هەروەها کەسی عاشق سەربەستە لەوەی چۆن ڕەفتار دەکات بۆ گەیشتن بە مەعشوقەکەی، بۆ ئەم مەبەستە نابێت نەک سەرزەنشت بکرێ، بەڵکو شایانی ستایش و پیاهەڵدانیشە، بەڵام عیشق لای مەحوی حاڵەتی گەڕانە بەدوای بوونی ڕەسەن و هەوڵدانە بۆ دۆزینەوە و بەدیهێنانی ئەو بوونە ڕەسەنە و وازهێنانە لە بوونی ساختە، مەحوی تا عاشقی ئەو بوونە ڕەسەنەی خۆی نەبێت و لە بەرامبەریدا نەکەوێتە حاڵەتی عیشقەوە ناتوانێت پێی بگات، تا لە زوڵمەتی وجود نەیەتە دەرەوە ناکەوێتە ناو نووری عیشقەوە. مەحوی دەڵێت:

**"تا ظوڵمەتی وجودە، تەریکی لە عیشق**
**سێبەر نەما هەتاوە، کە مەحوی نەما خودا"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٥).

مەحوی پێی وایە زنجیری پیرۆزی عیشق زنجیرێک نییە تا بە ئاسانی بکرێتە پێی هەموو کەسێک، ئەو کەسەی بەقەد شێرێک ئازایە کە دەتوانێت پابەندی عیشق بێت، هەر کەسێکێش درکی بە ڕەسەنی خۆی کرد و کەوتە عیشقی ئەو بوونە ڕەسەنەی خۆیەوە ئامادەیە ببێتە ئەسیری ئەم عیشقە. مەحوی دەڵێت:

**"لە پێ حەرامە زرڕەی سیلسیلەی موقەددەسی عیشق**

**ببی بە شێر و مەگەر هەڵگری لە دونیا دەست"** (مەحوی، ۱۳۹۱هـ : ۷۰).

توێژەر پێی وایە مەحوی لە جیهانی عیشقدایە، کە جیهانێکی سەربەخۆ و جیاوازە لە دونیای دەرەوە، بۆ نموونە ئاگری دەرەوە سوتێنەرە و مرۆڤ لەناو دەبات، بەڵام ئاگری عیشق نەک هەر سووتێنەر نییە و عاشق ناسووتێنێ، بەڵکو عاشق و بوونی ڕەسەن دەپارێزێ و تەنانەت لەو کائینە نامۆیانەش پاکی دەکاتەوە کە لە ناویدان، ئەم ئاگرەی عیشقە لەهەر شوێنێک هەبێت بە نیسبەت عاشقەوە بەهەشتە. هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"گەر ئاگری مەحببەتی شک بەم لە دۆزەخا**

**ئەو دۆزەخە بەهەشتمە، جەننەت دەکەم حەرام"** (مەحوی، ۱۳۹۱هـ : ۲۵۵).

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە بەناونیشانی **"عەدەم و ڕەنگدانەوەی عەدەم لە شیعرەکانی مەحوی دا"،** توێژەر لەم بەشەدا باسی عەدەم لە ڕوانگەی هایدگەرەوە دەکات، هەروەها پرسی عەدەم و قەلەقی، کە چۆن قەلەقی عەدەم ئاشکرا دەکات، قەلەقی بنەمای دەرکەوتنی عەدەمە، کەوتنە حاڵی عەدەم لە کاتێکدا دەبێت مەوجوود لە مرۆڤ دەکشێتەوە و بە دەربڕینێکی تر مرۆڤ بۆ ئەوەی بکەوێتە حاڵی عەدەمەوە پێویستە مەوجود لێی کشابێتەوە و کەسەکە هیچ پەیوەندییەکی بە مەوجودەوە نەمابێت. توێژەر نموونەی عەدەم لە هیچێتی و بێزاری لە دونیا لای مەحوی بە نموونەی شیعریی دێنێتەوە، کە چۆن مەحوی دەیەوێت لە بوونی ڕەسەنی خۆی نزیک بێتەوە و بگات بەیار بۆ ئەمەش پێویستە بچێتە ناو دەریای عەدەم، عەدەم وەک دەریایەکە و (یار_بوون) یش وەک گەوهەرێکە لەناو ئەو دەریایەدا، مەحوی ئەم دونیایەی بە عەدەم داناوە، کە دیدێکی سۆفیگەرییانەی ئیسلامییە.

**"بێ چوونە عەدەم پەی بە سۆراغی دەمی نابەی**

**فایز ببە بەم گەوهەرە لەو بەحرە بە ڕۆچوون"** (مەحوی، ۱۳۹۱هـ : ۲٤٤).

عەدەم لای مەحوی بابەتێکی قوڵە، بیابان و لەیلا وەک مەوجودێک لای مەجنون و کێو و شیرینیش وەک مەجودێکی تر لای فەرهاد کە ئامادەیی وجودییان هەیە، بەڵام بەلای مەحوییەوە دەبێت بۆ ئەوەی بچێتە شاری عەدەمەوە، دەبێت واز لە گشت مەوجودێک

بهێنیت، چونکە لە عەدەمدا لە هەستکردن بە بوون لەوانی تر و دونیا و شتی دونیایی دادەبڕێت و تەنها چاوەڕوانی دەرکەوتنی (یار_بوون) دەبێت، (یار_بوون)یش لەم حاڵەتی عەدەمەدا دەردەکەوێت. مەحوی لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت:

**"مەگەر شاری عەدەم جێی وا تیا سەرگەشتەبم قاتە**

**بیابانە بەشی مەجنونە ، خاصی کوهکەن کێوە"** (مەحوی، ۱۳۹۱هـ: ۲۹۱).

لێرەدا پوختەیەک لەسەر ئەم توێژینەوەیە دەخەینەڕوو:

١. مەحوی لە شعرەکانیدا وجودییانە مامەڵە دەکات، بە جوانی ئاماژەی بە دووجۆر لە بوون داوە، کە بوونی ڕاستەقینە و بوونی ساختەیە، یان دووجۆر دونیا، دونیای ڕاستەقینە و دونیای ساختە، یاخود دووجۆر لە مرۆڤ، مرۆڤی ڕاستەقینە و مرۆڤی ساختە.

٢. عیشق لای مەحوی پەیوەست نییە بە سۆزێکی ڕواڵەتییەوە، بەڵکو تەواو پەیوەستە بە جەوهەرەوە، عاشق لای مەحوی کەسێکە گەیشتووەتە قۆناغی فەنابوون، یەکەم هەنگاوی عاشق بوونیش ئەوەیە مرۆڤ بە تەواوی دەستبەرداری دونیا بێت.

٣. عەدەم لە شیعرەکانی مەحویدا، لە ئەنجامی بێزاری و هیچیەتی بوون و وازهێنان لە مەوجود، کە مەحوی بە دونیا و شتی دونیایی ئاماژەی بۆ کردووە، کشانەوە لە هەموو ئەمانە دەکەوێتە حاڵەتی عەدەمەوە و پەی بە بوونی ڕەسەنی خۆی دەبات، هەموو ئەمانەش لای مەحوی لە ژیاندۆستییەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە مەحوی ژیانی بە ڕەسەنایەتی خۆیەوە دەوێت.

**١_٤ ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی فارسیدا بە تایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی)** ناونیشانی نامەیەکی ماستەری(سەبور عەبدولکەریم ـ شکار)ە، پێشکەشی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشدی زانکۆی بەغدا کراوە لەساڵی(۲۰۰۸)، نامەیەکی بەراوردکارییە و پێکهاتووە لە پێشەکییەک و چوار بەش.

توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات حەللاج لە نێو بوونیادی کلتووری و عیرفانی ئیسلامییدا ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەژموون و کاریگەری گەورەی هەبووە لە نێو گەلانی موسڵمان و بەتایبەتی هەردوو میللەتی کورد و فارسدا، ئەویش بە هۆی نزیکایەتی کلتووری هەردوولا لەگەڵ یەکتر، مەحوی وەک یەکێک لە شاعیرە هەرە گەورەکانی کورد و ئەدەبیاتی عیرفانی کوردیی، کاریگەر بووە بە حەللاج، چ وەکو کەسایەتی، چ وەکو دونیا بینی، ئەمەش بە ڕوونیی لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت. حافزی شیرازیش وەک یەکێک لە گەورەترین شاعیری غەزەلیاتی فارس، ئەویش بە هەمان شێوە کاریگەری حەللاجی بە سەرەوە هەیە. بۆیە

بەراوردکردنی شیعرەکانی هەریەک لە مەحوی و حافز جگە لەوەی دەبێتە هۆی ناسینی شیعری عیرفانی بە شێوەیەکی گشتی، لە هەمان کاتیشدا دەلاقەیەکە بۆ ناسینی نموونەی شیعری داهێنانکارانە لای دوو نەتەوەی جیاواز، نامەکە بە پلەی یەکەم لە ناوەڕۆکدا میتۆدی ( استقرائی) لە میتۆدی بەراوردکاریشدا میتۆدی بەراوردی ئەدەبی ئەمریکی پەیڕەو کردووە.

توێژەر لە بەشی یەکەمدا بەناونیشانی **"سۆفیگەری و عیرفان و نەخشی حەللاج"**، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە عیرفان و سۆفیگەری لە نێو هەموو ئایین و ڕێبازە ئایینییەکان و تەنانەت کەم تا زۆر لە قوتابخانە فەلسەفییەکانیشدا بوونی هەیە و لەناو هەر یەکە لە ئایین و ئایینزاکاندا نیشانەیەک بۆ زوهد و پارێزگاری و بایەخنەدان بە مەسەلەی مادی و بە کەم سەیرکردنی دونیا و گرنگیدان بە بابەتە مەعنەوییەکان دەبینرێن، سەرچاوە و بنەچەی عیرفان و سۆفیگەریش دەگەڕێتەوە بۆ پێویستیی و نیازی مرۆڤ بۆ دروستکردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرچاوەی بوونی و پەرستراوەکەی خۆی، قوتابخانە عیرفانییەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە گەیشتن بە پایەبڵندی مەعنەوی تەنها لە سایەی کۆششی بەردەوامەوە دەبێت، عیشق و خۆشەویستی لە بنەڕەتییەکانی عیرفانە لە پێناو گەیشتن بە پەرستراو.

توێژەر هەر لەم بەشەدا ئاماژە بە سەرچاوە سەرەکییەکانی سۆفیگەری ئیسلامیی دەکات، کە قورئانی پیرۆز و ژیانی پێغەمبەر(د.خ) و ژیانی هاوەڵانن، هەروەها قۆناغەکانی سۆفیگەری ئیسلامییش لە ئەزموونی دونیا نەویستی"زوهد" دەستپێدەکات و دواتر ئەم ئەزموونە تێکەڵ بە دونیای سۆفیگەری دەبێت و تا لە سۆفیگەری پەتییەوە سەردەردەهێنێت، پاشان ئەزموونی سۆفیگەری فەلسەفی پەیدا دەبێت، کە بەرهەمی ئەزموونی کەسی چەندین کەسایەتی دیاری سۆفیگەرییە.

توێژەر شیعری سۆفیگەری و عیرفان بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکات، کە یەکێکیان شیعری کۆشش"مجاهدة"ی سۆفییانەیە، ئەوی تریشیان شیعری دونیابینی سۆفییانەیە، کە ئەو حاڵ و جیلوەیە، کە سۆفی لە ناخیدا بەرامبەر بە خودا دەرکی پێدەکات و دەریدەبڕێت. لێرەوە دەکرێت بڵێین شیعری حەللاج لە جۆری دووەمە و لە لوتکەی جۆری دووەمیشدایە، هەروەها باس لەوە دەکات کە حەللاج عارف بووە نەک شاعیر، بەڵام لە حاڵەتی عیرفانیدا شیعری وتوە، شیعرەکانیشی نەک تەنها لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، بەڵکو لە ڕووی ڕووخساریشەوە دەربڕی دونیابینی عیرفانی ئەون.

**"کەسێتی و دونیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردیدا و لای مەحوی"** ناونیشانی بەشی دووەمی توێژینەوەکەیە و توێژەر لەم بەشەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات گەلی کورد وەک سەرجەم گەلانی ئیسلامیی، کاریگەربووە بە ئایینی ئیسلام بەهەر سێ ئاستە سەرەکییەکەی (شەریعەت، تەریقەت، حەقیقەت).

حەللاج لە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و لە ئەدەبی کوردی هاوچەرخدا، وەک زۆرینەی ئەدەبییاتی میللەتانی تری ئیسلامیی ئامادەیی هەیە، چ وەک کەسێتی، چ وەک دونیابینی، توێژەر باس لە هەندێک لە شاعیرانی کلاسیکی کوردی دەکات، کە کاریگەربوونە بە کەسێتی و دونیابینی حەللاج، بەڵگەش بۆ کاریگەر بوونیان نموونەی شیعرەکانیانە، کە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ و ئاماژەیان بە ناوی حەللاج کردووە، بۆ نموونە: "بابا تاهیری هەمەدانی و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و بێسارانی و مەولەوی و مەولانا خالید و نالی و مەحوی".

توێژەر دێتە سەر باسی گەورە عاریفی کورد مەحوی، کە لە ژینگەیەکی سۆفیگەریدا چاوی هەڵهێناوە و ژیاوە، بە تایبەتی گیرسانەوەی لە شاری سلێمانی کە دوو قوتبی گەورەی وەک "مەولانا خالید و کاک ئەحمەدی شێخ"ی تێدا ژیاوە، هەموو ئەمانە کەشێکی چوون بەرە و سۆفیگەرییان بۆ ڕەخساندووە. مەحوی لە سەرەتادا بیری زاهیدانە و سۆفیگەرییانە بەسەریدا زاڵ بووە تا بیرێکی عاریفانە، بەڵام دواجار مەحوی لە تێڕوانینی بیری زاهیدانەوە بڵند دەبێتەوە بۆ عیرفان و ژیانی جاویدانی، ئەویش بە بڕینی حاڵ و مەقامەکانی سۆفیگەری و خۆ ڕازاندنەوە بە سیفاتە خواییەکان لە دەروونی و بڵندبوونەوە و گەیشتن بە یەکتاپەرستی حەقیقی، کە یەکتاپەرستی عاریفانەیە و جگە لە خوا کەس نابینێ.

**"مەحویا با بەس بێ شیرکی تەشەبووث بەم و بەو**
**بگرە بەس دامەنی تەوحیدی (هوالله احد)"** (مەحوی، ١٣٩١هـ :١١٤)

مەحوی وەک عارفێکی شاعیر و شاعیرێکی عاریف و وەک عاریف ناسێک چەند کڵاوە ڕۆژنەیەکی بەسەردا کراوەتەوە بۆ ئاشنابوون بە دونیابینی حەللاج، ئەمانەش هەندێکن لەو نموونانەی مەحوی ئاماژەی پێداون:

١. حەللاج، هێمای حەقخوازی یاخیبوو:

**"هەتا حەق ناصیرە، هەر حەقمە مەنظور**
**وەکو مەنصور ئەگەر بمکەن بە دارا"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٨ ).

٢. واجب بوونی کوشتنی حەللاج:

**"لە حەق بێژی بووە بەحری (أنا الحق) هەر قەصید**
**لە باتیی جائیزە واجب گەڕا قەتڵم بکەن واجیب"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٥٤).

٣. سالک بوون، بە چوونە سەردارە:

**"موحەقەق هەر کەسێ مەسلەکیە حەق و حەقیە مەنظور**

**سلوکی چوونە سەرداره، طەریقەی پیرە مەنصور"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٢٨).

٤. حەقیقەتی موحەممەدی:

**"(ئەحمەد) کە ئەکمەلی بەشەرە، لەم مەقامەدا**

**روتبەی کەماڵی عیجزی لە (لا أحصی)یە عەیان"** (مەحوی، ١٣٩١هـ: ٤٥٦).

توێژەر لە بەشی سێیەمدا بەناونیشانی **"کەسێتی و دونیا بینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی فارسیدا و لای حافز"**، دێتە سەر ئەدەبی کلاسیکی فارسی و بە تایبەتی ئەو شاعیرانەی کاریگەربوونە بە کەسایەتی و دونیابینی حەللاج، هەریەک لە(سەنائی)، کە بە کۆنترین شاعیری سۆفی دیار و بەناوبانگی ئەدەبیاتی فارسی دادەنرێت و خاوەنی کتێبی بەناوبانگی "حديقة الحقيقة"یە، دوای ئەویش"شێخ فەریدەدینی عەتتار"ە، وەک شاعیرێکی پایە بڵندی عیرفانی دەردەکەوێت و یەکێک لە بەرهەمە گرنگەکانی(منطق الطير)ە، دواتریش (مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی)ە، کە خاوەنی(مەسنەوی و مەعنەوی)یە، کە بە گەورەترین بەرهەمی شیعری سۆفیگەری و عیرفانی دادەنرێت و لەو ڕووەوە لە ئاستی ئەنسکلۆپیدیادایە، پاشانیش"شێخ مەحمودی شەبستەری"، کە خاوەنی "گلشن راز"ە، یەکێکە لە جوانترین بەرهەمە شیعرییە عیرفانییەکان، "سەعدی شیرازی"یش، کە شیعرە عیرفانییەکانی لە ئاستێکی بڵندان و خاوەنی"گلستان"ە، گەورە شاعیری جیهان و شاعیری غەزەلی ئێرانی "حافزی شیرازی"یە، کە زۆرترین کاریگەری لەسەر خەڵکی ئێران هەیە و لە دوای قورئانەوە باس لە سیحری شیعرەکانی حافز دەکەن. هەموو ئەمانە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا، چ بەناوهێنانی خودی حەللاج، یان دونیابینییەکانی کاریگەربوونە و ڕەنگدانەوەی و دونیابینی لە شیعرەکانیاندا دەبینرێت.

**"کەسێتی و دونیابینی حەللاج لە شیعری مەحوی و حافزدا"**، ناونیشانی دوا بەشی ئەم نامەیەیە، لێرەدا توێژەر بەراوردی لایەنی لێکچوون و جیاوازیی شیعرەکانی هەردوو شاعیر، مەحوی و حافز، لە کەسی بەراورد پێکراو دەکات کە حەللاجە، کە هەریەکەیان خاوەن کولتوور و زەمینەیەکی جیاوازن و هەریەکەشیان خاوەنی ئەزموونێکی تایبەت بە خۆیانن، دیاریترین جیاوازییەکانی هەردوو شاعیر لە بارەی حەللاجەوە لەم بوارانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١. زۆری ناوهێنانی حەللاج لای مەحوی و کەمی لای حافز: لای مەحوی (١١) جار و لای حافزیش تەنها (٢) جار.
٢. بەرجەستەیی کەسێتیی حەللاج لای مەحوی و دونیابینی لای حافز: حەللاج لای مەحوی وەک کەسێتی زیاتر ئامادەیی هەیە تا وەک دونیابینی، بەڵام لای حافز بوونەرەرێکی زیندووە و لەگەڵیدا دەژی.
٣. نەشیاوی درکاندنی ڕازی حەللاج لای حافز زیاتر وەک لەلای مەحوی.
٤. بەرجەستەیی دونیابینیی (حەقیقەتی موحەممەدی) لای مەحوی و کزیی لای حافز.

لێرەدا پوختەیەک لەسەر ئەم توێژینەوەیە دەخەینەڕوو:
١. حەللاج چ وەکو کەسایەتی و چ وەکو دونیابینی، هەژموون و نەخشی خۆی لە سەر دونیای عیرفان و ئەدەب و فەلسەفە داناوە، بەمەش سیمایەکی جیهانی وەرگرتووە.
٢. فەرهەنگی عیرفان و سۆفیگەری ئیسلامیی کاریگەری گەورەی بەسەر شیعر و ئەدەبیاتی کوردییەوە دیارە بە تایبەتی ئەدەبی کلاسیک، چونکە هەندێک لە شاعیرانی کلاسیک خۆیان بەشێک بوونە لەو ڕەوتە و لەو ئەزموونەدا ژیاون، بەشەکەی تریش ئەگەر سەر بە یەکێک لە قوتابخانەکانی سۆفیگەریش نەبووبێتن، بەڵام بەهۆی کاریگەربوونیان بە ئایین و ئەدەبی سۆفیگەری وایکردووە بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانیان بڕژێتە ئەو بوارەوە.
٣. مەحوی وەک زانا و عارفێکی گەورە، جگە لەوەی لە ژینگەیەکی سۆفیگەرییانەدا پەروەردە بووە و یەکێک بووە لە موریدەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، بەڵام لە هەمانکاتدا لە بازنەیەکی فراوانتر لەو بازنەیەی خۆی کاریکردووە و ئاشنابووە بە زۆربەی بیروبۆچوون و فەلسەفە و زانست و کلتوورەکانی سەردەمی خۆی، تەنانەت خاوەنی بیری تایبەتی بەخۆی بووە لەو بوارەدا.

**١_٥ مەحوی لەنێوان زاهیرییەت و باتنییەت و سەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشووقدا**

ناونیشانی توێژینەوەیەکی(د. ئەحمەدی مەلا)یە، لەساڵی (٢٠١٣ ) لە لایەن ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشەوە بڵاوکراوەتەوە، کە پێکهاتووە لە پێشەکییەک و سێ بەش.

توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەڵبژاردنی بابەت بێ مەبەست نایەتەدی، بە تایبەت بابەتێکی ئاڵۆز لەمەڕ شیعرەکانی مەحوی، کە زمانێکی نوێی لەناو چوارچێوەی قوتابخانەی نالی داهێنا، نوێکردنەوەیەک، کە پەیوەندی خۆی لەگەڵ جیهانی سۆفیگەری ئاشکرا دەکات، توێژەر باس لە گریمانەی کارەکەی دەکات،کە لە سێکوچکەی پێشنیارکراوەکەی (هینری کۆربان)ەوە هەڵیهێنجاوە، کە مەبەست لە هاوپۆلی نێوان (شەریعەت و حەقیقەت و

تەریقەت)ە. باسیش لەوە دەکات بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە میتۆدی بابەتیی هەڵبژاردووە بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی مەحوی، چونکە ئەدەب بە گوێرەی ئەم میتۆدە ئەزموونێکە کە لە جەوهەردا ڕۆحانییە زیاتر لەوەی زانیاریمان پێشکەش بکات، کەواتە ئەم لێکۆڵینەوەیە بابەتەکانی ئەدەبی سۆفیگەری دەکاتە چەقی لێکدانەوەکانی.

لە بەشی یەکەمدا بەناونیشانی **"سەرچاوەکانی عیشق"** توێژەر دەڵێت: لەم بەشەدا هەوڵی ئەوە دەدەین لەو مۆدیلە ئەدەبییانە بکۆڵینەوە، کە مەحوی لە وێنەگرتنی مەعشوقەکەی سوودیان لێوەردەگرێت و ئاوێتەی خەونەکانی دەکات، مەحوی شاعیری عیشقە، عیشقێک کە هەمیشە لە نێوان سێبەر و ڕووناکیدایە، لە نێوان وەصڵ و فیراقدایە، لە نێوان یەکگرتن و جوودابوونەوەدایە، لەنێوان حزوور و غیابدایە، دەکرێ بوترێت کە مەحوی شاعیری نێوان ژیان و مەرگە، مەحوی سەر بە ئەدەبیاتێکە، کە بەلایەنی کەم دە سەدەیە ڕەگ و ڕیشەی ڕۆچۆتە نێو کلتووری ڕۆژهەڵاتەوە، چونکە لە مۆدێلی ڕۆژهەڵاتدا سۆفییەکان لە مۆدێلی عیشقی دونیایی توخمەکانیان هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆیان بۆ خودا پێ بنووسنەوە، توێژەر بە نموونەی شیعریی سەرچاوەکانی خۆشەویستی دەخاتەڕوو، بریتیین لە:

**١. جەستەی ژن:** جەستە لە شیعری مەحویدا لە واقیع هەڵدێت و زیاتر لە تخوبەکانی خەیاڵدا جێگیر دەبێت، مەبەست ئەوەیە کاتێ مەحوی باس لە جەستەی مەعشوقەکەی دەکات، باس لە توخمێکی واقعی ناکات، بەڵکو هەمیشە باسکردن و وەسفکردنی ئەم جەستەیە بەرەو هەوارەکانی زیهن و خەیاڵ ڕاپێچمان دەکات، هەروەها توخمە زەمینییەکان ئیلهام دەبەخشنە مەحوی و بواری دەدەنێ لە جوانیی ڕابمێنێ، کە هەریەکە لەمانە دەگرێتەوە: چاو، برژانگ و موژگان، لێو و زار، دەستی خەناوی، زوڵف و پەرچەم، گۆنا و خاڵ.

**٢. وێنەی ژن:** لە سەرتاپای ئەدەبییاتی ڕۆژهەڵاتدا وێنەی ژن بەردی بناغەی شیعرە، جا چ شیعری سۆفیگەری، یان شیعری دونیایی بێت، مەحوی دەربارەی ژنێک دەدوێ کە ناتوانین ناسنامەی دیاری بکەین، دەقە شیعرییەکانی گەواهی ئەو وێنەیە دەدەن، کە وێنەیەکی واقعی نییە، بەڵام خاوەن هێزێکی وایە کە کرداری ئافراندن دەگرێتە ئەستۆ. مەحوی وشەگەلێک هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی مەعشوقەکەی پێ وەسف بکات، وەک: یار، شۆخ، دولبەر، ئەو.

**٣. چەند توخمێکی ئاو و هەوای عیشق:** مەحوی لە فەرهەنگی شیعرەکانیدا واتای جیاواز و نوێ دەداتە ئەم وشانە، وەک: بولبول/ پەروانە، ڕۆژ/ شەو، سێبەر/ ڕووناکی، حزوور/ غیاب، یەک/ زۆر، ئاو/ غوبار، ئاسمان/ زەمین، وشکایی/ تەڕایی، سپی/ ڕەش.

٤. **مۆدیلەکانی عیشق:** مەحوی هەوڵی داوە لە چیرۆکەکانی پێشوودا توخمی تایبەت هەڵبژێرێ، سوودیشی لە سێ چیرۆکی عیشق وەرگرتووە و لە ڕوانگەی خۆیەوە تەعبیری لێکردوون لەوانە:

أ. لەیلا و مەجنوون:

**"خۆشی فەرموو چ مەجنوون و چ مەنصور**

**بەشی عاشق درا هەر بەرد و هەر دار"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٠٢).

ب. شیرین و فەرهاد:

**"بە لەیلاوە وەرە بەر قاپیی ئەم لەیلایە ئەی مەجنوون**

**شەهێکە سەد سەری فەرهاد و شیرینی لەبەر پێ کەوت"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٨٥).

پ.- شێخی سەنعان:

**" لەگەڵ دەستی مەلا ڕێ ناکەوێ زونناری زوڵفی یار**

**وەک(شێخ) ئیختیاری مەزهەبی (تەرسا) نەکە، چیبکەم"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٣١)

بەشی دووەم بەناونیشانی **"پەیوەندی نێوان شەریعەت و شیعرەکانی مەحوی"،** لەم بەشەدا توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان شیعرەکانی مەحوی و یاساکانی شەریعەت و ڕۆڵی شەریعەت بخەینەڕوو، پێویستە لەو یاسا و دابونەریتانە وردبینەوە، کە بوونەتە مایەی فەزای شیعر لای مەحوی، کێشەی بنەڕەتی لە شیعری سۆفیگەریشدا مەسەلەی تەفسیرە، بۆ ئەوەی لەم کێشانە بکۆڵینەوە ئەم بەشە دەکەینە سێ تەوەر:

**یەکەم:** لەو ئیستیشهادە قورئانییانە دەکۆڵینەوە، کە مەحوی دەیترنجێنێتە نێو شیعرەکانییەوە.

**دووەم:** لەو فەرموودانەی پێغەمبەر(د.خ) دەکۆڵینەوە، کە مەحوی دەیترنجێنێتە نێو شیعرەکانییەوە.

**سێیەم:** لە سنووری یاسا دەکۆڵینەوە، کە دەبنە بەربەستی شیعرەکانی.

توێژەر باس لەوە دەکات، بەشێک لە ئایەتەکانی قورئان لە نێو دێڕە شیعرەکانی مەحوی هەندێکجار بە ئاماژە و هەندێکجاری تریش وێنەی چیرۆکە قورئانییەکان ئامادەییان هەیە و دەبینرێن. مەحوی دەڵێت:

**"مەحویا با بەس بێ شیرکی تەشەببوث بەم و بەو**

**بگرە بەس دامەنی تەوحیدی(هو الله احد)"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٥٢).

سورەتێک لە قورئانی پیرۆزدا بەناوی (المسد) باس لە چیرۆکی (ئەبولەهەبی) مامی پێغەمبەر (د.خ) دەکات، لەگەڵ خێزانەکەی، مەحوی ئەم چیرۆکەی ترجاندۆتە نێو شیعرەکانی. دەڵێت:

**"زللەی موعەلیم، ئەو گوڵی ڕوومەتیە خستە تەب**
**(تبت يدا أبي لهب)ی بێ ئەدەب (وتب)**
**ئازاری دام و هەرکەسە کردی لە گردی خۆی**
**هێزم کەشی جەهەننمە (حمالة الحطب)"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٧٩).

توێژەر ئاماژە بە ژمارەیەی بەرچاو لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) دەکات لە نێو شیعرەکانی مەحوی و دواتریش ئەم فەرموودانە تێکەڵ دەبنەوە بە ستایشکردن، کە ئەم تێرمە پانتاییەکی فراوانی لە بەشێک لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی داگیرکردووە و لە جیهانی سۆفیگەریەتیشدا شوێنێکی تایبەتی هەیە. مەحوی دەڵێت:

**"ئەی جەمالت نووری دیدەی ئەنبیا**
**شامی طورەت صوبحی ئەنبیا"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٤)

سەبارەت بە یاسا و سنوورەکان لە شیعرەکانی مەحویدا، توێژەر دەڵێت مەفهومی سنووردانان لە هەردوو دیدگای شافعی و ئیبن عەرەبی لە ناوەوەی تێکستەکانەوە خۆی فەرز دەکات، چونکە ئەم دووانە مەرجەعییەتی شیعرەکانی مەحوین، لەلایەک مەحوی سەر بە مەزهەبی شافعییە، لەلایەکی تریش ناتوانێ ئاشنایەتی خۆی لەمەڕ یەکێ لە بۆچوونە میتافیزیکییە هەرە گرنگەکانی ئیبن عەرەبی بشارێتەوە، ئەویش(وەحدەتی وجوود)ە. دەڵێت:

**"غەیری وەحدەت لە وجودا نیە، کەثرەت وەهمە**
**سادە تەکراری یەکە، مەنشەئی ئەوهامی عەدەد"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١١٣).

توێژەر لە بەشی سێیەمدا بەناونیشانی **"پەیوەندی نێوان حەقیقەت و شیعر"** ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەبەر ئەوەی لەبارەی شیعرەکانی مەحوی دەدوێین، دەبێ بۆ مانای قووڵی حەقیقەت بگەڕێین لە نێو تێکستە شیعرییەکانی و ڕەهەندەکانی حەقیقەت بدۆزینەوە، چونکە حەقیقەت ئەزموونێکی سۆفیگەرییە، کە سۆفی دەیەوێ بگاتە حەقیقەتی ناخ، شیعریش چالاکییەکی ئەدەبییە، ئەمەش پاڵمان پێوە دەنێت، کە بە وردی لە بونیادی ناوەکی شیعرەکانی مەحوی بدوێین، مەحوی لە نێو شیعرەکانیدا ئەزموونی ڕۆحی خۆی بۆ ئەوەی بگات بە حەقیقەت، بە بەراوردکردن و خۆ بە ئەوان زانین هەریەک لە (حەللاج و خدری زنە) دەکاتە خەسڵەتی دەقە شیعرییەکانی، چونکە ئەم کەسایەتییانە کار و کاردانەوەی زۆری لەسەر دونیای سۆفیگەری جێهێشتووە و لە هەمان کاتیشدا ئیلهام و هێزێکی شیعریی بەهێزیشیان داوە بە شاعیران، بە لای مەحویشەوە خاک و خۆڵی بەر دەرگای مەعشوق بەهاو نرخی ئەو ئاوەی هەیە، کە خدری زنە خواردییەوە. هەروەک مەحوی لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت:

**"(خضر) ئەگەر چاوی حەیاتی بڕییە ئاوی حەیات**

**من لە خاکی دەری جانانەمە هەر چاوی حەیات"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٦٣)

مەحوی لە ڕێبازە شیعرییە سۆفیگەرییەکەیدا ئیعجابی خۆی بۆ بوێریی حەللاج دەردەبڕێت پەتی قەنارەش دەکاتە ڕەمزی عیشقێکی نەمر. دەڵێت:

**" لە ئولکەی عیشقدا بۆ هەر کەسێ سەردارییە**

**عولوی مەرتەبەی سەردار، بۆتە پەیڕەوی مەنصور"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٢٨)

لێرەدا پوختەیەک لەسەر ئەم توێژینەوەیە دەخەینەڕوو:

١. مەحوی لە پێناو گەیشتن بە مەعشووق و بینینی وێنەی جوانی مەعشووق، لێزانانە کۆمەڵێک وێنە و چیرۆکی خۆشەویستی ترجاندۆتە نێو بەیتە شیعرەکانی و کردوونی بە کەرەستەیەک و وێنە و ئیستاتیکای بەرزی شیعری لێ بەرهەمهێناوە.

٢. سەرچاوەکانی عیشق و خۆشەویستی لە ئەدەبدا فرە چەشنن، لە دونیای سۆفیگەریشدا بۆ تەعبیر لە عیشقی ئاسمانی، هاتوون بە عیشقی زەمینی تەعبیریان لە مەعشووق کردووە و پێیان وابووە ئەمە واقعی ترە، مەحوی لەڕێگای عیشقی مەجازییەوە سیفاتی دونیایی دەداتە پاڵ مەعشوقەکەی.

٣. دونیابینی گەورە عارفی کورد مەحوی هێندە فراوانە پێشوازی لە فیکر و تەئەمولاتی عاریفانی ڕۆشنگەریش کردووە، بۆ نموونە بنەما فیکری و جیهانبینییەکانی هەریەک لە حەللاج و ئیبن عەرەبی پانتاییەکی باشی لە شیعرەکانی مەحوی داگیرکردووە.

٤. مەحوی بە جیهانبینی خۆی و بەرزی ئاستی ئیستاتیکی زمانەکەی و شارەزا و دەوڵەمەند بە کۆد و ڕەمزی هونەریی، پەیامەکانی خۆی گەیاندووە، هەر لە ڕەخنە گرتن لە واقیع و هەڵماڵینی پەردە لەسەر بابەتە ڕووکەشەکان و داماڵینی دەمامکی ساختە لەڕووی سیمای ئەوانەی خەریکی خەڵەتاندنی خەڵکن، پەیامی مەحوی کارکردنە لەسەر ناوەڕۆکی حەقیقەت، لە هەمان کاتیشدا ڕووبەڕوو بوونەوەی حەقیقەتە ڕووکەشەکانە، ئەویش بە گرتنەبەر و بەکارهێنانی ڕێگا و میتۆدی جیاواز.

**١_ ٦ هێرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی** ناونیشانی تێزی دکتۆرای(هێمن عومەر خۆشناو)ە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا، پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە لە ساڵی ٢٠١٤، پێکهاتووە لە پێشەکیەک و دەروازەیەک و سێ بەشی سەرەکی.

توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەگەر دەقی شیعریی بە تێپەڕبوونی کات خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێ، ئەوا دەقی شیعری سۆفییانە ڕێژەی جیاوازییەکەی زۆرترە، بەو پێیەی زیاتر لە بۆتەی ڕەمز و هەندێک نیشانە و هێمای تایبەت بە خۆی هەیە، بە شێوەیەکە ئەوەی شارەزای بازاڕی ئەوان نەبێت ناتوانێت زۆرترین واتای لێ هەڵبکرێنێت، توێژەر لەم توێژینەوەدا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شیعرەکانی(مەحوی) بە پلەی یەکەم پشتی بە تیۆری وەرگرتنی قوتابخانەی ئەڵمانی (سەنگراینەوە) و بە پلەی دووەمیش بنەماکانی کارکردنی (هۆسرەڵ و گادامیر) بەستووە.

توێژەر گوزەرێکی مێژوویی دەکات بۆ زاراوەی (هێرمینۆتیکا)، کە لە سەردەمی یۆنان تا سەردەمەکانی دوایی، بە پێی ڕەهەندە مێژووییەکە ئەویش واتای جیاوازی تایبەت بە خۆی وەرگرتووە، وەک: (گوتە و دەربڕین، ڕوونکردنەوە، وەرگێڕان)، ئەم چەمکە بە دوو ئاڕاستە کاریکردووە، یەکەمیان تەئویلی دەقە ئایینی و ئەدەبییەکانی کردووە، دووەمیش لە ڕەهەندە فەلسەفییەکەوە لە خودی کردەی تێگەیشتنی کۆڵیوەتەوە، بەڵام دواتر ئەم زاراوەیە گۆڕانی بەسەردا هات و بۆ شرۆڤەی دەق بەکارهات، پاشانیش پەرەی سەند و وەک زانستێک لەناو کایە مەعریفییەکەدا خۆی نیشاندا و وەک ڕێبازێک و میتۆدیکی خوێندنەوە هەمە لایەنەتر دەرکەوت.

توێژەر لە بەشی یەکەمدا بەناونیشانی **"دەق لە نێوان چێژ و هێرمینۆتیک دا"**، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چێژ وەک کۆڵەگەیەکی گرنگی مانەوەی ئەدەبیات ئەژمارکراوە، بەو پێیەی ئەدەب بە هۆی چێژی وەرگرەوە هەوڵی بە نەمر بوون دەدات، کە لە ڕێگەی چنینە زمانیەکەیەوە ئەم ڕۆڵەی خۆی بەرجەستە دەکات، مەسەلەی عیشق و مێینەتی دەق یەکێک بووە لە دیاردەکانی جوانی دەقی سۆفییانە، هەر لەو کاتەی بیریان لە سیفاتی(الجمال)ی خوا کردۆتەوە، چونکە (خودا جوانە و جوانیشی خۆشدەوێ)، عیشق و خۆشەویستیش لە ئەنجامی هەستکردن بە جوانی دێتە کایەوە، ئەم جوانییەش لەو دەقانە بەرجەستە بووە کە لە ڕەگەزی مێینەن، بەڵام لە دەقی سۆفیانەدا جوانی مێینە بۆ کات بەسەر بردن و چێژی سێکسی نییە، بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی پلەی عیشق و خۆشەویستییە، کە لەو دیوی ئەم خۆشەویستییەوە ئامانجێکی تر هەیە، کە خولقێنەری جوانییەکەیە، یەکێک لەو ئاڵۆزییانەی لە تێگەیشتنی شیعری مەحویدا هەیە بریتییە لە مەسەلەی عیشق، شیعرەکانی مەحوی لە باسکردنی خۆشەویستی خودایی بە قاڵب و بڕگەی خۆشەویستی دونیایی خاڵی نییە، چونکە زۆربەی کۆد و ڕەمزەکانی پێشووتری بەکارهێناوە، لەبەر ئەوە دەگونجێ خوێندنەوەی دیکەی بۆ بکرێت، کە خودی هێرمینۆتیک هەڵوەدای دۆزینەوەی ئەو ڕاستییەیە.

**"هێرمینۆتیکای فینۆمینۆلۆجیا"**، ناونیشانی بەشی دووەمی توێژینەوەکەیە، توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە فینۆمینۆلۆجیا (دیاردەگەرایی یان دیاردەناسی) وشەیەکی یۆنانیە، لە کۆن و نوێدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چ لە زاراوەکە یان لە ئاڕاستەی کارکردنی، خودی کارکردنی ئەم میتۆدە پەیوەندی بە بوونەوە هەیە، بۆیە زۆربەی زۆری فەیلەسوفەکان لە کارەکانیاندا پشتی پێدەبەستن، هاتنە کایەی فینۆمینۆلۆجیا جێگای بە هێرمینۆتیکا لەق نەکرد، بەڵکو پتەوتری کرد و سنوورەکانی فراوانتر کرد،

لەم بەشەدا ئەزموونی گەڕان بەدوای ئازادی لە نێوان "قەلەق و گومان" لای مەحوی خراوەتەڕوو، مەحوی لە هەڵپەی ئەوەدایە خۆی لەو بوونە ساختە ڕزگاربکات و واتای بوونی ڕەسەن و ڕاستەقینە بدۆزێتەوە، باسکردن لە بیری ئازادبوون و هەڵوەدای ڕۆحانیەت لای مەحوی لە چوارچێوەی فەنابووندایە، بەڵام بەبێ کۆمەڵێ چەمکی دیکەی تر تەنیا لێکۆڵینەیەکی ڕووکەشانەی دەقە و فەرامۆشکردنی گوتاری باتینی دەق و شاعیریشە، ئەو چەمکانەش بریتین لە:"بێدەنگی، گۆشەگیری، برسی بوون، بێداری"، مەحوی دەڵێت:

**"هەر گفتوگۆمە کەچی هەر دەڵێم و تێناگەم**
**هەر جستوجۆمە کەچی هەر دەڕۆم و پێ ناگەم**
**چاوم ڕووا و گۆشەی ئەو ئەبرۆیەم هەر نەدی**
**دڵ بووبە بەحری عولوم و لە ئەلف و بێ ناگەم"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٤٣).

لە جیهانی سۆفیگەریدا چەمکێکی تریش بەرچاودەکەوێت، کە (مردنە)، بە واتای داکەندنی بەرگی مادییەت و کۆت و بەندە شتە دونیاییەکان و ڕێکردنە بەرەو جیهانی مەعنەویەت و فەنابوون، بەلای ئەوانەوە مەشغوڵبوون بە دونیا و بێ ئاگایی و غەفڵەت مردنێکی ناچارییە، تەنانەت ئەگەر سۆفییەکانیش ئەهلی دونیا بن ئەوا حسابی مردوویان بۆ دەکرێت، دیسان بەلای ئەوانەوە بەرەو مردن چوون، دەرگا کردنەوەیە بەسەر ژیانی ڕاستەقینە، مەحویش لە شیعرەکانیدا ئەم چەمکانەی بە ڕوونی ئاماژەی پێداوە. دەڵێت:

**"ئەجەل دەورەم دەدا حاضربە وادەی دەور و تەسلیمە**
**منی غەفڵەت زەدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٢٠).

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە، بەناونیشانی **"هێرمینۆتیکای سیمیۆلۆجیا بنەما و ئیشکالییەت"**، توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، هێرمینۆتیک بەشێکی سەرەکی ئەرکەکەی بریتییە لە دەرخستنی ڕووە پەنهان و شاراوەکانی ناو دەق، ئەویش دۆزینەوەی ئەو کۆد و ڕەمزانەیە، کە لە بچووکترین یەکەی زمانەوە دەستپێدەکات، کە وشەیە و هەتا ڕستە و تەواوی دەق، سیمیۆلۆجیاش دەرفەتێکی وا دەڕەخسێنێت، کە وشە هەمان ئەو وشە

فەرهەنگییە ڕووتە نەبێت، بەڵکو لەگەڵیدا وەرگر بەرەو جیهانبینییەکی تر ببات، کە جوڵە و لڤین بە وەرگر ببەخشێت و لەناوبوونی خۆی و گەردووندا هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندی لەگەڵ چەمکی تر واتای تر بدات، هەندێک لەو دەقانەی مەحوی چنینەکەی وا خراوەتەڕوو، کە لەیەک کاتدا وێڕای دەرنەچوون لە ڕەمز و ستراتیژیەتی سۆفییانە، وەک کەرەستەیەکی ڕەوانبێژیش مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، ئەمەش بووەتە هۆی سازاندنی  شیعریەتی وێنە، سەربەخۆیی وشەکانیش ڕۆڵی گرنگی هەیە لە فراوانکردنی سنووری هێرمینۆتیکدا، وەک چەمکەکانی"سەفەر، حەق، سێبەر و هەتاو، عیشق و عەقڵ، ئاو و ئاگر، ڕاوچی و نێچیر، بولبول و پەروانە".

شوێنیش لە دەقی ئەدەبیدا پایەیەکی گرنگە و ڕۆڵی بەرچاوی لە بەخشینی شیعرییەت بەدەق هەیە، بە تایبەتی خودی گوتاری سۆفییانە، چونکە بەلای سۆفییەوە ئامانج ڕێکردنە بە ڕێگەی عیشق یان گەیشتن بە حەقیقەت، بۆیە چەمکەکانی سەر ئەو ڕێگایە لەناو سیمیۆلۆجیادا ڕۆڵیان لە سازدانیدا هەیە، بەو پێیەی جیا لە واتا فەرهەنگیەکە واتای دیکەشی لێ بارکراوە. وەک چەمکەکانی"سەحرا، شار، وادی... تاد"، هەروەها ئەندامە شوێنیش وەک جۆرێک لە جۆرەکانی شوێن بەو پێیەی لە ڕووبەری بچووکی خۆیاندا شوێنن و لەسەر جەستە ڕووبەرێکی بچووکیان گرتووە، وەک:"خاڵ، خەت، ڕوومەت، زوڵف،لێو...تاد"،

توێژەر لەم بەشەدا ئاماژەی بە زانستی لۆجیک(منطق) کردووە لە شیعرەکانی مەحویدا پێی وایە مەحویش بە ئاگایانە مامەڵەی لەگەڵ لۆجیک کردووە و هەندێک زاراوەی بۆ مەبەستی تایبەتی بەکارهێناوە و لێکدانەوەی ئەم زاراوانەش تەنیا بە گەڕانەوە دەبێ بۆ زانستی کەلام و لۆجیک، ئەمەش هەندێک لەو زاراوانەیە "وەحدەت و کەثرەت، زرڕەتی وجود، مەسئەلەی دەور، جەوهەر، قەزیەی مانع الجمع، جەمعی ضید، شەک و ظەن... تاد"،

جیاوازی شیعرەکانی مەحوی لە کاروانی ئەدەبیاتدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو تایبەتمەندییەش دەقی وەها ڕەنگڕێژ کردووە، کە کارلێکی لەگەڵ وەرگر وەک دەقی شیعری تر نەبێت زیاتر بە ئاڵۆزی خۆی دەربخات، هەتا ئاڵۆزتریش بێت درەنگتر گرێکان دەکرێنەوە، بەمەش بەربەست دەکەوێتە بەردەم کردەی تێگەیشتن، بۆیە تێگەیشتنیش لە شیعرەکانی مەحوی پەیوەندی بە سەردەم و کاتەوە نییە، وەک ئەوەی پێمان وابێ دوورکەوتنەوە لە زەمەنی مەحوی بەربەستەکانی بەردەم ڕێگەی تێگەیشتن لە شیعرەکانی زیادی کردوە، بەڵام لەهەمان کاتدا چنینی شیعری مەحوی بەو ئەندازەیە بۆ خوێنەرەکانی سەردەمی خۆیشی گرفت بووە، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی زمانە شیعرییەکەی.

لێرەدا پوختەیەک لەسەر ئەم توێژینەوەیە دەخەینەڕوو:

١. هێرمینۆتیکا وەکو چەمکێکی زانستی، کرانەوەیە بە ڕووی جیهانی دەرەوەی دەق، لە پێناو تێگەیشتن لــە دەق، بەمەش هەمیشە لەبەردەم تێگەیشتنێکی نوێداین بۆ دەق.

٢. چێژ هەمیشە جوانی بەخشیوە بە شیعر و بە خوێنەریش، پرسی خۆشەویستی و توانەوە لە مەعشـــوق پرسێکی چێژ بەخشە، شاعیران  بە زمانی خۆشەویستی زەمینییەوە تەعبیریان لە خۆشەویستی ئاسمانی کردووە.

٣. شیعرەکانی مەحوی زۆربەی لە قاڵبی غەزەلدان، تەبعی غەزەلیش وایە کە بەرجەستەی خۆشەویستی تێدادەکرێت بە شێوەی ئافرەتێکی جوان و شۆخ و شەنگ، ئەمەش وایکردووە بە جۆرێ لە جۆرەکان تێگەیشتنی جیاواز بسازێنێ لەکاتی خوێندنەوە وڕاڤە و شیکردنەوەی دەقەکان.

٤. هونەری شیعری مەحوی لە ئاستێکی باڵادایە و شیعرەکانی هەڵگری گەلێک واتایە، کە لە هەناوی شیعرەکانیدا خۆییان حەشارداوە، هەموو ئەمانەش وایکردووە شیعرەکانی درەنگ خۆیان بدەن بەدەستەوە، بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆی، بۆیە بواری هێرمینۆتیکی تێدا فراوان دەبێت.

**١_٧ جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەددینی بریفکانیدا** ناونیشانی نامەیەکی ماستەری  (کازم شێخ حسێن)ە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا، پێشکەشی فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی سۆران کراوە لەساڵی (٢٠١٨ ) ئامادەکراوە، لە پێشەکیەک  و سێ بەش پێکهاتووە.

توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی پرس و بابەتی جوانی یەکێک بووە لە پرس و بابەتە هەرە گرنگەکان و بەردەوام جێگای سەرنج و تێڕامانی فەیلەسوف و بیرمەند و لێکۆڵەرەوان بووە، بە جۆرێک لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر ڕەوت و قوتابخانەیەکی فەلسەفی و هزری، چەمکی جوانی واتایەکی جیاوازی لە خۆ گرتووە و دید و تێڕوانینی جیاوازی لە بارەوە خراوەتەڕوو، لەناو ئەم ڕەوتە مێژوویەشدا عیرفان خاوەن جۆرێک لە دید و تێڕوانین و ڕاڤە و لێکدانەوەی و تێگەیشتنی تایبەت بە خۆی هەیە دەربارەی چەمکی جوانی، لەسەر ئەم بنەمایانەش بنەما جوانیناسیەکانی خۆی بنیات دەنێت و لەوانی دی خۆی جیادەکاتەوە و دواجاریش دەبێتە خاوەن ڕێچکەیەکی سەربەخۆ لەناو جوانیناسیدا، ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەش ڕێبازی(تیۆری_ شیکاری)یە کە توێژەر پشتی پێبەستووە.

له بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا بەناونیشانی "**جوانی و جوانی ناسیی عیرفانی**"، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لەبەر ئەوەی جوانی سیفەتێکی ئەبستراکتی هەیە و شتێکی بەرهەست نییە، لەبەر ئەوە پێناسەکردنی هەروا کارێکی ئاسان نییە، لە لایەکی ترەوە بەهۆی بەرفراوانی و بەربڵاوی واتای جوانی، کە دەتوانێت لەناو هەریەکە لە بوارەکانی"فەلسەفە، ئایین، دەروونزانی، کۆمەڵناسی... تاد" واتایەک کە جیاواز بێت لە بوارەکەی تر، بۆ خۆی پەیدا بکات، بۆیە دەبینین هەر فەیلەسوف و بیرمەند و لێکۆڵەرێک، بە پێی پسپۆڕی ئەو مەیدانە مەعریفییەی کاری تێدا کردووە، هەوڵی داوە واتایەک بە چەمکی جوانی ببەخشێت و پێناسەیەک لەبارەیەوە بخاتەڕوو.

جوانیناسی"ئیستێتیک" لە کۆندا یەکێک بووە لە سەرەکیترین بابەتەکانی فەلسەفە و بە یەکێک لە پێنج لقە کلاسیکییەکانی فەلسەفەیان داناوە، کە بریتین لە"جوانیناسی، تیۆری مەعریفە، مەنتق، ئەخلاق، میتافیزیک"، لەم بارەیەوە بیرو بۆچوونی زۆرێک لە فەیلەسوفان و لێکۆڵەرەوان خراوەتەڕوو، هەندێکیان جوانیناسییان بە فەلسەفەی جوانی داناوە و هەندێکی تریشیان بە فەلسەفەی هونەر، بەڵام وەک ئەوەی لە"ئینسایکلۆپیدیای ئەمریکانا" پێناسە کراوە لە هەموو ئەوانی پێشوو تر بە دروستتر دادەنرێت، چونکە جوانیناسی نە تەنها بە فەلسەفەی جوانی داناوە و نە تەنیا بە فەلسەفەی هونەریش، بەڵکو چەمکی جوانیناسی پەیوەستکردووە بە جوانی و هونەرەوە.

له جیهانبینی عیرفانیدا جوانی بۆ چەند جۆرێک دابەش دەکرێت:

١. جوانیی دیار و بینراو: لە ڕێگەی چاوەوە دەبینرێت و لە ڕێگەی هەستەکانەوە درکی پێدەکرێت.

٢.جوانیی نەبینراو و ناوەکی: لە ڕێگەی چاوی دڵ و ڕووناکی ناوەوە دەبینرێت و درکی پێدەکرێت.

٣. جوانیی ڕەها: تایبەتە بە خودای گەورە و هیچ ئافرێنراوێکی تر تێیدا بەشدار نییە.

٤. جوانیی سنووردار: دەرکەوتنی جوانیی خودایە لەسەرجەم بوونەوەراندا.

٥. جوانیی حەقیقی: جوانیی زاتی خودایە و سیفەتی یەکتایی و باڵایی هەیە.

٦. جوانیی مەجازی: تەجەللای جوانیی حەقیقی و ئیلاهییە، ئاوێنەیەکە بۆ جوانیی حەقیقی.

لەبارەی جوانیناسیی عیرفانیش توێژەر ئاماژە بۆ دەکات، کە جوانیناسیی عیرفانی بەشێکە لە فەلسەفەی جوانی و هونەر، بەو پێیەی عیرفانیش خاوەن دید و تێڕوانینی تایبەت بە خۆیەتی لە بارەی جوانییەوە، کە جیاوازە لە دید و تێڕوانینەکانی تر، هەر ئەمەش وایکردووە جوانیناسیی عیرفانی کردۆتە ڕێچکە و ڕەوتێکی سەربەخۆ لەناو جوانیناسیدا،

کەواتە بابەتی جوانیناسیی عیرفانی بریتییە لە باسی جوانیی ئیلاهی و تەجەللا و دەرکەوتنی ئەو جوانییە لە سەرتاسەری بووندا، بۆیە عاریفان هەردەم لە هەوڵی ئەوەدان بوون بەو جۆرەی هەیە پەردەی لەسەر لابدەن و سەرەنجام بوون بە جوانیی ئیلاهییەوە بدۆزنەوە دواتریش بە جوانیی ئیلاهی بگەن، سەرەنجامیش چاوی دڵیان دەکرێتەوە و هەموو گەردوون و بوون بە جوانیی ئیلاهییەوە دەبینن.

توێژەر لە بەشی دووەمدا بەناونیشانی **"بنەمای بوونناسی و مەعریفەناسی لە جوانیناسیی عیرفانیدا"** ئاماژە بۆ ئەوە دەکات،"بوون" بنەڕەتیترین و سەرەکیترین پرسیارەکانی فەلسەفەن، بۆیە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی فەلسەفەوە فەیلەسوفان لە هەوڵ و کۆششدان بۆ گەیشتن بە واتای بوون، گەڕان بە دوای واتای بووندا بووەتە هۆی دەرکەوتنی دوو بۆچوونی دژ و ناکۆک لە مێژووی فەلسەفەدا، کە ئەوانیش"ماتریالیزم و ئایدیالیزم"ن، کە دید و تێڕوانینیان بۆ بوون پێچەوانەی یەکترە، چونکە ماتیریالیستەکان فۆڕمێکی مادی بە بوون دەبەخشن و ئایدیالیستەکانیش سیفەتێکی ئەبستراکتی بە بوون دەبەخشن، ئەو زانستەش کە لە واتای بوون دەکۆڵێتەوە لە فەلسەفەدا پێی دەوترێت"ئۆنتۆلۆجی"، واتە "زانستی بوون" یان "بوونناسی"، کە کاری لێکۆڵینەوەیە لە زات و جەوهەری شتەکان، بەڵام سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان بەو شێوەیەی کە خۆیان دەردەخەن لە فەلسەفەدا چەمکی"فینۆمینۆلۆجی"دانراوە بە واتای (دیاردەناسی).

کاری بوونناسیی عیرفانیش گەڕانە بەدوای بنەڕەتی بووندا، چونکە عیرفانیش لێکدانەوە و ڕاڤەی خۆی لە بارەی واتای بوون هەیە و خاوەنی جۆرێک لە تێگەیشتنی تایبەت بە خۆیەتی لە بارەی واتای بوون، کە بنەماکانی بوونناسی خۆی لەسەر بنەمای ئەو ڕاڤە و لێکدانەوە و تێگەیشتنە بۆ بوون بونیات دەنێت بێگومان بنەمای بوونناسیش لە جوانیناسیی عیرفانیدا لە گرنگترین بنەماکانە، لە جیهانبینی عیرفاندا ئەم بوونەش بوونی خودایە، واتە خودا حەقیقەتی بوون و بوونی ڕەهایە، چونکە بە پێی ئەم بنەمایە ئەو شتە بە حەقیقەتی بوون دادەنرێت، کە ئەزەلیی و ئەبەدی بێت، لە پلەی کەماڵدا بێت، داماڵراو بێت لە هەرجۆرە ناتەواوی و کەموکوڕییەک.

کەواتە حەقیقەتی بوون و بوونی ڕەها خودایە، خوداش خاوەنی سیفاتی جوانییە، چونکە خودا هەڵگری چەندین ناوی جوانە،"جمال"یش یەکێکە لە ناوەکانی خودا و لە فەرموودەیەکیشدا هاتووە"خودا جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت". کەواتە خودا حەقیقەتی جوانی و جوانیی ڕەهایە و هەموو جوانییەکانی تر دەرکەوتەی جوانی ئەون و سەرچاوەیان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.

ئەگەر لە ڕووی چەمک و زاراوەوە لە عیرفان وردبینەوە دەبینین عیرفان و مەعریفە دەگەڕێنەوە سەر یەک سەرچاوە، کە بە واتای ناسین و زانینە، لە ڕووی چەمکیشەوە بریتییە لە ناسینی خودا لە ڕوانگەی ناو و سیفەتەکانی. کەواتە عیرفان لە ڕووی زاراوە و چەمکیشەوە لە مەعریفە نزیکە، مەعریفەی عیرفانیش جۆرێک ناسین و مەعریفەیە، کە لە دڵەوە سەرچاوە دەگرێت و ئامرازەکەشی تەزکییە و پاکردنەوەی ڕۆحە، کەواتە کاری مەعریفەی عیرفانی جگە لە ناسین و گەیشتن بە حەقیقەتی جوانی و جوانیی ئیلاهی شتێکی تر نییە، هەروەها لە مەعریفەناسیی عیرفانیدا عیشق ڕۆڵێکی گرنگ و سەنتەری هەیە و دەبێتە زەمینەسازی مەعریفەی عیرفانی، چونکە ئەگەر ئامانجی مەعریفە ناسی عیرفان ناسین و گەیشتن بێت بە حەقیقەتی بوون و حەقیقەتی جوانی، ئەوا عیشق ئەو ڕێگەیەیە، کە دەمانگەیەنێت بە ناسین و گەیشتنەوە بە حەقیقەتی جوانی، چونکە لە نێوان عیشق و مەعریفەدا پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ هەیە، نە عیشق بەبێ مەعریفە دەبێت و نە مەعریفەش بەبێ عیشق بەدەستدێت.

**"جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەددینی بریفکانیدا"**، ناونیشانی بەشی سێیەم و کۆتایی توێژینەوەکەیە، جگە لە خستنەڕووی ژیاننامەکەی، توێژەر ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە شاعیر شارەزایی لەبارەی ئەدەبیاتی سۆفیگەری و عیرفانی " کوردی، عەرەبی، فارسی" بووە و بەشی زۆری شیعرەکانی شیعری سۆفیگەری و عیرفانین، شێخ نوورەددین پلەکانی سۆفیگەری بڕیوە و گەیشتووە بە پلەی عاریف، هەروەها لە شیعرەکانیدا حەقیقەتی بوون و حەقیقەتی جوانیی ڕەها و یەکێتی بوونی خستۆتەڕوو، پێشی وایە هەموو گەردوون و جیهانی بوون ئاوێنەیەکە بۆ دەرکەوتن و ڕەنگدانەوەی جوانیی خودا، هەروەها شێخ نوورەددین جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرەکانیدا لەسەر بنەمای جوانیناسیی عیرفانی بنیات ناوە، بە کورتی ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەدەین:

یەکەم: بوون و جوانی لە شیعرەکانی "بریفکانی"دا.

**"صاحب جەمال و یەکتا، سەروا خڕام و هەمتا**

**ڤاژی کرن ژ قانوون، هەر دەفتەر و کەتائیب"** (بریفکانی، ٢٠٠٢: ٨٣).

دووەم: مەعریفە و جوانی لە شیعرەکانی بریفکانیدا.

**" نەقشا ل دل ئەڵڵاهـ دیبو، سرڕەک عەجەب ئاگاهـ دیبو**

**دل ئافاتە بو ماهـ دیبوو، سیراب ژ خەمرا وەحدەتێ"** (بریفکانی، ٢٠٠٢: ٢٠٣).

سێیەم: عیشق و مەعریقە و جوانی لە شیعرەکانی بریفکانیدا.

**" گوهدن بەیانا موحبەتێ، ڤێ مەسئەلێ و حیکمەتێ**

**هەرچی کو چاڤێ دل دەتێ،زانی چ خوش کرداره حوب"** (بریفکانی، ٢٠٠٢: ٧١).

چوارەم: جوانی و پەرستش لە شیعرەکانی بریفکانیدا.

**"سجودا دلبەرێ لازم، ژ عیرفانێ ڤەدەر نابت**

**تو ڕابە دەرگەهێ قوطبی. بوێ سوجدێ مە صافی بو"** (بریفکانی، ٢٠٠٢: ١٥٨).

پێنجەم: چەند چەمکێکی پەیوەست بە مەعریفەناسیی عیرفانی، وەک: " جوانی و مەی و مەستی ، جوانی و پیر و مەعریفە، جوانی و ئیکسیر و کیمیا.

**" مە ژ ئیکسیرێ جەمالێ کو سەفا قەلب و جەسەد**

**کو بەیانا مە گەهت، ئەصلێ هەیو لا چ عەجەب"** (بریفکانی، ٢٠٠٢: ٦٤).

لێرەدا پوختەیەک لەسەر ئەم توێژینەوەیە دەخەینەڕوو:

١. ئەدەبی عیرفانی کوردی تەواوکەری ئەو میراتە گەورەیەی کلتووری عیرفانی ئیسلامییە. هاوکات بەشێکی زیندووشە لەو نێوەندەدا، بە تایبەتی تریش چەمکی جوانیناسیی عیرفانی، کە کەم شاعیری کلاسیکی کوردی هەیە ڕەنگدانەوەی جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرەکانیدا نەبێت.

٢. شێخ نوورەددینی بریفکانی، هاوشێوەی شاعیرانی تری کلاسیک دەستێکی باڵای هەبووە لە ئەدەبیاتی عیرفانی بە تایبەتی تریش جوانیناسیی عیرفانی، لە شیعرەکانیدا لە ئاماژەکردنی بۆ جوانیی خودا و گەیشتن بە جوانــی ئیلاهی کە هەمان تێڕوانینی عاریفانە بۆ ئەو بابەتە،

٣. خواپەرستی عاریفانە بناغەکەی پەیوەندییەکی خۆشەویستی و سۆزدارییە لەنێوان عاشق و مەعشوق، شێخ نوورەددینی بریفکانیش جوانی مەعشوقەکەی کە خودایە دەکاتە پاسا و بۆ پەرستشکردنی، نەک ترس لە دۆزەخ و خۆشی بەهەشت.

٤. مرۆڤ کاتێک تێکەڵ بە دونیای مەعنەوییەت وعیرفان دەبێت و مەعریفەی عیرفانی لە بیر و هزریدا گەشە دەکات، کاریگەری ئەو مەعریفەیە هەر زوو دەگاتە سلوک و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی دروست دەکات، ئەم پرۆسەیەش لە عیرفاندا لە ڕێگەی هەردوو چەمکی"ئیکسیر و کیمیا"وە دەبێت، کە پرۆسەی پاکبوونەوە و گەڕانەوەی مرۆڤە بۆ سەر ئەسڵی بوونەکەی.

**١_٨ عیرفان و ژیان ڕوانگەیەکی تەئویلی بۆ شیعری مەحوی** ناونیشانی توێژینەوەیەکی (پ.د. یادگار لەتیف شارەزووری)یە، لەساڵی(٢٠٢٠ ) بڵاوکراوەتەوە، لە پێشەکییەک و دوو بەش پێکهاتووە.

توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، دونیابینییەکی قووڵ و خۆ نەخزاندنە ناو چەمکە سواو و چەقبەستووەکانی ڕۆژگارەوە، لە دووتوێی دەربڕینێکی ئێستاتیکایی بەرز و باڵادا، لە هەرە تایبەتمەندییەکانی شیعرەکانی مەحوین، کە لە چوارچێوەی ڕوانگەیەکی مرۆڤدۆستی و عیرفانی و بەرچاوڕوونییەکی ئەدەبی زیندوودا نمایشکراون، مەحوی عیرفانێکی تواوە لە ژیاندا و ژیانێکی ئاوێزان بوو بە خۆشویستنی خودا نمایش دەکات، ئەو خۆشەویستییەی ئەوەندە گەورەیە دادەبەزێت بۆ بەندەکانی خودا و لە پێناویاندا دژ بە ڕەوتی باوی چەقبەستوو دەجەنگێت.

مەحوی لە شیعرەکانیدا لەگەڵ دوو کایەی سەرەکی پێکەوە گرێدراو هەڵسوکەوتی کردووە، یەکەمیان لایەنی ئیستاتیکایی پەتییە، کە کۆمەڵێک دەقی بەرزی پڕاوپڕ لە بەهای هونەری پێشکەشکردوە، دووەمیشیان لایەنی بابەتییە، کە لە ڕێگەیەوە ژیان دۆستییەکەی بەرجەستە کردووە، ژیاندۆستی وای لە مەحوی کردووە پانتاییەکی گەورەی تێکستە شیعرییەکانی تەرخان بکات بۆ گژاچوونەوەی عەقڵی دۆگمایی خۆسەپێنەر، هەروەها جوان بینی و ڕۆح باڵایی عیرفانی وەگەڕخستووە بۆ سوودگەیاندن بـە واقعی ژیان لە ئاستە جیاوازەکاندا.

بەو پێیەی مەحوی زانایەکی ئایینی گەورە و عارفێکی دڵگەرم بووە، زۆر کاریگەربووە بە قورئانی پیرۆز و بووەتە سەرچاوەی سەرەکی بیری مرۆڤدۆستی و ژیانویستی و بە گژاچوونەوەی عەقڵی چەقبەستووی باو، هەر لە ڕوانگەی قورئانەوە مەحوی لەناو تێکستەکانیدا گرفتە ئایینی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی دیاریکردووە، چەمکی دینداری ساختەی بەرپەرچداوەتەوە و ئەوەی ڕاگەیاندووە، کە ئایین داری بریتی نییە لە خۆخەریککردن بە شتی ڕووکەشەوە، بەڵکو ئاییینداری لە ڕوانگەی مەحوییەوە بە مانای ژیاندۆستی و ڕزگارکردنی مرۆڤ دێت لە دواکەوتوویی، بەو واتایەی عیرفانی مەحوی ، عیرفانێکی دوورە پەرێزی و گۆشەگیر نییە، بەڵکو ئاوێتەیە بە ژیان و خواناسی.

لە بەشی یەکەمدا بەناونیشانی" **لە پێناوی ژیاندا ڕەخنە لە عەقڵی چەقبەستوو**"، توێژەر پێناسەی عەقڵی چەقبەستوو دەکات و دەڵێت: مەبەست لە عەقڵی چەقبەستوو، داخران و سووڕانەوەیە بە دەوری خود دا و نەکرانەوەیە بە ڕووی کایە مەعریفییە هەمە لایەنەکان و

بەرپەرچدانەوەی کرانەوەی زانستیی دەگەیەنێت، سەرەتای ڕاستەقینەی ڕەخنەگرتن لە عەقڵی چەقبەستوو بە شێوەیەکی زانستییانە لەسەر دەستی پێشەوا "غەزالی" سەریهەڵدا، بە تایبەتی لە کتێبی"تهافت الفلاسفة"، دەڵێت: هەموو شتێک بێجگە لە قورئانی پیرۆز و سوونەتی ڕاستی پێغەمبەر(د.خ) بخەرە ژێر تیشکی گومان، چونکە گومانکردن دەتگەیەنێ بە ڕاستی، هەروەها دەرکەوتنی ئاڕاستەی ڕەخنەیی لە ڕێڕەوی فەلسەفەی نوێدا بەستراوەتەوە بە "کانت"ی فەیلەسوفی دامەزرێنەری قوتابخانەی "ئایدیالیستی ئەڵمانی"یەوە، ئەو دیاریترین بیرمەندە کە کاری لەسەر چەمکی عەقڵی چەقبەستوو و ئاکارە بەدەکانی کردووە، فەلسەفەکەشی بە "فەلسەفەی ڕەخنەگرانە" ناسێنرا، مەحویش لە تێکستەکانیدا زۆر کاری لەسەر هۆشیاری کردووە لە ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە عەقڵی چەقبەستووی باودا، ئەم کایەش لە تێکستە شیعرییەکانی مەحویدا لە دوو ئاستی سەرەکیدا خۆی دەنوێنێت:

**١. دەرکەوتنی عەقڵی چەقبەستوو:** دەرکەوتنی عەقڵی چەقبەستوو لە شیعری مەحویدا، گرێدراوی واقعی ژیانی خۆیەتی، بەڵام واقیعێکی دانەبڕاو لە ئێستای ئێمە، ئەو کارەکتەرانەی کە مەحوی کاری لەسەر کردوون بریتین لە بەشێک لە واعیز و سۆفی و شێخەکانی سەردەمی خۆی، مەحوی کرداری ئەمانەی خستۆتە بەر تیشکی ڕەخنەی عەقڵەوە، کە ئاماژەن بۆ ناکارامەیی و بێ توانایی لە پێشکەشکردنی وتارداندا، لەگەڵ ئاست نزمی زانیاریی واعیز، کە دووچاری عەقڵێکی داخراو بوونەتەوە. مەحوی دەڵێت:

**"واعیزم پرسی، یەکێ شۆخانە جوابی دامەوە:**

**وەعزی چی؟ سەر لنگە دەستاڕێ کرەی دەستاڕی هات** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٩٢).

**٢. ڕەخنەگرتن لە عەقڵی چەقبەستوو:** مەحوی پاش ئەوەی پێکهێنەرەکانی عەقڵی چەقبەستوو دیاری دەکات، ئینجا هەوڵی هەڵتەکاندن و هەڵوەشانەوەیان دەدات، چونکە ئەو پێی وایە ئەگەر سەرچاوەی ئەو چەقبەستوویيە تێکنەشکێنرێ، بە هیچ شێوەیەک بەرەوپێشچوون نایاتە ئاراوە، مەحوی توانای زمانەوانی خۆی بەگەڕ دەخات لەو پێناوەدا، ئەو چەمکەش کە پشتی پێدەبەستێت بریتییە لە هۆشیاری، چونکە بە لای مەحوییەوە هۆشیاری بەرامبەر بە ژیان و ئایین مرۆڤ چاو کراوە دەکات، تاکە چەکیشە بۆ هەڵوەشاندنەوە و کەمکردنەوەی کاریگەری دەرکەوتەکانی عەقڵی چەقبەستوو، مەحوی ئەم هۆشیارییە بە "تێگەیو" ناودەبات، ئەم هۆشیارییە لای مەحوی ڕەگی داکوتاوە، ئەگەر بێت و بمانەوێت نهێنی گرێدانی عیرفان و ژیان لای مەحوی بزانین، ئەوا بێگومان سەرچاوەکەی هۆشیارییە. هەروەک دەڵێت:

**"شوکر هۆشیارە مەحوی، تێدەگا دنیا خەراباتە**

**کە بەد مەستی بکا ئەهلی خراپەی بۆچی لێ دەگرم"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٨).

**"له پێناو عیرفاندا ئاسۆی چاوەڕوانی و ڕوانگەی گەڕۆک"**، ناونیشانی بەشی دووەمی توێژینەوەکەیە، توێژەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، مەحوی بۆ دەربڕینی دونیابینی و بەرجەستەکردنی ڕوانگە عیرفانییە ئاوێتە بووەکەی بە ژیان و لە چوارچێوەی بە گژاچوونەوەی عەقڵی چەقبەستووی باودا پشتی بە کۆمەڵە شێوازێکی ئیستاتیکی باڵا بەستووە، کە خۆی لە چەمکی ئاسۆکانی چاوەڕوانیدا دەبینێتەوە، لە بنەمادا چەمکی ئاسۆی چاوەڕوانی ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر و وەرگرەوە، ئەم کارلێکەش بنچینەی هەموو خوێندنەوەیەکە بۆ هەموو کارێکی ئەدەبی، چەمکی ئاسۆکانی چاوەڕوانی لە شیعرەکانی مەحویدا بەسەر سێ بەشدا دابەشدەبن:

**١. فرە ئاسۆیی:** مەحوی لە شیعرەکانیدا زۆر بە هەستیارییەوە لەگەڵ وەرگردا کاری کردووە، لە سەرەتادا ئاسۆیەکی چاوەڕوانی بۆ دروستکردووە، پاشان هەستاوە بە گۆڕینی ڕێڕەوی گوتارەکەی و ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەری ئاوەژوو کردۆتەوە، کە جگە لە ڕەهەندی ئیستاتیکایی، خوێنەری زیاتر بە تێکستەکەوە گرێداوە و ئاسۆیەکی دیکەی یان زیاتر بۆ دروستکردووە، مەحوی دەڵێت:

**"تەعەججوب گرتمی، سۆفی کە تەسبیحم لە ملیا دی**

**کە بێ تەقریبە پیرێژن لەبەریا بێبەر و بەرموور"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٦٣).

**٢. دووری ئیستاتیکایی و ڕوانگەی گەڕۆک:** بریتییە لە لە نایەکانگیری لە نێوان ئەوەی دەق پێشکەشی دەکات لەگەڵ ئەوەی خوێنەر چاوەڕوانێتی، لە شیعرەکانی مەحویدا نموونە زۆرە لەسەر ئەم بابەتە، بۆ نموونە مەحوی لە شیعرێکدا کە لە حەوت بەیت پێکهاتووە، شەش بەیتی یەکەمی تەرخان دەکات بۆ وێناکردنی ئازارەکانی عیشق و تواندنەوە لە سۆزی تامەزرۆییدا، ئەمەش وا دەکات دوورییەکی جوانیی لای خوێنەر دروست بێت و لە ڕوانگەی ئەو دوورییە ئیستاتیکاییەوە بڕوانێتە دەقەکە و چاوەڕوانییەکانی لەسەر هەڵچنێ، بەڵام لە کۆتا بەیتدا ئەم ڕوانگەیە دەگۆڕێت و ڕوانگەیەکی نوێ دەکرێت بە دیدگای تێکستەکە، کە بە هۆیەوە ئاسۆی چاوەڕوانی پێچەوانە کردۆتەوە، ئیتر خوێنەر تێدەگات کە مەبەستەکە هەمووی عیشقی ئیلاهی و خۆ بەستنەوەیە بە شۆڕە پەتی پێغەمبەرەوە(د.خ)، لە کۆتاییدا دەڵێت:

**"مەلا تەڵقینی مەحوی دانەدا، (حبل المتین)ی ئەو**

**لە جێگەی زەللە زەیلی ڕەئفەتی تاها و یاسینە** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٢٨).

**٣. ڕەگەزدۆزی و فرە ئاسۆیی:** ڕەگەزدۆزی بریتییە لە هاوتایی لە دەنگدا و جیاوازی لە دەلالەتدا، ڕەگەزدۆزی دوو ئەرکی سەرەکی جێبەجێدەکات دەکات، ئەوانیش ئەرکی واتایی یان دەلالی و ئەرکی بەرهەمهێنانی ئیقاعی ناوەکی لەگەڵ بەها ئیقاعیە جۆراوجۆرەکانی

تێکستی شیعریدا، بەمەش ڕەگەزدۆزی پەرە بە لایەنی ئیقاع دەدات و لەو ڕێیەوە دەلالەتی نوێ بەرهەم دەهێنێت، ئیتر ڕەگەز دۆزییەکە تەواو بێت یان ناتەواو، مەحوی لە شیعرەکانیدا هەردوو جۆرەکەی ڕەگەزدۆزی بەکارهێناوە، تەنانەت توانا زمانەوانییەکانی وا بەگەڕخستووە ڕەگەزدۆزی و دژ بەیەک لەیەک کاتدا بەکارهێناوە، بۆ نموونە، بەکارهێنانی وشەکانی "ڕۆچوون و دەرچوون، نەسیحەت و فەزیحەت"، یان بە جێگۆڕکێی هەندێک دەنگ "پۆشینە، بۆشینە"، یاخود هەندێک دەستەواژەی هاوتای لە یەک نزیک لە دەبڕیندا و جیاواز لە واتادا (دۆشینە و دۆشینە)، نموونەیەک لە شیعری مەحوی:

**"بە ڕۆچوونی ئاوێ دەکەی زیندەگی**

**بە دەرچوونی بایەک دەبێ مردنت"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ).

لە دەقێکی تردا ڕەگەزدۆزی لە دەربڕینی دەقەکە بۆ دروستکردنی هۆشیارییە، مەحوی دەیەوێت بڵێت ئەوەی زیاتر لە خۆی ببورێت و قوربانی زیاتر بدات زووتر دەگاتە ئامانج، هەروەک چۆن تۆ هەرچەند باشتر لە بن خاکدا بشارێتەوە باشتر سەوز دەبێت و بەری چاکتر دەدات. دەڵێت:

**"تۆوی سەرخستووە بن خاکە، سەر ئەفرازی بەر**

**هەر لە ڕێگەی تەڵەبا بوو سەری دانا، دانا"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٦٧).

لێرەدا پوختەیەک لەسەر ئەم توێژینەوەیە دەخەینەڕوو:

١. شیعر و ئەدەب جگە لەوەی جوانی و چێژ دەبەخشێت و مامەڵە لەگەڵ لایەنی ناوەوەی مرۆڤ دەکات، لە هەمان کاتیشدا هەڵگری پەیامگەلێکی مەزنیشە، کە هەندێکجار بە نهێنی و ڕەمز، هەندێکجاریش بە ئاشکرا و بێ ترس ئەو پەیامەی کە لە ناوەخنیدا هەڵیگرتووە دەگەیەنێت، مەحویش لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێک دەقی ئاست بەرز و پڕاوپڕ لە بەهای هونەری پێشکەشکردووە، لە هەمانکاتدا پەیامی تایبەتی خۆیشی کە پەیامی ژیان دۆستییە، خزاندۆتە نێو شیعرەکانی بۆ بە گژاچوونەوەی عەقڵی چەقبەستووی باوی کۆمەڵگە.

٢. قووڵی و ئاست بەرزی و هەمەچەشنێتی، لە هەرە تایبەتمەندییەکانی شیعرەکانی مەحوین، ئەمەش وایکردووە بوار بۆ خوێنەر بهێڵێتەوە، کە هەستێت بە شەن و کەوکردنی لایەن و ڕەهەند و ئاراستە فیکریەکانی شیعرەکانی مەحوی بەسوود وەرگرتن لە چەمک و میتۆدەکانی بواری ئەدەب، لە هەمان کاتدا کاری لەسەر ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەریش کردووە، بۆ دەربڕینی دونیابینی خۆی و ڕوانگە عیرفانییەکانی لەمەڕ پیشاندانی دیمەنەکانی نێو کۆمەڵگە و بە گژاچوونەوەی دیاردە نامۆکان.

# بەشی دووەم

# بنەمای تیۆری

## بەشی دووەم
## بنەمای تیۆری

### ٢_١_ زاراوە و چەمکی عیرفان

قسەکردن لەسەر چەمکی عیرفان پێویستی بە ڕامان و بیرکردنەوەیەکی قووڵ و زانستییانەیە، چونکە بابەتێکی هەستیارە و هەستیارییەکەیشی وایکردووە جێگەی باسوخواسی ئەدەبناسان و لێکۆڵەرەوانی ئەو بوارە بێت، عیرفان ناسنامەیەکی دیاریکراوی نییە و تایبەتیش نییە بە ئایین و شوناسێکی دیاریکراوەوە، ((عیرفان تێکەڵەیەکە لە قوتابخانە جۆراوجۆرەکان لە ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکان و فەلسەفە جیاوازەکانی جیهان، دەتوانرێت بیروباوەڕی زۆربەی ئایینەکانی تێدا بدۆزرێتەوە)) (رفیع، ١٣٧٥هـ: ٣٥)، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە عیرفانی ئیسلامیی لە ئێستادا ئەو ناو و ناوبانگەی بە عیرفان بەخشیوە، کە عیرفان و ئەدەبەکەی هەیەتی، ئەمەش وایکردووە ئەو شوناسە بە بەری خۆیدا ببڕێت.

توێژەران و بیرمەندانی بواری عیرفان پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ عیرفان کردووە و جەختیان لەسەر ناسین و زانین کردۆتەوە، لەپاڵ ئەمەشدا مەسەلەی تەزکیە و پاکێتیی دەروون و خۆداماڵین لە سیفەتە ناپەسەندەکان خاڵی جەوهەرییە، لێرەدا چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو:

لەڕووی وشەییەوە عیرفان بریتییە لە: ((ناسین، زانین لەپاش نەزانین، ئاگایی، تێگەیشتن)) (معین، ١٣٨٥هـ )، هەروەها وشەی عیرفان لە زمانی عەرەبیدا لە ((کاری "عرف"ە وەرگیراوە، چاوگەکەی "معرفت"ە، بە واتای ناسین و زانین دێت. (عطار، ١٣٨٨هـ : ٥٨)، لە فەرهەنگی "نۆبەرە"شدا هەریەک لە ((وشەکانی "عرف، عرفة، معرفة"، بە واتای زانین و تێگەیشتن و سەر لێ دەرچوون و ئاشنایەتی و شارەزایی هاتووە)) (موکریانی، ٢٠١٧: ٣٧٣)،

لە ڕووی زاراوەوە: (( عیرفان تێڕوانینێکی هونەری و ئیستێتیکیە بۆ خودا و دین)) (کدکنی، ١٣٩٢هـ: ٣٨)، هەروەها ((عیرفان بریتییە لە ناسینی خودا لە ڕێگەی ناو و سیفەتەکان و مەزاهیرەکانی و ئەحواڵەکانی و دەستپێک و گەڕانەوە و ناسینی ڕاستییەکانی جیهان بۆ حەقیقەتی تاک و تەنیا کە زاتی ئەبەدییەتە)) (شێخ حسێن، ٢٠١٨: ١٠٥).

لە فەرهەنگی "از فرهنگ مصطلحات عرفاء از شرح گلشن راز "دا بەم شێوەیە باس لە عرفان کراوە: عیرفان زانستێکە لە زانستەکانی خودا و بریتییە لە ناسینی حەق و سیفەتەکانی، ناسینی ڕێگەی حەقیش بە دوو ڕێگا مەیسەر دەبێت:

١. بەڵگەهێنانەوەی کاریگەر بۆ کارلێککراو، لە کردارەوە بۆ سیفات، لە سیفاتەوە بۆ خود، کە ئەمەش تایبەتمەندی زانایە.

٢. پاککردنەوەی ناخ و ڕۆح لە نهێنی گومانەکان، ئەمەش بە ناسینی تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەران و پیاو چاکان دەناسرێت، جیاوازی نێوان زانا و عاریف لەوەدایە، کە عاریف نابێت بە تەنها پشت بە بەڵگەهێنانەوەی عەقڵی ببەستێت، بەڵکو بنەمای کاری عیرفان بریتییە لە"کەشف و شهود".

لە کتێبی ریسالەی قوشەیریشدا مەعریفە لەسەر زمانی زانایان ((بریتییە لە زانست، هەموو زانستێک مەعریفەیە، هەموو مەعریفەیەکیش زانستە، هەموو کەسێکی زانا بە خودا عاریفە، هەموو عاریفێکیش زانایە، مەعریفە ڕەوشتی ئەو کەسەیە خودای گەورەی بە ناو و سیفەتەکانییەوە ناسیوە و خۆی لە ئەخلاقی ناشیاو پاککردۆتەوە)) (قوشەیری، ٢٠١٦: ٥٢٢).

عیرفان لەبەر ئەو ڕەهەندە مێژووییە قووڵەی هەیەتی، دەرکەوتنی دەیان کەسێتیی ناودار و کاریگەر لەو بوارەدا و پێشکەشکردنی بەرهەمگەلێکی فراوان و بوونی بنەما و خاوەنی تایبەتمەندێتیی خۆی، وایکردووە وەکو زانستێک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکو هەندێک پێیان وایە باڵاترین زانستە، چونکە بریتییە لە زانستی ناسینی خودا، هەروەها یەکێکە لە پێویستی و نیازەکانی مرۆڤ، چونکە ئەو بۆشاییە ڕۆحییەی کە لە مرۆڤدا دروستدەبێت بە بابەتە عیرفانی و مەعنەوییەکان نەبێت پڕنابێتەوە، ((عیرفان زانستێکە و تایبەتە بە مرۆڤ و لە ئاوەز و دڵیەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش بۆ گەیشتن بە خودای تاقانە)) (سەیید ئەدهەم، ٢٠١٨: ١٧).

مەسەلەی ناسین بابەتێکی سەرەکییە لە جیهانبینیی عیرفانیدا، کە سەرەتا بە خودناسی دەستپێدەکات و دواتریش ناسینی خودا، ((بنەڕەتی عیرفان بریتییە لە خۆناسین، چونکە بێ خۆناسی، خوداناسی دەستەبەر نابێت)) (ئینزامی، ٢٠١٨: ٧)، عیرفان ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ خواستە دەروونییەکان بۆ پاکبوونەوە لە ژەنگوژاری دەروون، ((عیرفان هۆکاری دەروونداڕووستی و خاوێنکردنەوەی دەروونی مرۆڤە.)) (نادر، ٢٠١٩: ٥٤).

عاریفەکان، عیرفان بە بەرزتر لە مەعریفەکانی تر دادەنێن، چونکە عیرفان مەعریفەیەکی ڕاستەوخۆی بێ نێوانکارە و سەروکاری لەگەڵ ڕۆحدا هەیە، هەر بۆیە بە باخێک دەیچوێنن کە تەنها شادی و ئومێد و عەشقی تێدایە، کەواتە عیرفان ڕامان و بیرکردنەوەیەکی قووڵە، لە ئاوەز و دڵەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ گەیشتن بە ڕاز و نهێنی و بڵندبوونەوەی ڕۆح لە پێناوی گەیشتن بە حەقیقەت.

### ٢_١_١_ جۆرەکانی عیرفان

به شێوەیەکی گشتی عیرفان بەسەر دوو جۆردا دابەشدەبێت، ئەوانیش:

**یەکەم: عیرفانی کرداری (پراکتیکی):** عیرفانی پراکتیکی زیاتر ئەو بەشەی عیرفانی ئیسلامیی دەگرێتەوە، کە تایبەت بە تەزکییەی نەفس و ئەرک و پەیوەندی مرۆڤ بە خودی خۆی و بە خودای جیهانەوە ڕووندەکاتەوە، هەروەها پێشەکییەکە بۆ چوونە نێو عیرفانی تیۆری، (لە دونیای ئیسلامدا عیرفانی تیۆری دوای عیرفانی کرداری دەکەوێت، ئەمەش وەک زەرووڕەتێک بۆ نەخشە ڕێگای سەیر و سلوک، تاکو مورید لەو ڕێگەیەوە بۆ پلە باڵاکان بەرزبێتەوە) (فتاح، ٢٠٢٠: ٢٧٢). کەواتە مرۆڤ لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت بگات بە تەوحید، ئەمەش بە دەستپێکی هەنگاوەکانی دەزانێت، کە لە کوێوە دەستپێبکات.

**دووەم: عیرفانی تیۆری:** لێرەدا عیرفان پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە، چونکە قۆناغێکی بێدار بوونەوە دەست پێدەکات، قسەکردن لەسەر عیشق و خۆشەویستی خودایی و ڕامان و بیرکردنەوە و خاکی بوون دەبێتە میتۆدێکی ڕۆحی ئەو قۆناغە ((لەگەڵ ئەزموونی ڕۆحیدا "اشراق" و بیر و ئاڕاستەی فەلسەفی و ڕەهەندی بان فیزیکی و ڕەهەندی بوون"الوجود" مەعریفی پەیدابوون، کە ئەمەش بووە زەمینەی سەرەکی هەڵقوڵانی ئەزموونی سۆفیگەری فەلسەفی)) (شکار، ٢٠٠٩: ٦٨)، لە عیرفانی تیۆریدا بابەتەکانی تیۆر و زانست دێنە ئاراوە، ئەم جۆرەیان کار لەسەر ڕاڤەکردنی هەستی بوون دەکات دەربارەی "خودا، جیهان، مرۆڤ"، هەروەها عیرفانی تیۆری ئیسلامی یان زانستی (شارەزایی پەیداکردنە، میتافیزیک و فەلسەفەیە بە واقعی خود و سیفات و کارەکانی خودا) (کاکائی و معصومی، ١٣٩٤هـ : ٥).

### ٢_١_٢_ تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی عیرفان

١. بەرزی بەهای ڕەوشت: کەسی عاریف هەموو بەهاکانی ئەخلاقی جوان و بەرزی تێدایە، ئامانجی پاڵفتەکردنی دەروونە لە پێناو بەدیهێنانی بەهاکان، ((لە ئیسلامدا مرۆڤ تاوەکو چاکەکارتر بێت، مرۆڤێکی بە ئەخلاقترە، پێوەری ئەخلاقی لەسەر بنەمای چاکەکاریە، ئایینیش لە سێ بازنەی گەورە پێکهاتووە، کە بازنەی ئەخلاق لەپاڵ بازنەی دروشم و بابەتە ڕۆحییەکان، یەکێکە لە بازنە سەرەکییەکان)) (ئەدهەم، ٢٠١٩: ١٣٨).

٢. (لەناوچوون _ فناء): بریتییە لە لە فەنابوون، یان ونبوون و کۆچکردن لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر، هەروەها ڕۆچوون و شۆڕبوونەوەیە بەناو و سیفەتەکانی خوای گەورە بە مەبەستی گەیشتن بە خۆشەویستی ڕاستەقینەی خودا، کە بە خۆداڕنین لە دونیای فانی و

خۆ ڕزگارکردن لە بەندایەتی دونیا و دەروون بەدیدێت، ((کوشتنی نەفس گەیشتنە بە فەنا و پاشانیش پلەی بەقا، چونکە بە کۆتایی هاتنی پلەی فەنا ژیانێکی باقی مسۆگەر دەکرێ)) (خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٢٩)، فەنابوونیش ونبوونی لایەنی مرۆییە و توانەوەیە لەناو حەقیقەتی خودا دا ((ونکردنی سیفاتە ئینسانییەکانە لەناو بەقای سیفەتە جوان و کەماڵەکانی پەروەرگاردا)) (تاهیر،٢٠٢٠: ١٣).

٣. (کۆششکردن _ مجاهدة): کۆششکردنی بەردەوام لەگەڵ دەروون بۆ گەیشتن بە پایەبڵندی مەعنەوی، عاریف هەموو ئەو ڕێگە پڕ نشێو و هەوارازانە دەبڕێت، ئارامیش دەگرێت لەسەر هەموو ناڕەحەتییەکانی ڕێگا و خۆیشی مەحرووم دەکات لە هەموو چێژ و خۆشییەکانی دونیا.

٤.(کێشکردن _ جذبة): کێشکردن، لەپاڵ هەوڵ و کۆششی بەردەوام لە هەردوو ڕوانگەی دەروونی و جەستەیی بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانج ، قۆناغێکی تر دێتە ئارا، ئەویش(جذبە) و کێشکردنە، کە حاڵێکی تایبەتە، عاریفان بۆ گەیشتن بە خودا پشتیان بەم ڕیگەیەش بەستووە، ((بەلای "ئیبن عەرەبییەوە" جەزبە بریتییە لە کێشکردنی بەندە لەلایەن خوداوە بەرە و دەرگا و ئاستانە و ئاگاداریی خۆی)) (شوان، ٢٠١٠: ٩١).

٥. (عیشق): عیشق تاکە سەرمایەی عاریفە بۆ گەیشتن بە مەعشوق و هەوێنی پەیوەندی نێوانیانە، عیشق بابەتێکی خودییە و پەیوەندی بە هەست و دەروونی مرۆڤەوە هەیە، دەبێ بچێژرێت، قورئانی پیرۆز بە ئاشکرا باس لە پەیوەندی نێوان خودا و مرۆڤ دەکات، ((يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ)) (سورة المائدة: ٥٤)، واتە: (پەروەردگاری مەزن خۆشی دەوێن، ئەوانیش خوایان خۆشدەوێت) (أمين، ٢٠٠٤ : ١١٧)، بۆیە لە عیرفاندا عیشق ڕۆڵێکی گرنگ و سەنتەری هەیە و دەبێتە زەمینەسازی مەعریفەی عیرفانی، ((لە نێوان عیشق و مەعریفەدا پەیوەندییەکی توند و تۆڵ هەیە، نە عیشق بەبێ مەعریفە دەبێت نە مەعریفەش بەبێ عیشق بەدەست دێت)) (رواندی، ٢٠٠٤، ٢٣٤).

٦. زمانی ڕەمز و ئاماژە: یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی دونیای عیرفان، چونکە بە لای عاریفانەوە هەموو شتێک جگە لە ڕووە مادی و دەرەکییەکەی، مانا و نرخ و بەهایەکی ڕەمزی و ئاماژەشی هەیە، زمانی عیرفانی لە ڕواڵەتدا زمانێکی سادە و ئاشکرا، بەڵام لە ناوەخندا شاراوە وقوڵ و ڕەمز و کینایە ئامێز و واتادار و فرە ڕەهەندە، ((زمان نهێنی و ڕازی عاریف هەڵدەماڵێ ئەویش بۆ گەیاندنی ئەو ئامانج و پەیامەی کە هەیەتی و بانگەشەی بۆ دەکات، ناتوانێت بە زمانێکی سادە بدوێت، چونکە بەهۆی زمانەوە دوژمن و نەیار بۆ خۆی و ڕێبازەکەی پەیدا دەبێت)) ( حەمە غەریب، ٢٠٠٩، ٣٧).

٧. (یەکێتیی بوون _ وحدة الوجود): لە هەموو گەردوون و جیهانی بووندا یەک بوونی حەقیقی هەیە، کە خودایە و هەموو بوونەکانی تر سێبەری دەرکەوتنی ئەو تاکە بوونەن و بوونیان لەوەوە پەیداکردووە، ((ئەم بوونەش لە دوو شێوەدا خۆی دەنوێنێت، "ئەفرێنەر و ئەفرێنراو" هەردوو بوونەکە لە"بوون"دا هاوبەشن، جیاوازییەکەش ئەوەیە کە  بوونی یەکەم بوونێکی خودییە، بوونی دووەمیش بوونەکەی بە بوونی یەکەمەوەیە، بوونی یەکەم  ڕەها و بێ سنوورە، بوونی دووەمیش نا ڕەها و سنووردار)) (فتاح،٢٠٢٠: ل٢٦٩).

## ٢_١_٣_ مەقامەکانی عیرفان

(عبدالله الانصاري الهروي)، لە کتێبی(منازل السائرین) ئاماژەی بە دە مەقامە سەرەکییەکانی عیرفان کردووە، دواتریش هەر یەکێک لەو مەقامانە دە لقی تری لێ هەڵهێنجاوە. ئەوانیش بریتین

١. التوبة: گەڕانەوە و دەستهەڵگرتنە لە کارێک کە پێچەوانەی فەرمانەکانی خودا بێت.

٢. الصبر: بریتییە لە ئارامگرتن و خۆگرتن لەسەر ناخۆشی و بەڵا و ناڕەحەتییەکان.

٣. الزهد: پشتهەڵکردنە لە خۆشگوزەرانییەکانی ژیانی دونیا و بە کەم ڕازیبوون.

٤. التوکل: تەنها پشت بەستن بە خودا و سپاردنی کاروبارەکانە بە خودا.

٥. الورع: بە وردی پرسینەوەیە لە حەرام و حەڵاڵ و بابەتە گومان لێکراوەکان.

٦. الرضا: ڕازی بوون و گلەیی نەکردن بە هەر قەزایەک کە ڕوودەدات.

٧. الشکر: سوپاسکردن و باسکردنی نیعمەتەکانی خودا، چ گەورە بن یان بچووک.

٨. الفقر:  ئەوانەن جگە لە خودا داوا لە هیچ کەس ناکەن و ڕازی بوون بەرهەم دێنێت.

٩. الخوف: ترس ڕووناکی دڵە، بەوە بەندە خێر و شەڕی خۆی لێکجودا دەکاتەوە،

١٠. الرجا: ئومێدبوونە بە بەخشش و میهرەبانی خودا.

## ٢_١_٤_ حاڵەکان

حاڵ بەهرە و بەخششێکی خودایییە و جار و بار دەردەکەوێت و دواییش ون دەبێت، (عومەری سورەوەردی)، لە کتێبی (عەوارفی مەعارف)دا، دە حاڵی دەستنیشانکردووە:

١. (المحبة _ خۆشەویستی): ئەوەیە خودای لە هەموو شتێک بە لایەوە خۆشەویستتر بێت، ئەم خۆشەویستییەش ئاگرێکە لە دڵدایە و دەست لەملانە لەگەڵ گوێڕایەڵی.

٢. (الشوق _ تامەزرۆیی): شەوق بەروبوومی مەحەبەتە، ئەوەی خودای خۆش بوێت حەز بە دیداری دەکات،  تامەزرۆیی و ئارەزووی بەندەیە بۆ لیقای خۆشەویست.

٣. (الانس _ هۆگری): هۆگری و شادمانی وخۆشنوودی دڵە بە بینینی خۆشەویست و ڕۆیشتنە بەرەو ڕووی و حەز بە نزیکایەتیی کردنێتی.
٤. (القرب _ نزیکایەتی): خودای باڵا بە پێی نزیکی دڵی بەندەکان لە خۆی، لە دڵیان نزیک دەبێتەوە، کە بە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودا و خۆڕازاندنەوە بە پەرستشەکان دێتەدی.
٥. (الحیاء _ حەیا): هەیبەت لە دڵدا دروستدەکات و لای ئەهلی عیرفان گەورەترین زانستە،
٦. (ویصال _ گەیشتن): گەیشتن مەقامێکی شکۆدارە، ئەگەر خودای باڵا حەزی کرد بەندەیەک پێی بگات ڕێگەی بۆ کورت دەکاتەوە و دووری بۆ نزیک دەخاتەوە.
٧. (القبض _ گرژبوون): زاڵبوونی ترسە بەسەر دڵدا، کاتێک هاتوویەکئاماژە بێت بۆ سەرزەنشت، لەو بارەدا گرژبوون ڕوو لە دڵ دەکات.
٨. (البسط _ کرانەوە): زاڵبوونی تکایە بەسەر دڵدا، کەسێک کرانەوەیەک دەیهەژێنێت، ئەوا بریتییە لە ئارامی.
٩. (الفنأ _ لەناوچوون): بریتییە لەوەی لە هەموو کار و کردە و وتەیەکدا بۆ لای خودا بگەڕێتەوە، لە هەموو شتێکدا چاوەڕێی خودا بکات نەک نەفسی، هەروەها خۆدامالینە لە هەموو سیفەتە ناپەسەندەکان.
١٠. (البقأ _ مانەوە): هەر کەسێک لە سیفەتە ناپەسەندەکانی خۆی فەنا بکات، ئەوا سیفەتە پەسەندەکانی لەسەر دەردەکەوێت.

## ٢_١_٥_ئامانجی عیرفان

ئامانجی عیرفان گەیشتنە بە خودای تاک و دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو و بەهێزە لەگەڵ بەدیهێنەرەکەی، ئەویش لە ڕێگەی سلوکەوە، کە ڕێنمایی مرۆڤ دەکات بۆ گەیشتن بە مەبەست و ئامانجە باڵاکانی، کە خودایە، عیرفان قۆناغ بە قۆناغ مرۆڤ بەرز دەکاتەوە، تاوەکو دەیگەیەنێت بە پلەی بەرزی مەعنەویەت، کەسی عاریف دەیەوێت بە زمانی دڵ قسە بکات و ئەو مەقامە بەرزە بەدەست بێنێت لە ڕێگەی موشاهەدە و جیلوەوە بگات بە "عین الیقین"، ئەو هێزەش کە مرۆڤ لە ڕێگەی بابەتە مەعنەوییەکانەوە دەگەیەنێت بەو پلە مەعنەوییە بریتییە لە ڕۆح، ((مرۆڤ تا بتوانێ قوڵتر بچێتە نێو ڕۆح و هەموو لایەکی خودی خۆی، قوڵتریش لە ناسینی پەروەردگاری نزیک دەبێتەوە)) (هەورامی، ٢٠٢١: ٢٩٣)، عیشق و خۆشەویستیش، کە مایەی زیندوویەتی و جوڵێنەری لایەنی مەعنەویە لە مرۆڤدا سەرچاوەکەی لە ڕۆحەوەیە، هەرچەندە مرۆڤیش لەبارەی ڕۆحەوە زانیاری ئەوتۆی نییە، ((ئینسان ڕۆحێکی خودایی تێدایە، ڕۆحێک کە ئێمە لە حەقیقەتی خۆی شتێکی وەها نازانین، بەڵام شوێنەوارەکانی لە ئینساندا دەناسین)) سوبحانی، ٢٠١٦: ١٠).

**٢_١_٦_پەیوەندی نێوان ئایین و عیرفان**

عیرفـان، بریتییـە لـە ژیانـی مەعنەویـی هـەر ئایینێـک، بە ئەندازەی ژمارەی ئایینـەکان، ئەزموونی عیرفانی و مەعنەویی هەیە، بـەڵام لـە شـێوازی ئەزموونکردن و ئاسـتی قوڵی ئەزموونکردنـەکان جیـاوازن، هەروەها عیرفان بە بەشێک لە پێداویستی هەموو ئایینێک دادەنرێت و لە بیر و باوەڕی دینی خاڵی نییە، بەڵکو ناسنامەیەکی دینی لە خۆگرتووە، لە هەمان کاتیشدا عیرفان هۆشیارییەکی تاکە کەسیە و مرۆڤ بە ویستی خۆی پەسەندی دەکات و لە ئەنجامی قوڵبوونەوە و ئەزموونی کەسی و بڕینی قۆناغەکان پێی دەگات.

گەوهەری ئایینەکان، بە تایبەتی سێ ئایینە گەورە ئاسمانییەکە (یەهودییەت، مەسیحییەت، ئیسلام)، بریتییە لە مەعنەوییەت و ڕۆحانییەت، بە واتا زانستییەکەی عیرفان، (میراتی جوان و قەشەنگ و نەمری پێغەمبەران بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە میراتی مەعنەوییەت و ڕۆحانییەت، بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەروون و ناوەوەی مرۆڤەکان) ( ئەدهەم، ٢٠١٩: ١٤٠)، ئـەو ئەزموونانەی عاریفان لـە ئەنجامـی ئەزموونـی مەعنەویـی و ژیانـی ڕۆحیی خۆیـان بەدەستیانهێناوە و پێی گەیشتوون، بە جیاوازیی سـەردەم و شـوێنی جوگرافـی و زمان و ئەزموونی سـەدان ساڵەیان بۆ کۆی مێژووی عیرفانی ئیسلامی دەگەڕێتەوە. ((بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامدراوە عیرفانی ئیسلامی خاوەنی خودی ڕەسەنی خۆیەتی، ئەگەر ئیسلام نەبووایە، ئەوا ئێستا ئەو ناو و ناوبانگەی عیرفان و ئەدەبەکەی لە جیهاندا هەیەتی لەوانەیە بکەوتایەتە جیهانی لە بیرچوونەوەوە)) (شوان، ٢٠٠١: ٤٤).

ئایینی ئیسلام، کە میراتگری ئایینەکانی ترە و دوا ئایینی ئاسمانییە، وایکردووە مەسەلە مەعنەویی و عیرفانییەکان زیاتر جێگەی بایەخ بێت، چونکە ئەزموونێکی کەڵەکە بووی پێشووی ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکانی ترە، کاتێک عیرفان دێتە نێو شارستانێتی ئیسلامییەوە و زانا موسڵمانەکان کارلێکی لەگەڵ دەکەن و لە چوارچێوەی تێکستە شەرعییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، ئەمەش وادەکات ئەو بابەتانە ببێتە بابەتی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و ئەزموونکردن، مەزنیی و قووڵیی بابەتە مەعنەوییەکان وایکردووە لە هەموو سەردەم و کاتێکدا خۆی بخزێنێتە نێو بیابانی عەقڵی وشک و ڕۆحی تینووی مرۆڤەکان و کاریگەری گەورە دروستبکات و دڵ و دەروون و ویژدانی مرۆڤەکان ئاو بدات و گۆڕانکاری لە دید و بیر و باوەڕیان بهێنێتە ئارا و دواتریش هەر ئەو جۆرە مرۆڤانە ببنە سەرمەشق و داکۆکیکارێکی سەخت بۆ ڕێباز و بیر و باوەڕەکەیان.

مرۆڤە گەورەکان ئەوانەی پڕن لە بابەتەکانی عیرفان و مەعنەوییەت هەمیشە لە بڕینی ڕێگا دان بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و هیچ ساتێکیش لە مەقامێکدا نامێننەوە، بەڵکو بەردەوام لە

جوڵەدان، چونکە ئەو جۆرە مرۆڤانە زوو درکی شتەکان دەکەن و لە میانەی گەڕان بەدوای گەوهەر و مرواریدا قووڵ دەڕوانن و بە شتی تر فریو ناخۆن، بۆیە ئاگایی مەعریفە هۆکاری ڕزگاریی مرۆڤەکانە، ((مەولانا دەڵێ:

**"هر كه جز اگاه و صاحيب ذوق بود گفت او در گردن او طوق بود"**

واتە: هەر کەسێک ئاگاییەکی دروستی لە زانست و مەعریفە نەبێت بە زەوق و تاسەوە بەدوایەوە نەبێت، ئەوا قسەی نادروست و ناتەواو دەکاتە تەوقی گەردنییەوە، واتە ناتوانێت بچێتە ناو دونیای گەورە و جوانەوە)) (نادر، ٢٠١٩: ل٩٢).

لە ئایینی ئیسلامدا بە شێوەیەکی یەکسان هاوشێوەی لایەنەکانی تری عەقڵ و جەستە گرنگی بە لایەنی عیرفانیش دراوە. بۆ نموونە سێ ڕووبەرە پێکهێنەرەکەی بوونیادی مرۆڤ، کە "عەقڵ و دڵ و جەستە"ن، عەقڵ کە وەزیفەکەی مەسەلە بیر و باوەڕییەکانە و لە بەرامبەریدا بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان، بەڵگە و بورهانی بۆ دانراوە، هەروەها جەستەش کە ڕەفتار و کردارەکان و چالاکییەکان دەگرێتەوە تایبەت کراوە بە شەعائیرەکان و پەرستشە کردارییەکان، دڵیش کە لایەنی ناوەکیی و هەست و سۆز و هەڵچوونەکانە، بە عیرفان و تەزکیەی دەروونی ئەو لایەنەش پڕکراوەتەوە، کەواتە مەسەلەی عیرفان بەشێکی سەرەکییە لە ئاییندا و ئەگەر دابەشکارییەکی بیرکارییانەی بۆ بکرێت، ئەوا بابەتە عیرفانییەکان و پێگەکەی دەکاتە یەک لەسەر سێ لە ئاییندا، ئەمەش گرنگی بابەتی عیرفان و لە هەمانکاتیشدا توندو تۆڵی پەیوەندی نێوانیشان دەردەخات. بۆیە لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوەی زیاترلە سێ نەخشەدا پەیوەندی نێوان ئایین و عیرفان خراوەتەڕوو:

### ١. سێ ڕووبەری پێکهێنەری (ئیسلام ئیمان و ئیحسان)

| بورهان | عەقیدە | پایەکانی بیروباوەڕ | ئیمان |
|---|---|---|---|
| عیرفان | تەزکیە | لایەنی ناوەکیی (کردەوەی دڵ)، لایەنی دەرەکیی (ئەخلاق) | ئیحسان |
| بەیان | دروشم | پایەکانی ئیسلام | ئیسلام |

خشتەی ژمارە (١)

**دووەم: سێ ڕووبەری پێکهێنەری مرۆڤ**

| | | |
|---|---|---|
| عەقڵ | بیروباوەڕ | خودا، خود، کۆمەڵگا، گەردوون |
| دڵ | هەست و سۆز | شادی، خەم، دڵەڕاوکێ، ئارامی، ئیرەیی، بەخشندەیی |
| جەستە | ڕەفتار | ئاماژە، گوفتار، نووسین، کردار، پەیوەندی، چالاکی |

خشتەی ژمارە (٢)

**سێیەم: تەرزەکانی ئایینداری: دەکاتە کۆی هەردووخشتەکە**

| | |
|---|---|
| عەقڵ+ بورهان | ئاییندارى کەلامییانە، گومان و بەڵگە |
| دڵ + عیرفان | ئاییندارى عاریفانە، ئەزموونی ڕۆحی |
| جەستە + بەیان | ئاییندارى فیقهیانە، ئەحکامی ڕۆژانە |

خشتەی ژمارە (٣)

کەواتە (سێ تەرزی ئاییندارى هەیە، بە هەر سێکیانەوە تابلۆی ئیسلام بە تەواوەتی نمایش دەکەن، بە تەنها ئاییندارییی موتەکەلیمانە، ئاییندارییەکی وشک و بێ ڕۆح دەبێت، بە تەنها ئاییندارییی عاریفانەش، مەترسی خلیسکانی هەیە بۆ خورافە و گۆشەگیری، ئاییندارى فیقهیانەش ئاییندارییەکی ڕووکەش و مەعیشەتی ڕۆژانەیە، بۆیە ئەم سێ بنچینەییەی ئایین پێکەوە دەگونجێن و تەواوکەری یەکترن) (فرج، ٢٠٢١، ئینتەرنێت).

**٢_١_٧_پەیوەندی نێوان فەلسەفە وعیرفان**

فەیلەسوف دەیەوێت چییەتی ئەم بوونە بزانێت، هەروەها دەیەوێت بزانێت پەیوەندی بە خۆی و دەرەوەی خۆیەوە چییە و چۆنە، بۆیە دەبێت پرسیار لە هەر شتێک بکات پەیوەستە بە بوونەوە، هەروەها بەدوای وەڵامەکاندا دەگەڕێت بە پشت بەستن بە عەقڵ و زانست و لۆژیک، ((ئامرازی فەیلەسوف بۆ ناسینی ڕاستەقینەکان بریتییە لە عەقڵکاری و بەڵگەهێنانەوە و خستنەڕووی بورهان)) (فتاح، ٢٠٢٠: ل٢٧١)، بەڵام عیرفان بریتییە لە تێڕامان و

بیرکردنەوە و زیکری دڵ، بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە لە ڕێگەی موشاهەدەوە، یاخود هەڵزنانە بەسەر چیایەک بۆ ئەوەی بزانرێت ئەودیوی چیاکە چی تێدا دەگوزەرێت، ئەویش لە ڕێگەی کارکردن لەسەر دەروون و وەرزشی ڕۆحیی، ((عیرفان هۆکاری دەروونەدروستی و خاوێنکردنەوەی دەروونی مرۆڤە، عاریف بە شەڕکردن لەگەڵ نەفس و خۆڕاگری و پشوودرێژی بەرامبەر خواستە دەروونییەکانی دەتوانێت قۆناغەکان ببڕێت و بگات بە پلە باڵاکان)) (نادر، ٢٠١٩: ل٥٤). کەواتە دیدی عیرفانی جیاوازە لە دیدی فەلسەفی، هەریەک لە فەیلەسەف و عاریف دەیانەوێت وەسفی بوون بکەن و پەردە لەسەر لایەنە شاراوەکانی لابدەن، بەڵام هەریەکەیان بە دوو ئامرازی جیا، لای فەیلەسوف بریتییە لە عەقڵ و بیر و لای عاریفیش بریتییە لە دڵ.

## ٢_٢_ تەسەوف و تێڕوانین

تەسەوف ناوێکی نوێترە لە چاو دەستەواژەی (عیرفان)، بەو ناوەی خۆی و مانا و لێکەوتەکانی، لە سەردەمی خودی پێغەمبەر(د.خ)، سیماو خەسڵەتەکانی دەرکەوتوون، چونکە ئەو ناوە نرابوو لەو کۆمەڵە هاوەڵەی کە لە ناو مزگەوتی شاری مەدینە دەمانەوە و بەردەوام خەریکی زیکر و یادی خودا بوون، کە (ئەهلی سوفە)یان پێدەوترا، پاشان ئەم تەرزە لە دینداری لە ناو بەشێک لە کۆمەڵگەی ئیسلامییدا جێگای گرت، بەڵام وەک دەستە و گروپ و تیۆری هزریی دواتر هاتە ئارا.

بیروڕای زۆر سەبارەت بە مانای (تەسەوف) هەن، بۆ ئەوە دەبێت بگەڕێینەوە سەر فەرهەنگە، لەوانە: (("الصفاء"، کە بە مانای پاکژی و خاوێنی، کە لە بنەڕەتدا لە پاکژبوونەوەی ڕۆحییەوە هاتووە و سەرچاوەی گرتووە، هەروەها "الصفة"، سۆفییەکان نیسبەتی خۆیان دەدەنە پاڵ گروپ و ئەهلی سوفە، "الصفوة"ش بە مانای هەڵبژێردراو، بە واتای ئەو گروپە هەڵبژێردراوەی ناو موسڵمانانە کە پشتیان لە دونیا و ڕوویان کردۆتە جیهانی باڵا)) (محەمەد، ٢٠٢٠: ٥)،

لە فەرهەنگی (نۆبەرە)دا مانای سۆفی بە دوو شێواز لێکدراوەتەوە ((بەو موسڵمانانە دەترێت کە واز لە هەموو ئەو شتانە دێنن کە لە خودایان دوور دەخاتەوە، هەروەها بە مانای خوریش هاتووە)) (گیو موکریانی، ٢٠١٨: ٣٣٩)، هەروەها لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)، هەریەک لە زاراوەکانی ((سۆفی، سۆفیایەتی، سۆفیگەری، بە مانای مورید و موریدایەتی لێکدراوەتەوە)) (هەژار، ١٣٦٩هـ : ٤٢٩).

له فەرهەنگی (دەریا)دا زاراوەکانی ((صفأ، صفوة، صفو، بەمانای پاک و هەڵبژێردراو و دانسقە و هەرە چاک و باش لێکدراوەتەوە، هەروەها سوفیش بەمانای خوری و سۆفیایەتیش ڕێبازێکی بەندایەتییە بە مەبەستی پاککردنەوەی ڕۆح لە خەوش و گەردەکانی دونیا)) (کەریم، ٢٠٠٧: ٥٨٤).

کەواتە بیروڕاکان زیاتر لەسەر ئەوە کۆکن، کە (سۆفی) لە(صوف)ەوە هاتووە، سۆفییەکانیش زیاتر بەوە ناسراونەتەوە، کە بەرگی خورییان پۆشیوە و لە هەمانکاتیشدا سۆفییەکان لە بێنازی و خۆشکانەوەدا خۆیان چواندووە بە ئەهلی صوفە، ((کەوابوو تا ئێستا دوو بۆچوونمان لا ڕاستە کە سۆفی لە (صوف، صوفە)وە هاتبێت لەبەر دوو هۆکار:

١. لە لایەنی زمانییەوە دەگونجێت.
٢. ئەوانەی وازیان لە جیهانی ماددی دەهێنا بەرگی خورییان لەبەر دەکرد)) (شوان، ٢٠٠١ :٢٣).

هەندێک لە وتە و پێناسەی ئەهلی تەسەوف و عیرفانی دەربارەی ئەم بابەتە:
(("جونەیدی بەغدادی" دەڵێت: تەسەوف ئەوەیە پەیوەندیت لەگەڵ خودا هەبێت بەبێ هیچ مەرامێک، "مەعروفی کەرخی" دەڵێت: تەسەوف گرتنەبەری ڕاستییەکانە و بێهیوابوونە لەو شتانەی کە لە دەستی دروستکراوەکاندایە، "شێخی شبلی" دەڵێت: تەسەوف دانیشتنە لەگەڵ پەروەردگار بەبێ خەمی)) (السهروردي، ٢٠١٠: ٥١).

(("ابن خلدون"دەڵێت: تەسەوف ئەوپەڕی ئەدەب نواندنە بەرامبەر بە خودا لە کاتی ئەنجامدانی کردەوە دەرەکی و ناوەکییەکان و پاراستنی سنوورەکان و گرنگیدانە بە لایەنی دڵ، "ابوبكر الكتاني" دەڵێت: تەسەوف پاکبوونەوە و پاڵفتەکردن و بینینە، ئەویش بە گرتنە بەری هۆکارەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج، هۆکارەکان بریتین لە پاکبوونەوە و پاڵفتەکردنی لایەنی دڵ و دەروون، ئامانجەکەش گەیشتنە بە ناسینی خودا لە ڕێگەی ناو و سیفەتە بەرزەکانییەوە)) (فتاح، ١٩٩٣: ١٣٨-_١٤٠).

ئەو پێناسانەی کراوە بۆ تەسەوف لەلایەن زانایان و گەورە عاریفانەوە لە چوارچێوەی تێگەیشتنی ئەواندایە لە قورئان و فەرموودەکان، بۆ نموونە:
* باسی ڕەوشت بەرزی (وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ) (سورة القلم٤).
* دونیا نەویستی و پشتکردنە دونیا (فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا) (سورة الفاطر٥).
*سەرکۆنەکردنی نەفس و بە دوژمن زانینی (إِنَّ ٱلنَّفْسَ لَأَمَّارَةٌۢ بِٱلسُّوٓءِ) (سورة يوسف٥٣).
* لەبارەی چاودێریی خودا (إنّ الله كان عليكم رقيبًا) (سورة النساء١).
* لەبارەی خۆشەویستی خودا (يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُۥٓ) (سورة المائدة ٥٤).

چەندین ئایەت و فەرموودەی تر هەن لە چوارچێوەی ئەو پێناسانەدان، کە بۆ تەسەوف کراون. لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە ئەزموونی دەروونیی لای سۆفی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە و هیچ پەیوەندییەکی بە بابەتی عەقڵی و لۆژیکەوە نییە. ((حەقیقەتی تەسەوف ئەوەیە کە ئەزموونێکی دەروونییە و بەندە دەبەستێت بە خوداوە، هەروەها مومکین بوونی دروستکردنی کەشێکی ڕۆحی لە نێوان بەندە و خودای گەورەدا)) (بدوي، ١٩٧٥: ١٥).

کەواتە تەسەوف هەست و شعورێکی قەلبییە، بەندە تیایدا بەردەوام هەست دەکات لەژێر ڕوانینی خودای گەورە دایە، ناسینی خودایە بە دڵ، تێکۆشانە دژی نەفس بۆ خاوێنکردن و جوانکردنی دڵ و دەروون لە هەموو ئەو شتانەی پیسی دەکەن، دواتریش خۆ ڕازاندنەوەیە بە ڕەوشتە بەرزەکان و پشتکردنە دونیا و فەنابوونی بەندەیە لە بوونی خودا.

### ٢_٢_١_ سەرچاوەکانی سۆفیگەریی

سەرچاوە سەرەکییەکانی پەیدابوونی سۆفیگەریی بریتین لە:

١. قورئانی پیرۆز: قورئانی پیرۆز سەرچاوەی سەرەکی پەیدابوونی بیری سۆفیگەرییە، ئەویش بە هۆی ئەو لێکدانەوە قووڵ و تێڕامان و تەفسیرە زۆرانەی بۆ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کراون، بە تایبەتی ئەو ئایەتانەی کە باس لە ((گەورەیی دەسەڵاتی خودا و نزیکی خودا لە بەندەکانی و بێنرخی دونیا و پاککردنەوەی دڵ و دەروون و خۆشەویستی خودا و نوور و ڕووناکی و ئەو حاڵ و مەقامانەی کە کەسی باوەڕدار پێی دەگات ئەگەر لەژێر فەرمان و چاودێریی خودا دا بێت)) (عفيفي، ٢٠١٩: ٦٨).

٢. ژیانی پێغەمبەر(د.خ): لە زوهد و دونیا نەویستی و هەوڵ و تێکۆشانەکانی و ڕەوشت بەرزی و مامەڵەی ئەخلاقییانە و ئاکاری ڕاستگۆییانە و تەوازع و پەرستشە تاکییەکانی و هەموو ئەمانە وچەندین بواری تری ژیانی بوونەتە سەرچاوەی بیری سۆفیگەری.

٣. ژیانی هاوەڵان: ژیانی هاوەڵانیش یەکێکی ترە لە سەرچاوەکانی بیری سۆفیگەری، ڕەنگگرتنی هاوەڵان بە ڕەنگی پێغەمبەر (د.خ)، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە، کە هاوەڵان لە هەموو هەڵسوکەوتێکیاندا ویستوویانە لاسایی پێغەمبەر (د.خ) بکەنەوە، لە ئەنجامدانی پەرستشەکان و چاکە و ڕەوشت بەرزی و دونیا نەویستی، مەحوی دەربارەی ڕەنگدانەوەی ڕەوشتی پێغەمبەر (د.خ) لەسەر هاوەڵان لە دیرە شیعرێکدا ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو، لەم بارەیەوە دەڵێت:

**"بە نووری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بوو بوون**

**غەریبی تازە هاتوو دەیوت: ئەمە پێغەمبەرستانە"** (مەحوی، ١٣٩١هـ: ٤٨٣).

## ٢_٢_٢_ قۆناغەکانی سۆفیگەریی

بنەمای سۆفیگەریی، دونیا نەویستی و هەوڵدانە بۆ پاکژکردنەوەی ڕەوشت لەبەر ڕۆشنایی ژیان و ڕێنماییە ڕەوشتییەکانی پێغەمبەر(د.خ)، هۆکاری سەرهەڵدانیشی زیاتر بە هۆی دوورکەوتنەوەی کاربەدەستانەوە بوو لە ناوەڕۆکی خواپەرستی، بۆیە چینی سۆفییەکان لەو کاتەوە گەشەیانکرد و لە دونیاویستی دوور کەوتنەوە و ڕوویانکردە خواپەرستی. قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنیی بەم شێوەیەیە:

**قۆناغی یەکەم:** ئەم قۆناغە بە ئەزموونی (زوهد) و دونیانەویستی ناسراوە و لە ناوەڕاستی سەدەی دووی کۆچییەوە دەردەکەوێت، بە ئیلهام وەرگرتن لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)، هەروەها پابەندبوون بە پەرستشەکان و فەنابوون لە خواپەرستی بۆ گەیشتن بە خۆشەویستی خودا دەناسرێتەوە، ئەزموونی ئەم قۆناغە بریتییە لە لێپێچینەوە لە نەفس و گۆشەگیری و کەمخۆراکی و گریان و تەئەمول، لە کەسایەتییە دیارەکانی ئەم قۆناغەش: "حەسەنی بەسری و مالیکی کوڕی دینار و سوفیانی سەوری و ئیبراهیمی کوڕی ئەدهەم و ڕابیعەی عەدەوی و بیشری حافی و... تاد"، هەر لەم قۆناغەدا ئەزموونی "پێشەوا غەزالی" بەدەردەکەوێت، ((غەزالی لە نووسینەکانیدا پاڵپشتییەکی تەواوی ئەو ئاڕاستە تەسەوفەی دەکرد کە زۆر بایەخ بە سوننەت دەدەن و لە کتێبی"أحياء علوم الدين" کاریکرد لەسەر کۆکردنەوەی سەرجەم کلتووری سۆفیگەری و دووبارە داڕشتنەوەی لەسەر بنەمای زانستی "أصول الفقه"، کە بە قۆناغی "کەشف و مەعریفە" ناسرا، غەزالی کاری بۆ یەکخستنەوەی شەریعەت و حەقیقەت کرد، شەریعەتێکی پشت ئەستوور بە حەقیقەت و حەقیقەتێکی پابەند بە شەریعەت)) (شکار، ٢٠٠٩: ٦٣).

**قۆناغی دووەم:** ئەم قۆناغە بەسەر چوار جۆر لە ئەزموون دابەشدەبێت:

١. ئەزموونی سۆفیگەریی کاریگەر بە فەلسەفە: ئەزموونی بایەزیدی بەستامییە، کە خاوەنی مەقامی"فەنا"یە، لەگەڵ "مەنسووری حەللاج"، کە خاوەنی بیرۆکەی"الاتحاد"ە، ((ئەمان لە لایەک گەشەپێدەر و دەوڵەمەندکەری قۆناغی پێش خۆیانن، لە لایەکی تریش هاوکار و زەمینەسازکارن بۆ ئەزموونی قۆناغی دوای خۆیان)) (الجبوری، ٢٠٠١: ٦٦).

٢. ئەزموونی ڕۆشنبوونەوە "الاشراق" و پەیبردن"الكشف": کە ئەزموونی "شیهابەدینی سوهرەوەردی"ە، کە بریتییە لە دەرکەوتنی ڕۆشناییە عەقڵیەکان و درەوشانەوە و دابارینیان بەسەر دەروونداا، هەروەها ئەزموونی "ئیبن سەبعین" کە خاوەنی"وحدة المطلقه"ە، کە مانای ئەوەیە تەنها خودا خاوەنی مەوجودی حەقیقییە و خاوەن سیفاتی هەبووی تەواوە و هەموو شتەکانی تر چاوگەکەیان لەوەوەیە.

٣. ئەزموونی "ئیبن عەرەبی": ئەمەش لەسەر بنەمای ئاوێتەکردنی سۆفیگەری و فەلسەفە دادەمەزرێت بۆ بەدیهێنانی یەکێتی بوون"وحدة الوجود"، بیرۆکەکەش ئەوەیە لە هەموو گەردوون و جیهانی بووندا یەک بوونی حەقیقی هەیە، کە خودایە و هەموو بوونەکانی تر سێبەری دەرکەوتنی ئەو تاکەبوونەن و بوونیان لەوەوە پەیداکردووە، لەدوای سەدەی شەشەمی کۆچیشەوە سۆفیگەری  لەو پەرش و بڵاوی دەچێتە ناو قاڵبێکی زانستییەوە و لەسەر دەستی "ئیبن عەرەبی" بە تەواوەتی ڕەنگ دەگرێت و گۆڕانکاری گەورە لە تەسەوف و عیرفاندا ڕوودەدات و دەبێت بە زانستێکی سەربەخۆ، ((ئیبن عەرەبی کە بە باوکی تەسەوف و عیرفانی ئیسلامی ناوزەد دەکرێت، تیۆریا و هزری عیرفانی ڕێکدەخات و دەیگوازێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو)) (سەیید ئەدهەم، ٢٠١٨: ٥٨).

٤. ئەزموونی سۆفیگەری فەلسەفییانە، کە فەلسەفە دەکەنە دەستپێک بۆ نێو دونیای تەسەوف و عیرفان، عەقڵ سەنتەری پێوەری سەرەکییە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری، هەروەها کەمتر بایەخدان بە کردار و دەقەکانی قورئان و فەرموودە، سیمای دیاری ئەم قۆناغەن، فەیلەسوفەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە هەریەک لە: "فارابی و ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد"، هەروەها لەم قۆناغەدا ((عاریفە مەزنەکان دەستیان کرد بە دانانی کتێب لەو بوارەدا شاعیرانیش هۆنراوەیان دەربارەی بابەتە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بەم پرۆسەیە نووسی، لەم نێوەندەدا شاری بەغدا بوو بە سەنتەرێکی گەورە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری سۆفیگەری و عیرفان، بابەتی عیرفانی لە قوتابخانەکاندا دەوترانەوە و توێژینەوەیان لەسەر دەکرا، تا لە سەدەی دەی کۆچی گەیشتە لووتکەی خۆی و هەر لەم میانەیەدا چەندین قوتابخانە و دەرکەوتن کە بە هەموو جیهانی ئیسلامیدا بڵاو بوونەوە)) (نەقشبەندی، ٢٠١٥: ٣٣٩).

## ٢_٢_٣_ جیاوازیی نێوان عیرفان و سۆفیگەریی

هەردوو چەمکی تەسەوف و عیرفان زۆرجار بۆ یەک واتا و مەبەست بەکار هاتوون، وەک هاومانا بەکارهێنراون و بەکاردەهێنرێن، ((عیرفان و تەسەوف دوو زاراوەی هاوواتان و یەک ئاماژە لە ئامێزدەگرن، بۆ دەستەیەک بەکاردەهێنرێن، ئەوانەن لە کۆشاندان بۆ ناسینی حەق تەعالا، عیرفان ناونیشانی ڕۆشنبیری ئەو کەسەیە، تەسەوفیش ناونیشانی کۆمەڵایەتی ئەو کەسەیە))  ( فتاح،٢٠٢٠: ٢٦٩).

نووسەران و توێژەرانی ئەو بوارەش کاتێک باسی مێژووی دروستبوون و قۆناغ و تایبەتمەندێتی  و حاڵ و مەقامەکان و زانا و کەسایەتییەکان دەکەن، بۆ هەردوو چەمکەکە بەکاریان دەهێنن، لە بوارە ئەدەبییەکەش بە هەمان شێوەیە، چونکە هەر یەک لە عیرفان و

تەسەوف ئاماژە بۆ یەک حەقیقەت دەکەن کە کارکردنە لەسەر خودی مرۆڤ لەسەر پاکراگرتنی لایەنی دەروونی و دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕۆحی بەهێزە لەگەڵ خودا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی مانا و لەڕووی زاراوەشەوە جیاوازییان هەیە.

"الدكتور الشيخ محمد شقير العاملي" لە کتێبی"فلسفة العرفان" ئاماژە بە چەند خاڵێکی جیاواز دەکات لە نێوان هەردوو چەمکی عیرفان و سۆفیگەری، گرنگترینیان ئەمانەن:

١. تەسەوف ڕێبازێکی دونیا نەویستانەیە لەسەر بنەمای ڕێسا شەرعییەکان دامەزراوە بۆ پاکژکردنەوەی دڵ و دەروون و پشت هەڵکردن لە دونیا، بە ئامانجی گەیشتن بە حەقیقەت و کامڵبوون، عیرفانیش قوتابخانەیەکی فکری و فەلسەفی باڵا و قووڵە بۆ ناسینی حەقیقەت و ڕاستی شتەکان و کاروبارەکان و ڕەمز و نهێنییەکان.

٢. عیرفان زیاتر لە دەرەوەی دەق جیهانبینی قووڵی خۆی بۆ شتەکان دەخاتەڕوو، بەڵام سۆفیگەری زیاتر لە ناوەوەی دەقدا دەسوڕێتەوە، واتە زیاتر پابەندی دەقە.

٣. سۆفیگەری زیاتر بەلای بواری (تەریقەت)کرداریدا دەڕوات، بە بڕینی قۆناغەکان و پێگەیەکی جموجوڵدار و پڕ لە گۆڕانکاری هەیە، کە لە خاکی بوون و دونیا نەویستییەوە دەستپێدەکات، تا وازهێنان لە دونیا دەگاتە ترۆپک، بەڵام عیرفان ڕێباز و میتۆدێکە کار لەسەر ناسینی خودا دەکات، لە ڕێگەی مەعریفەت و زانینەوە.

٤. سۆفیگەری ڕواڵەت بینە، واتە زیاتر گرنگی بە ڕواڵەت دەدات و خۆی بە کۆمەڵێ زیکر و جوڵەوە دەبەستێتەوە و پێیانەوە پابەندە، بە زوبانی ئەو حاڵانە دەردەبڕێت، بەڵام عاریف زیاتر گرنگی بە ناوەڕۆک دەدات و دەرکەوتن و ناسراوی بەلایەوە گرنگ نییە، بەڵکو عاریف زیاتر بیر دەکاتەوە و ڕادەمێنێت، زیاتر پابەندی عیبادەتی دڵە.

٥. لە سۆفیگەریدا مرۆڤ کەسێکی موریدە، واتە دەبێ شێخێکی هەبێت، بەڵام لە عیرفاندا مرۆڤ کەسێکی مورادە، واتە خۆی بە ناسین و زانین بەو پلەیە گەیشتووە.

٦. عیرفان فراوانتر و گشتگیرترە لە سۆفییزم و مەقامی عاریف باڵاترە لە مەقامی سۆفی، چونکە عیرفان ڕەهەندی زانین و فەلسەفی و هزری هەیە، بەڵام سۆفیزم بەشێکە لە عیرفان وزیاتر ڕەهەندی ئاکاری و ئەخلاقی هەیە، لەبەر ئەوە هەموو عاریفێک سۆفییە، بەڵام هەموو سۆفییەک عاریف نییە.

## ٢_٣_ چەمکە عیرفانییە باوەکان:

لە دونیای عیرفان و مەعنەوییەتدا چەندین زاراوە و چەمک بەکاردەهێنرێن و بوونەتە شوناس بۆ ئەو بوارە، گەورە زانایانی بواری تەسەوف و عیرفان و نووسەران و شاعیران ئاماژەیان زۆرێک لەو چەمکانە داوە و ڕاڤەیان بۆ ئەو زاراوانە کردووە، لێرەدا بە کورتی سەرنج دەخەینە سەر چەند زاراوەیەک:

**٢_٣_١ شەریعەت:** شەریعەت لە قورئان و فەرموودە دا بەرجەستە دەبێت، کە بونیادی یاسا و ڕێساکانی ئایینی ئیسلامی لەسەر بونیاد نراوە، شەریعەت ڕوونکردنەوە و باسکردنی ڕێگای خودایە، کە بریتین لە کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسیاریێتی، بۆ ئەوەی بەندە بەرامبەر بە خودا بەندایەتی خۆی بسەلمێنێت، هەروەها ئەو شێواز و ڕەفتارانەیە بەندە بە هۆیەوە دەگات بە خودا. (("مەولانای ڕۆمی" دەڵێت: شەریعەت وەکو مۆم وایە، ڕێگە ڕۆشن دەکاتەوە)) (سەیید ئەدهەم، ٢٠١٨: ٩٨)، کەواتە شەریعەت بە مانا فیقهییەکەی ڕووی دەرەوەی کردارەکان ڕێکدەخات و ئەو دەستوور و پەیڕەوانەیە کە باس لە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خودا و خەڵک و کۆمەڵ دەکات.

**٢_٣_٢_ تەریقەت:** بریتییە لە ڕۆح و جەوهەری پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خودا و خەڵک و کۆمەڵگا، چونکە ئەگەر ئەو پەیوەندییانە بەبێ ڕۆح ئەنجام بدرێت وەک لاشەیەکی بێگیانە، پەرستشەکان و دروشمە ئایینییەکان دوو ڕوویان هەیە، ((ڕوویەکی دەرەوە کە جەستە پێی هەڵدەستێت، کە بریتین لە عیبادەتەکان و ئەحکامەکان، ڕووەکەی ناوەوەش کە دڵ کاری تێدا دەکات، کە بریتین لە حاڵ و مەقامەکان)) (بەرزنجی، ٢٠١٩: ٢٣٥)، کەواتە تەریقەت خۆ داڕنینە لە هەموو بوونێک و نقوومبوونە لە عیشق و خۆشەویستی یەک بوون، کە ئەویش خودایە، دوورکەوتنەوەیە لە ئارەزوو و خووە ناپەسەندەکان ڕووکردنە خودایە چ لە زاهیر یا لە باتیندا.

**٢_٣_٣_ حەقیقەت:** حەقیقەت واتە گەیشتن بە مەبەست، بەهایەکی گەورەی ژیانە، عاریفان و ئەهلی دڵ بەردەوام لە گەڕاندان و عەوداڵن بە دوای حەقیقەتدا، بۆ سڕینەوەی گومانەکان و چوونە سەر ڕێگەی ڕاست و دروست و دواتریش گەیشتن بە مەعشوقی ڕاستەقینە کە خودایە، ئەویش بە ((هەڵهاتنی ڕووناکی کە مەبەست لێی زانستە ئەقڵییەکانە و درەوشانەوەیانە بەسەر دەروونددا و خۆداماڵینە لە کەرەستە جەستەییەکان، چونکە ڕووناکی سەرچاوەی هەموو بوون و ژیانە و خوداش ڕووناکی ڕووناکییەکانە)) (نەسر، ٢٠١٦: ١٥٥).

تەریقەت ئەزموونێکی کەسییە، خودا دەیبەخشێتە هەندێک لە عاریفان بۆ ئەوەی بگات بە واقعیی حەقیقەت، ئەویش کاتێک کە پەردە لە پێش چاوی هەڵدەدرێتەوە، شەریعەت بۆ چاکسازی ڕواڵەت و تەریقەت بۆ چاکسازی دەروون و حەقیقەتیش بۆ چاکسازی نهێنییەکانە، ئەم سێ چەمکە تەواوکاری یەکترن. ((شەریعەت وەک کەشتی وایە، تەریقەت دەریایە و حەقیقەتیش گەوهەری ناو دەریایە، هەرکەس گەوهەری دەوێ با سواری کەشتی شەریعەت بێت و ڕوو لە دەریای تەریقەت بکات)) (فتاح، ٢٠٢٠: ٢٧٨).

**٢_٣_٤_ یەقین:** واتا دڵنیایی و دوور لە تەمومژ و گومان، زانینێکە بە هیچ شێوەک گومان و دوودڵی هەڵناگرێت، ((یەقین مولکداری دڵە، بە ئەوەوە ئیمان کامڵ دەبێت و بە یەقینەوە خودای گەورە دەناسرێت) (قوشەیری، ٢٠١٦: ١٤٣).

"یەقین" سێ پلەی هەیە:

**أ. علم الیقین:** لە ڕێگەی هەوڵ و تێکۆشان بەدەست دێت، یان خودا دەیبەخشێت، ((ئەوەیە لە ڕێگەی تیۆری بەڵگەدارییەوە بەدیدێت)) ((سورەوەردی، ٢٠٢١: ٦١١).

**ب_عین الیقین:** قۆناغی دووەمی زانینە و تایبەتە بە خاوەن زانستەکان، ((خودا دەیەوێت بەندە ئەوەندە پاکبێتەوە تا دەگاتە ڕادەی ئەوەی کە شیاوی ئەوە بێت، کە لە ڕێگەی دەرخستن و بینینەوە بە چاوی بەصیرەت نووری خودا لەدەروونیدا بچەسپێت و باوەڕەکەی ببێتە "عین الیقین")), نەقشبەندی، ٢٠١٥: ٥٦)، ئەمەش ئەهلی عیرفان لە خەڵکی دی جیا دەکاتەوە و لە ئیمانی تەقلیدییەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئیمانی شهودی.

**پ_ حق الیقین:** ئەم چەمکە دواهەمین قۆناغە و بۆ خاوەن مەعریفەکانە، بریتییە لە ڕاستەقینەیی یەقین و ئەوپەڕی تێگەیشتن و دڵنیاییە بۆ نەهێشتنی هیچ گومانێک، لەم قۆناغەدا دەروون ساز و ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی بگات بەو مەقامە، بەمەش ((چاوی دەروون دەکرێتەوە و پەردە لەسەر نهێنییەکان لادەبرێن و باوەڕ پلە بە پلە هەڵدەکشێ)) (بەرزنجی، ٢٠١٩: ١٨٤).

(علم الیقین)، وەک ئەو کەسەی بە عادەت یان بە زانین یان بە باسکردن دەزانێت لە دەریادا ئاو هەیە، (عین الیقین)، وەک ئەو کەسەی دەڕوات و لە کەناری دەریا دەوەستێت و دەیبینێت، (حق الیقین)، وەک ئەو کەسەی دەچێتە ناو دەریاکەوە بەرکەوتنی لەگەڵدا دەکات و هەستەکانی بەشدارە تیایدا.

**٢_٣_٥_ محاضرة:** ئامادەیی و سازانی دڵە بۆ وەرگرتنی ڕاستییەکان، هەندێک جاریش ((گەڕانەوەی بەندە بۆ هەستکردن بە حاڵی خۆی و حاڵی دروستکراوەکان، دەوترێت ئەو ئامادە بووە)) (قوشەیری،٢٠١٦: ١٦٨).

**٢_٣_٦_ مکاشفة:** حاڵەتێکی دەروونییە، عاریف وا هەست دەکات پەردە لە نێوان خۆی و خودا نەماوە، دڵ بە تەواوەتی حەقی دۆزیوەتەوە و پێویستی بە سەلماندن نییە، ((ئەم حاڵەتە ئەوەی نەیچەشتبێت و ئەزموونی نەکرد بێت، ناتوانێت بە تەواوی پێناسەی بکات، بینینەکەش بینینی دڵە، نەک چاو)) ( شوان، ٢٠٠١: ٤١٥).

**٢_٣_٧_ مشاهدة:** لە بینیندا گومان بە تەواوەتی شوێنەواری نامێنێ و یەقین زیاد دەکات، ((نووری جیلوەکردن بەدوای یەکدا ڕوو لە دڵ دەکەن و بەسەریدا دادەبارێت بەبێ ئەوەی پۆشەر و بڕین بکەوێتە نێوانیانەوە)) (قوشەیری، ٢٠١٦: ١٧٧).

**٢_٣_٨_ مەقامەکان:** شوێنی مانەوەی کەسێکە و لە جێگەیەکدا و سەرقاڵبوون و خۆ ڕامهێنانە تیایدا، مەقام چەمکێکی قورئانییە و لە چەند شوێنێکدا ئاماژەی پیکراوە(ذلك لمن خَافَ مَقامي وخاف وَعِيد ) (سورة ابراهيم: ١٤)، واتە: ((ئەوانە کەسانێکن لە وەستانی بەردەم خودا دەترسن و بیم و ترسیان هەیە لە هەڕەشەکانی خودا)) (امین، ٢٠٠٤: ٢٥٧)، مەقام بەهۆی کۆشش و وەرزشی قورسەوە بەدەست دێت و بەردەوام پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانە، ((مەقام بۆیە ناو نراوە مەقام، چونکە بەردەوام چەسپاوە، مەقامەکانیش بە شێوەیەکی گشتی ئەمانەن: " تۆبە، وەرع، زوهد، سەبر، هەژاری، شوکر، خەوف، ڕەجا، تەوەکول، ڕەزامەندی")) (سورەوەردی، ٢٠٢١: ٥٤٦)،

**٢_٣_٩_ حاڵەکان:** بەهرە و بەخششێکی خودایە بەسەر دڵدا دێت، جێگیر نییە و گۆڕانی بەسەردا دێت و بەردەوامی بۆ نییە، ((خاوەن حاڵیش لە حاڵەکەیدا بەرز دەبێتەوە، عاریف بوونیش حاڵە، نەک قسەکردن)) ( القاشاني ،٢٠١٢: ١٩٣)، حاڵەکانیش دە حاڵن کە بریتین لە: ((خۆشەویستی، شەوق، ئونس، قورب، حەیا، ویسال، قەبض، بسط، فەنا، بەقا)) (سورەوەردی، ٢٠٢١: ٥٨٠).

**٢_٣_١٠_ بوون (وجود):** بوون لە هەردوو دیدی فەلسەفە و عیرفاندا جیاوازە، لە فەلسەفەدا بەم جۆرە پێناسەی "بوون" کراوە ((بوونی ڕاستەقینە ئەو بوونەیە کە لە بوونی مرۆڤدایە و تایبەتە بە مرۆڤ، چونکە مرۆڤ مەوجودێکی بیرکەرەوەیە و گرنگی بە بوونی خۆی دەدات، ئازادی و هۆشیاری و بوونی ئیمکانەتەکانی، یەکێکن لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ)) (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨: ١٨)، بەڵام لە جیهانبینی عیرفاندا "بوون" پەیوەست دەکرێت بە

خوداوە و خودا بە حەقیقەتی بوون دەزانرێت، (( بریتییە لەو بوونەی کە هەمیشەییە و داماڵراوە لە گۆڕانکاری و هەموو جۆرە ناتەواوی و کەموکورتییەک، ئەسڵ و بنەڕەتی هەموو شت و بوونەکانە)) (زەندی، ٢٠١١: ٧١).

**٢_٣_١١_ یەکێتی بوون (وحدة الوجود):** یەکێتی بوون، بە لای زۆرێک لە ئەهلی عیرفان زیاتر بەلای ئەم بۆچوونەدا چوونە، کە لە هەموو جیهان و گەردووندا یەک بوونی حەقیقی هەیە، کە خودایە، هەموو هەبووەکانی تریش سێبەر و دەرکەوتەی ئەو تاکە بوونەن، ((غەزالی بەدوو چاو بوون دەبینێ، جارێ بە چاوی تاک کە تەواویی هەر شایانی ئەوە، جارێکیش بە چاوی کۆ یان بە چاوی زۆری بەدیدەکات، کە هەموو بوونەوەران بەندن بە بوونی حەقەوە) ( شوان، ٢٠٢١: ١٤٠)).

**٢_٣_١٢_ مورید**: کەسێکە تەریقەت لە ڕێگەی شێخەکەیەوە وەردەگرێت، وەکو قوتابییەک لەبەردەم مامۆستاکەی گوێڕایەڵی فەرمانەکانێتی، ((مورید سەرسامە بە پلەی ڕۆحی مورشیدەکەی، هۆگری شێخەکەیەتی، پلەکانی تەریقەت دەبڕێت، بەجۆرێک تا دەبێتە سۆفییەکی ڕاستەقینە)) (گولەن، ٢٠١٣: ٤١).

**٢_٣_١٣_موراد:** کەسێکە تەنها بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەروونی و پشتکردنە حەز و ئارەزووەکان دەگات بە ڕێگەی حەقیقەت، تاکە ئامانجیشی نزیکبوونەوەیە لە خودا و بەدەستهێنانی دڵ و دەروونێکی پاک و خاوێن.

**٢_٣_١٤_ سالک:** ڕێبواری ڕێگەی حەقیقەتە هەنگاو بە هەنگاو مەقامەکان دەبڕێت، بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕاستەقینە، بە شێوەی کردەیی، نەک تیۆری، ((ئەو کەسەیە لە حاڵی تایبەتی خۆیدا پلەکان دەبڕێت، ئەمەش بەهۆی زانیاری و زانستەوە نییە، بەڵکو حاڵێکی دەروونی تایبەتە و هەست بە بەرزبوونەوە دەکات، هەتا چاو بڕبکات بەرز دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ گومان و دوودڵییەک لای ڕووبدات)) ( القاشاني، ٢٠١٢: ١٩٠).

**٢_٣_١٥_ شەتەحات:** جۆرە قسەیەکی شاز و نابارە، بریتییە لە ((قسەی پەرش و بڵاو و وڕێنە و بێ مانا یان نەگونجاو لەگەڵ عەقڵ و ئاییندا)) (شەبەستەری، ٢٠١٨: ٤٤٥)، ئەم جۆرە لە دەربڕین دەرئەنجامی حاڵەتێکی نائارامی دەروونییە، کە بەشێک لە عاریفان تووشی دەبن، لە هەمان کاتدا شەتەحات یەکێکیشە لە سیما دیارەکانی شیعری عیرفانی، ((ئەزموونی عیرفانی زمانێکی پێویستە بۆ دەربڕینی شتە بەرهەستە ناباوەکان، ئەمەش هۆکاری سەرەکی پەیدابوونی شەتەحاتە)) (شکار،٢٠٠٩: ٨٥ ).

**٢_٣_١٦_ وەلی:** چەمکێکی قورئانییە و بە مانای خۆشەویست و دۆست هاتووە، بە ئەزموون و هەوڵ و ماندوو بوون بەدەستدێت، (اللَّهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنُوا) (سورة البقرة: ٢٥٧)، واتە: (خوا دۆست و پشتیوانی ئەوکەسانەیە کە باوەڕدارن) (امین، ٢٠٠٤: ٤٣ ).

**٢_٣_١٧_ ویلایەت:** پلەیەکە لە دۆستایەتی لەگەڵ خودا، بە شێوەیەکی گشتی هەموو موسڵمانێک دەگرێتەوە، کە باوەڕی بەخودا هەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی ئەوانە دەگرێتەوە، کە بەردەوام لە کۆششدان و ئەم پلەیەش پێویستی بەمەعریفەیەکی قووڵ هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر هەیە.

**٢_٣_١٨_ نەفس:** نەفس سێ جۆری هەیە، نەفسی خراپەکار، نەفسی لۆمەکار، نەفسی ئارام، عاریفان بەردەوام خەریکی لۆمەی نەفسی خراپەکار بوونە و لە شەڕ و ململانێدا بوونە لەگەڵیدا و لە هەوڵ و کۆششدا بوونە بۆ ئەوەی بەسەر نەفسی خراپەکاردا زاڵ بین و بگەن بە نەفسی ئارام، چونکە ((نەفس سەرچاوەی حەز و ئارەزووەکانە و ئەگەر جڵەوی نەگیرێ، ئەوا مرۆڤ تووشی هەڵە و تاوان دەکات)) (القاشاني،٢٠١٢: ٨٢).

**٢_٣_١٩_ ڕۆح:** ڕۆح مەزنترین دروستکراوی خودایە، تەنها خودا زانستی تەواوی پێی هەیە ((وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّى وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلْعِلْمِ إِلَّا قَلِيلًا)) (سورة الاسراء: ٨٥)، واتە ((پرسیارت لێدەکەن لەبارەی ڕۆحەوە، پێیان بڵێ: ڕۆح لە ئەمری پەروەردگارمە، ئێوە کەمێک زانستان لەوبارەیەوە پێدراوە))، (امین، ٢٠٠٤: ٢٩٠ ). ((ڕۆح مرۆڤ ڕێنموونی دەکات بۆ هەڵبژاردنە دروستەکان، کاتێک گوێی بۆ ناگرین، لەو بارەدا دەنگی نەفس کە لە میزاجەوە هاوار دەکات و بەهێزترە لە دەنگی ڕۆح)) (فتاح، ٢٠٢٠: ٢٨٠).

**٢_٣_٢٠_ خەڵوەت:** عاریف بۆ ئەوەی زیاتر لە خودا نزیک بێت و دڵ و دەروونی هەمیشە بە پاکی ڕابگرێت، بەردەوام کات تەرخان دەکات تیایدا خەریکی خەڵوەت و گۆشەنشینییە، تیایدا تەنها یاد و زیکری خودا دەکات و خۆی لە هەموو شتێکی دونیایی بەدوور دەگرێت، چونکە پێیان وایە تاکە ڕێگەیەکە بۆ بەدەستهێنانی ئیخلاص، ((گەر خودا ویستی بەندە لە زەلیلی و یاخی بوونەوە بۆ عیززەتی گوێڕایەڵی بگوێزێتەوە تەنهایی و خەڵوەتی لا شیرین دەکات)) (قوشەیری، ٢٠١٦: ٢٢٤).

**٢_٤_ ڕەنگدانەوەی ئایین و عیرفان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا:**

زۆربەی شاعیرانی کورد لە ڕابردوودا لەبەر ئەوەی لە مزگەوت و حوجرەکانەوە پێگەیشتوون و سەرچاوەی زانیاری و مەعریفەکانیان لەوێوە وەرگرتووە، کە بریتی بووە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) و زانستە شەرعییەکان، ئەمەش وایکردووە ئەو کاریگەرییە لەسەریان دەربکەوێت ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانیاندا هەبێت، بەرهەمی سەرەکی ئەوانیش شیعر بووە، (شیعر هەواری سۆز و ئەندێشە و زمانی ڕاز و هێما و نهێنییە، لە هەمان کاتیشدا عیرفان هەر لە گیانپەروەری و ئیلهامەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە هاوسەرچاوەیی ئەو دوانەی لێک نزیک کردۆتەوە) (سەید مینە، ٢٠١٨: ٨٠).

**٢_٤_١_شیعری ئایینی:**

عەرەبەکان لە سەردەمی جاهیلیدا خاوەن بەهرەیەکی مەزن بوون لە شیعردا، بابەتەکانیشیان زیاتر بریتی بووە لە دڵداری و وەسف و ستایش و دلێری و لاواندنەوە و داشۆرین، کە لە شێوەی غەزەل و قەصیدە دا بە شێوەیەکی هونەری بەرز دەردەبڕدران، ((لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامیشدا بارودۆخێکی نوێ هاتە کایەوە، شاعیران بۆ سەر سێ کۆمەڵ دابەشبوون: هەندێکیان بە تەواوەتی وازیان لە شیعر هێنا، هەندێکی تریان بە شیعرەکانیان لە دژایەتی کردنی موسڵمانان بەردەوام بوون، بەشێکی تریشیان لەسەر شیعر بەردەوام بوون، بەڵام پابەند بوون بەو سنوورەی کە ئایینی ئیسلام بۆی دیاریکردبوون، وەک: حەسانی کوڕی سابت، عەبدوڵای کوڕی ڕەواحە، دواتریش کەعبی کوڕی زوهێر)) (شوان، ٢٠٠١: ١٩٤).

شیعر بەپێی قۆناغەکان گۆڕانکاری بەسەردا هات و هەر سەردەم و قۆناغێکیش مۆرک و سیمای تایبەتی بە خۆی وەرگرت، لەسەردەمی پێغەمبەر(د.خ) زیاتر شیعرەکان لە چوارچێوەی بیر وباوەڕدا بوون، لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەریش(د.خ) لە خۆشەویستییان بۆی شیعری لاواندنەوە و خەم پەیدابوو، دواتریش بەپێی قۆناغ و سەردەمەکان شیعری ئایینی گرنگی خۆی پەیدا کرد، بە تایبەتی شیعری ستایش و پیاهەڵدان، بۆ نموونە، یەکێک لە ئەو قەسیدانەی کە تایبەتە بە ستایشی پێغەمبەر(د.خ) و کاریگەری زۆریشی هەبووە لەسەر شاعیرانی کورد، قەسیدەی "بووردە"ی "بووسیری"ە، ((ئەم قەسیدەیە تا ئێستاش ویردی سەر زاری فەقێ و مەلاکانە، بووەتە دروشمێکی گەورە بە تایبەتی لە مانگی مەولود دەخوێندرێتەوە، قەسیدەکەش بەم شێوەیە دەستپێدەکات:

**"مولای صل وسلم دائما أبدا    علی حبيبک خير خلقهم"**)) (شوان، ٢٠٠١: ٢٢٠).

### ٢_٤_٢_ شيعرى ليريكى ئيسلاميى:

شاعير بۆ گوزارشتكردن له پاڵنەره هەستى و دەروونييەكانى، وەك ئامرازێك بۆ گوزارشتكردن لەو پاڵنەرانە دێت له ڕێگەى دەربڕينەكانييەوه هەستەكانى دەردەبڕێت، ((شيعرى ليريكى به شيعرى گۆرانيش ناونراوه، چونكه لەسەر ئامێرێكى مۆسيقيى بەكاربراوه، هەندێكيش به شيعرى ويژدانيى يان خوديش ناوزەندى دەكەن، لەبەر ئەوەى گوزارشت له سەرنج و هەڵچوونەكانى شاعير دەكات، هەندێك سەرچاوەش به شيعرى عاشقانه ناوى دەبەن)) (حسەين، ٢٠٠٧: ٥٣)، يەكێك له تايبەتمەندييەكانى ئەم جۆره شيعره ئەوەيه ڕەنگدانەوەى ناوەوەى شاعيره و تاقيكردنەوەيەكى كەسييه، شيعرى ليريكى ئيسلاميى له ڕووى ناوەڕۆكەوه دەبێته دوو بەش:

**يەكەم : پاڕانەوه "موناجات – ئيلاهيات":** ناوەڕۆكەكەى بريتييه له باسكردن و ناوهێنانى ناو و سيفەتەكانى خودا و پاڕانەوه و وەسفكردنى گەورەيى و تواناى خودا، زمانى ئەم جۆره شيعره تێكەڵه و زاراوەى ئايينى و عەرەبى بەكاردەهێنرێت، حاجى قادرى كۆيى دەڵێت:

**"ئەى بێ نەزير و هامتا هەر تۆى كه بەرقەرارى**
**بێدار و بێ ديارى، بێدار و پايەدارى**
**بۆ باخى مەردى باخى سەرمايەكەى خەزانى**
**بۆ مەزرەعەى فەقيران سەرمايەكەى بەهارى**
**تۆ پادشا نشينى بۆ هەر سەودايى ئەعزەم**
**بێ صەدر و شا نشينى بێ پەرده پەرده دارى"** (حاجى قادرى كۆيى، ١٣٩٠هـ: ١٥٠).

**دووەم: نەعت و پياهەڵدان:** له هەموو ڕوويەكەوه وەكو موناجات وايه، بەڵام تايبەته به پێغەمبەر (د.خ) و ناوى (محمد) دەبات، جگه لەوەش باس لەمانەش دەكات: (ڕووداوى ئيسرا و ميعراج، موعجيزەكان، شەفاعەت، شێوه و ڕەنگ و ڕوخسارى پێغەمبەر، كۆچكردنى له مەكه بۆ مەدينه، كۆچى دوايى و...تاد)، له ديوانى زۆرێك شاعيراندا ئەم جۆره له شيعر دەبينرێن، نالى دەڵێت:

**"ئەى تازه جەوان! پيرم و ئوفتاده و كەوتووم**
**تا ماوه حەياتم**
**دەستێ بدەره دەستى شكستەم، كه بەسەرچووم**
**قوربانى وەفاتم**
**تۆ يوسفى نەو حوسنى لەسەر ميسرى جيهانى**
**من پيرم و فانى**
**لەم كوڵبەيى ئەحزانه نه زيندووم و نه مردووم**
**هەروا به تەماتم"** (نالى، ١٣٧٩هـ : ٢٧٥).

شیعری ئایینی لە بواری ستایش و پیا هەڵدان چ بەرامبەر بە خودا، یان بەرامبەر بە پێغەمبەر (د.خ) ڕەگێکی قوڵی هەیە، ئەمەش بۆ کاریگەری ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی و شاعیران بە تایبەتی، ((هەر یەک لە قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر پێکەوە سەرچاوەیەکی گرنگ بوون لە بەرجەستە کردنی پێوەرە ئایینی و ئاکارییەکان لە شیعری نیوەی یەکەمی سەدەی بیست) (عەبدولواحید، ٢٠٠٥: ١٨٥).

### ٢_٤_٣_ شیعری عیرفانی:

ئامادەیی بابەتە ئایینییەکان لە نێو دەقە شیعرییەکان و کاریگەر بوونیان بە بەرهەمی عاریفانی دیکە جیهانی ئیسلامی وەک "مەولانای ڕۆمی خواجوی کرمانی و حافیزی شیرازی، شێخی سەعدی" بووەتە هۆی ئەوەی ((بەشێکی زۆری بەرهەمی شاعیرانی کلاسیک، جگە لە ڕەهەندە ئایینیەکە بە شێوەیەکی گشتی، لایەنی تەسەوف و عیرفانییش ببینرێت)) ( کەلهوڕ، ٢٠٠٨: ٦).

بوونی تەریقەتەکانی تەسەوف، بە تایبەتیش هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی کاریگەری گەورەیان لەسەر زانست و فەرهەنگی ڕۆشنبیری شاعیران و عاریفان دروستکرد، چونکە بەشێک لەو شاعیرانەی لەو بوارەدا هەڵکەوتن، خۆیان یەکێک بوونە لە موریدانی ئەو تەریقەتانە بە تایبەتی تەریقەتی نەقشبەندی.

شیعری عاریفانە و سۆفیانە زێتر بەوە ناسراوە، کە گشتگیرییەکە لە پاڕانەوە، موناجات، ناوەڕۆکەکەی زێتر بریتییە لە زەمکردنی دونیا و دوورکەوتنەوە لە دونیاپەرستی و خۆشەویستی خودا، ئامانجی کۆتایی سالیکیش ڕێگای حەقە، (ئەم ناوەڕۆکە عیرفانییە هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئەم جۆرە لە شیعر ڕەنگێکی عاشقانە لە خۆ بگرێت، ئەمەش باشترین دەستکەوت بووە بۆ گۆرانی غەزەل لە عیشقی مەجازی و شەهوانییەوە، بۆ خۆشەویستی ڕۆحی و عەشقی حەقیقی) (زرین کوب، ١٣٨٥: ١٢٨).

شیعری عیرفانی جگە لە ناوەڕۆکە ئایینییەکەی زمانێکی تایبەت و ناوەڕۆکێکی تایبەت بە خۆی هەیە و هەڵگری واتاگەلێکن، کە زمانی ئاسایی ناتوانێت نهێنی و هەڵچوون و جەزبەی ڕۆحی و عیرفانی شاعیرانی ئەو بوارە دەرببڕێت، جگە لەوەش بارکردنی واتاگەلێک لە هەندێک وشە و دەستەواژە جیاواز لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی وایکردووە بە ئاسانی تێگەیشتن ڕوو نەدات، سیما و ناوەڕۆکی شیعری عیرفانی و ئەو بەیتە شیعرانەی کە بۆنی تەسەوف و عیرفانی لێدێت، بەوە دەناسرێنەوە، کە ((تێیدا دونیا وا وێناکراوە، کە بریتییە لە فیتنە و دڵ نەبەستنەوە پێی، هەروەها ئیعتراف بە بچووکی خۆ و باسکردنی مەقامەکان و

حاڵەکان و توانەوە لە عیشقی خودایی و دژایەتی کردنی نەفس و پاککردنەوەی دڵ و دەروون، دواتریش باسکردنی مەرگ، کە تێکدەری هەموو چێژ و خۆشییەکانە، هاوکات دانانی بە حەقیقەتی محەممەدی و ستایشکردن و دواتریش ئاماژەکردن بۆ هەندێک لە زانایان و ناودارانی بواری تەسەوف و عیرفان)) (بەرزنجی، ٢٠٢١: چاوپێکەوتن).

هاوشێوەی شیعری ئایینی، لە شیعری عیرفانیشدا ئاماژە بە ئایەت و فەرموودە دەکرێت، یاخود تێکەڵکردنی چەند دەستەواژەیەک لە ئایەت و فەرموودەکان لەگەڵ شیعرەکان سیمای دیاری ئەو ئەدەبییاتەن، سەبارەت بە دەرکەوتنی چەمکەکانی تەسەوف و عیرفانیش لای شاعیرانیش بە زنجیریەک دەست پێدەکات، کە سەرەتاکەی باباتاهیری هەمەدانییە، تاوەکو سەردەمی بابانەکان کە بە سەردەمی زێڕینی ئەدەبی کلاسیک دادەنرێت و دوای ئەوانیش سەردەمی نەوەی دووەمی کلاسیکە، ((لەپاش لێکۆڵینەوە گەیشتینە ئەوەی کە بتوانین شاعیرانی پسپۆڕی شیعری عیرفانی دەستنیشان بکەین، کە بریتین لە: باباتاهیری هەمەدانی، مەلا پەرێشان، مەلای جزیری، مەحوی، هەروەها تاکە تاکە لە شیعری شاعیران وەک، کوردی، وەفایی، حەریق، هی تریش دەبینرێ)) (خەزنەدار، ٢٠٠١: ١٧).

لێرەدا ئاماژە بە چەند شاعیرێکی کلاسیک دەکەین، کە خۆیان لە هەمان کاتدا سۆفی و عاریفێکی گەورە بوونە و شیعرەکانیشیان ڕەنگدانەوەی ئەو جیهانەن، هەندێکی تریشیان هەرچەندە خودی خۆیان سەر بە ڕێبازەکانی تەریقەت نەبوونە، بەڵام لە شیعرەکانیاندا سیمای تەسەوف و عیرفان دەبینرێن، بۆ هەر یەکێکیشیان چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو:

١. باباتاهیری هەمەدانی (باباتاهیر کوڕی فەرەیدوونە، ٩٣٥ – ١٠١٠ ز)

باباتاهیری هەمەدانی جگەلەوەی شاعیر بووە، عاریفێکی گەورەی سەردەمی خۆیشی بووە، پەیڕەوی فەلسەفەی ئایینی یارسانی کردووە، فەلسەفەی ئایینی یارسان ڕەنگدانەوەی زۆرە لە چوارینەکانی باباتاهیردا، لەم شیعرەدا کۆمەڵێک دەستەواژەی عیرفانی دەبینرێن، کە ئاماژەیەکی ڕوونە لەسەر جیهانبینی باباتاهیر لەسەر مەسەلەی عیرفان، وەک: بینینی خوا بە چاوی دڵ، چەمکەکانی فەنا و بەقا، دۆزینەوەی خودا لە ئەنجامی ونکردنی خود. دەڵێت:

**"رأيت ربي بعين قلبي فقلت: من أنت؟ قال: أن**
**فليس للأين منک أين وليس أين حيث أنت**
**ففي بقائي ولا بقائي وفي فنائي وجدت أنت**
**في محو اسمي ورسم جسمي سألت عني فقلت أنت"** (شکار، ٢٠٠٩: ٢٠٤)

له چوارینەیەکی دیکەدا باباتاهیری هەمەدانی باس لە سادەیی خۆیی و بێ نرخی دونیا و بێ ماڵ و حاڵی خۆی دەکات:

**"موو ئان ڕەندەم کە نامەم بێ قەلەندە**

**نە خون دیرەم نە مون دیرەم نە لەنگەر**

**چوو روز ئایەد بگەردەم گەردی گیتی**

**چوو شەو ئایەد بە خشتی وانەهەم سەر"** (باباتاهیر. ٢٠٠٧: ٣٤).

٢_ مەلا پەرێشان (محەممەد ئەبوالقاسم، ١٣٥٦ – ١٤٠١ ز)

مەلا پەرێشان بە شێوەی هەورامی شیعری هۆنیوەتەوە، بیروباوەڕی مەزهەبی شیعایەتی ڕەنگی داوەتەوە لە شیعرەکانیدا، لە شیعرێکدا باس لە پەشیمانی خۆی دەکات و داوا لە خودا دەکات تۆبەی لێوەربگرێت، کە یەکێکە لە مەقامەکان. هەروەک دەڵێت:

**"ئەر بەس پەی دەرپەی شکستەم تۆبە ئابی تۆبەی من بیەن بە حۆبە**

**هەم بە لوتفی تۆ ئاوردم پەناه ئامام وەرووی زەرد و وەنامەی سیاه**

**من پەناه ئاوەر یارەب توومجیر من تۆبە شکەن توو تۆب پەزیر**

**ئامام بە دەرگات بەندەی ڕوو سیاه موعتەریف وەسووی موقیڕ وەگوناه"**

(مەلا پەرێشان: ٦٤).

لە شیعرێکی دیکەدا دێتە سەر خۆشەیستی خودا و توانەوە لەو خۆشەویستییەدا ، پێی وایە خۆشەویستییەکەی بۆ خودا لەبەر بەهەشت نییە، بەڵکو ڕەخنەش لەو جۆرە بیروبۆچوونەش دەگرێت، بۆچوونی وایە ئەوە کڕین و فرۆشتنە نەک خۆشەویستی. دەڵێت:

**"چ حاجەت وە خولد حور و قسورەن بەهەشت پەرەس نیم یارم مەنزورەن**

**زاهید تۆ و حور و بەهەشتی بەرین من و خاکی کۆی دڵڕوبای دێرین"**

(مەلا پەرێشان: ٥٥)

٣_ مەلای جزیری (شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ محەممەد جزیری، ١٤٠٧ – ١٤٨١ ز)

مەلای جزیری شاعیرێکی ناوداری بواری تەسەوف و عیرفانە، لە شیعرێکیدا ئاماژە بە خۆشەویستی خودا دەکات و ئەو خۆشەویستییە ناگۆڕێتەوە بە هەموو دونیا و تەنانەت سوپاسی خودا دەکات لە جیاتی دینار و درهەم ئەوینی خۆی پێبەخشیوە. هەروەک لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت:

**"میننەت ژ خودایێ کو ب عەبدێ خوە مەلایێ**

**ئیکسیری غەمی عیشق نە دینار و درەم دا "** (مەلایێ جزیری، ٢٠٠٥: ٣٣).

مەلای جزیری باس لەوە دەکات، کە عاشق و مەعشوق ئاوێنەی یەکترین و هەموو مەقام و حاڵەکان و جەزبەی ڕۆحی و گرتنەبەری ڕێگای سالکین بە هەوڵ وتێکۆشان دێتە بەرهەم.

**"عاشق و مەعشوق ئەلحەق هەردوو میرئاتێ یەکن**

**بوو د عەینی جەمعێدا ئەصلێ قەدیم ئایینە بوو**

**جەذبە و سەیرا سلووکێ بێ مەحەببەت نابتن**

**جەهدەیا بێ عیشق و حوب چەندی کو کر بێ فەیدەبوو"** (مەلایی جزیری، ۲۰۰۵:۲۹٦).

٤_ ئەحمەدی خانی (ئەحمەدی کوڕی شێخ ئەلیاسی خانیانی بایەزیدی بۆتانە(١٦٥٠_١٧٠٦ز)

ئەحمەدی خانی لە دیوانە شیعریەکەیدا ئاماژەی بە زۆرێک لە وشە و زاراوەکانی تەسەوف و عیرفان کردووە و هەموو داستانی مەم وزین دەخاتە چوارچێوەیەکی سۆفییانەوە. جگە لەوەش خانی خودی خۆی سەر بە ڕێبازی نەقشبەندی بووە، لە سەرەتای داستانی مەم و زیندا دەڵێت:

**"خوش خەلقەتە هەم رەسولە هەم میر**

**پڕ حیکمەتە هەم کیتابە هەم شیر**

**ئەی واستهیێ وجودێ کەونەین**

**شایستەیێ قوربی قابە قەوسەین"** (سەنگاوی ، ۲۰۱۸: ٦٤).

ئەحمەدی خانی ناوی (حەللاج) و داری سێدارە دێنێت و دواتریش سەر و ماڵ و گیان دەکاتە قوربان لە پێناو پاکبوونەوەی دڵ و دەروون و گەیشتن بە پلە بەرزەکانی مەقامات.

**"سەر و مال و دل و جانێ مە فیدایێ تەبتن**

**بکە قەلبێ مە تو ساقی ژ شەرابا خوە تەهوور**

**دا بکەم کەسبێ مەقامات و عولوویێ دەرەجات**

**یا بکەم کەشفێ کەراماتێ ژ دارا مەنصور"** (ئەحمەدی خانی، ۲۰۱٦: ۲٥).

٥_ مەولانا خالیدی نەقشبەندی (خالیدی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حوسێنە، ١٧٧٢_-١٨٢٦ز)

مەولانا خالیدی نەقشبەندی جگە لەوەی ڕابەری تەریقەتی نەقشبەندی بووە و زانایەکی گەورە و خواناسێکی کەم وێنە بووە، لە هۆنینەوەی شیعریشدا دەستێکی باڵای هەبووە، مەولانا خالید لە دێرە شیعرێکدا دێتە سەر حەقیقەتی نووری محەممەدی و پێیوایە ئەو نوورە ئەزەلییە و خوا لە ئەزەلەوە دروستیکردووە. دەڵێت:

**"دڵە وشیاربە ناوی پڕ تەوی حوسنی ئەزەل لێرە**

**تەجەللی دەم بەدەم بۆهەمدەمی قەلبێکی وشیار دێ"** (محمد، ١٩٨٧: ١٢٩).

لە شیعرێکی دیکەدا مەولانا خالید لە دەرگای خودا داوای تکا دەکات، بەهۆی زۆری گوناهەکانی، خۆیشی بە سەرقافڵەی گوناهکاران دەزانێت بۆیە داوا دەکات خودا دەرگای لێخۆشبوونی بۆ والا بکات. دەڵێت:

**"یا شا! جەدەرگات ئێدەمەن ڕجا**

**ببەخشی گۆنای بەندەی ڕووسیا**

**من کە سەرحەلقەی گۆناکارانم**

**سەرتۆق جەرگەی شەرمەسارانم**

**هەرچێوەم کەردەن جە نافەرمانی**

**نادانیم بیەن تۆ وێت مزانی**

**یەک ئەمجار بە لوطف ببەخشم گوناهـ**

**أستغفروا اللە... أستغفروا اللە"** (مودەڕڕیس، ٢٠١١: ٥١٣).

٦_ نالی (مەلا خدری کوڕی ئەحمەد شاوەیسی ئاڵی بەگی میکایلییە، ١٧٩٧_-١٨٥٥ز)

نالی ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگداری ئاسمانی ئەدەبی کوردییە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەهلی تەریقەت نەبووە، بەڵام بەهۆی کاریگەری بە دونیای تەسەوف و عیرفان لە دیوانە شیعرییەکەیدا چەندین پارچە شیعر لە چوارچێوەیەدا دەبینرێن، نالی باس لە و جەزبە ڕۆحیە دەکات، کاتیک بە دەوری کەعبەدا دەسوڕێتەوە، ئەو سات و حاڵەتەش دەچوینێت بە سووتانی پەروانە بە دەوری ڕووناکیدا. هەروەک دەڵێت:

**"چ جەذبە؟ جەذبەیی ضەوئە لە قەندیلی حەرەمدا، وا**

**دەبێ ئینسان لە طەوافیدا بسوتێ میثلی پەروانە"** (نالی، ١٣٩١هـ : ٥٠١).

لای نالی سەرباری ئەوەی عیشق و خۆشەویستی بنەمای سەرەکییە لە شیعرەکانیدا، لەگەڵ ئەوەشدا سۆزی عاریفانە لە شاکارە شیعرییەکانی دەچۆڕێت. نالی دەڵێت:

**"ئەی جیلوەدەری حوسن و جڵەو کێشهی تەماشا**

**سەر ڕشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە، حاشا**

**فەییازی ڕەیازی گوڵ و میهر و مل و لەعلی**

**ئەی شەوقی ڕوخ و زەوقی لەبت زائیقە بەخشا"** (نالی، ١٣٩١هـ : ٧٥).

٧_ مەولەوی (سەید عەبدولڕەحیمی کوڕی سەعیدی تاوەگۆزی، ١٨٠٦ – ١٨٨٢ ز)
سۆفی تەریقەتی نەقشبەندی بووە و بە شێوەزاری هەورامی هۆنراوەکانی هۆنیوەتەوە، مەولەوی لە شیعرێکدا باس لە هەردوو چەمکی (خەوف و ڕەجا) دەکات، کە دوو چەمکن لە حاڵەکانی ڕێگەی تەسەوف و عیرفان، مەولەوی ڕوو دەکاتە خودا و بچووکیی خۆی پیشان دەدات و چاوەڕوانە لە نێوان مەترسی نەگەیشتن و هیوای گەیشتن بە خودا و داوا دەکات ڕێگای پیشان بدات، دەڵێت:

**"نە یارای خەیاڵ وەساڵی تۆمەن**

**نە تابی دووری خەیاڵی تۆمەن**

**دڵ مەندەن نەبەین خۆف و ڕجا دا**

**مەزانۆ ڕاش کام یاوۆ ئەو لادا"** (مەولەوی، ١٣٩٠هـ : ٢٢٤)

مەی و ساقی لای مەولەوی پانتاییەکی فراوانی لە شیعرەکانی داگیرکردووە، کە مەی لە جیهانی تەسەوف و عیرفاندا واتە خۆشەویستی خودا و هێمایە بۆ تەریقەت و ساقیش هێمایە بۆ مورشید، مەولەوی داوا لە ساقی دەکات تا فریای بکەوێت، بە ڕووی نازەوە ئاوڕێکیش لەو بداتەوە و بۆ ئەوەی بەیانیان و ئێواران باسی خودای بۆ بکات. هەروەک دەڵێت:

**"ساقی سا دەخیل وە فریادم ڕەس**

**بە ڕووی نازەوە جام گێرە وە دەس**

**دەور دەرە وە ناز چون هەردە جاران**

**پێم دەر یەک مەنێ سەبا و ئێواران"** (مەولەوی، ١٣٩٠هـ : ٢٨).

٨_ (شێخ نوورەددینی کوڕی سەید عەبدولجەباری بریفکانی، ١٧٩٠–_ ١٨٥١ ز)
بریفکانی بیری سۆفیگەری و عیرفانی لە شیعرەکانیدا زاڵە و بەشێکی زۆری شیعرەکانی لەو بوارەدان، ئەمەش لەلایەک بۆ شارەزایی بریفکانی دەگەڕێتەوە لە شارەزابوونی ئەدەبیاتی تەسەوف و عیرفان و کاریگەری ئەو ئەدەبیاتە لەسەری، لە دێڕە شیعرێکدا پایەی عیرفان دەردەخات و خۆیشی لەو پلەدا دەبینێتەوە. دەڵێت:

**"نوری، تویێ سەرمەرکەزێ عیرفان و مەقامات**

**صمتا وخمولا وزبولا وسلامات"** (بریفکانی، ٢٠٠٢: ١٠٣).

بریفکانی خودا بە حەقیقەتی بوون دادەنێت و بڕوای وایە تەنها خودا بوونێکی ڕاستەقینەیە هەموو بوونەکانی تر وەهمن، لە دێڕە شیعرێکدا خودا بە ئەزەل ناو دەبات، ئەمەش

حەقیقەتی بوونی خودا دەسەلمێنێت، کە خودا هەر هەبووە و هەر خۆیشی دەمێنێتەوە و خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهایە. دەڵێت:

**"مالیکولمولکی موجەڕڕەد، تویی بێ شبهـ و نەظیر**

**تویی ڕەبێ قیدەمێ حاکم و پادشاهێ ما"** (بریفکانی، ٢٠٠٢: ٣٩)

٩_ وەفایی (حاجی میرزا عەبدولڕەحیمی کوڕی مەلا غەفووری نەسرڕوڵڵا، ١٨٤٤_١٩١٤ز) وەفایی ئەگەرچی شیعرەکانی ڕواڵەتێکی دڵدارییان وەرگرتووە، بەڵام خۆی ڕەدی ئەوە دەداتەوە و دەڵێت هۆنراوەکانم بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر(د.خ) نووسیوە، وەفایی موریدێکی دڵسۆزی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بووە، وەفایی باسی ترس و هیوا دەکات و دەڵێت:

**"ڕۆح لەسەر لێوم، نەفەس گیرە لەنێوی خەوف و ڕەجا**

**چاوەڕێی فەرمانی تۆیە بچێتە دەر یا بێتە ژوور"** (وەفایی، ٢٠١٢: ٨٣).

وەفایی پەیمان بۆ شێخەکەی دووپات دەکاتەوە، کە ئەمەش ئەوپەڕی پابەندی وەفایی دەردەخات بەرامبەر بە ڕێبازەکەی. هەروەک دەڵێت:

**"دیسان لەسەر عەهدی(الست)، جامێک لە جامان بگرە دەست**

**هەتا ئەبەد مەخموور و مەست، هذا طریق العاشقین"** (وەفایی، ٢٠١٢: ١٧٦).

١٠_ بێخوود (مەلا مەحمودی کوڕی موفتی حاجی مەلا ئەمینی چاومارە، ١٨٧٩-_ ١٩٥٥ز) شاعیر و زانا و موفتی، بێخودی مەزن مەسەلەی ئایین بە شێوەیەکی گشتی و ستایشکردنی پێغەمبەر(د.خ)، بە تەواوەتی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە و نازناوی شاعیری پێغەمبەری (د.خ) بەسەردا دراوە، بێخود لە شیعرێکدا باس لە تەجەللی و نووری خودا دەکات و دواتریش دێتە سەر حەقیقەتی محەممەدی و یەکێک لە موعجیزەکان دەخاتەڕوو، کە لەتکردنی مانگە بە ئیشارەتی پەنجەی پێغەمبەر(د.خ). هەروەک دەڵێت:

**"هەتا تەجەللی خودا لە عالەما بکا ظهور**

**بەئاگری گوڵی چەمەن چیا ببێتە کێوی طور**

**فریشتە و ئادەمی هەتا ئەبەد لە خوار و ژوور**

**صەڵاتی حەق لەسەر شەهێ کە شەق ئەکا قەمەر لە دوور"** (بێخود، ١٣٨٤هـ : ٢١).

بێخود لە پارچە شیعرێکی دیکەدا باس لە گوناهباری خۆی دەکات و لە ئێستاوە تووشی لەرز و تابووە لە حەسرەت ڕووزەردی خۆی لە بەرامبەر خودا، هەموو ئەمانەش نەفسی بەد پێی دەکات و بە کەیفی خۆی هەڵیدەسوڕێنێت. هەروەک دەڵێت:

**"ئارەقم کرد و نەجاتی هەر نەدام دەردی گوناح**

**لەرز و تاداری خەجاڵەت خۆم و ڕوو زەردی گوناح**

**مشتە تۆوێ دانەوێڵەی چاکە شک نابەم کەچی**

**دائیمەن هەڵگێڕ و وەرگێڕی ئەکەم وەردی گوناح**

**وەک کەسێ لایدا لە ڕێ حۆلی بیابان وامنیش**

**نەفسی بەد پێم تەی ئەکا ئەم هەرد و ئەو هەردی گوناح"** (بێخود، ١٣٨٤هـ: ٣١).

١١_ صابری (شێخ نەجمەددین کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان بەرزنجی، ١٨٨١–_ ١٩٤٤ز)

صابری زۆربەی شیعرەکانی سیمای ئایینییان وەرگرتووە و لە هەمان کاتیشدا زاراوە و چەمکەکانی تەسەوف و عیرفان لە نێو غەزەل و بەیتە شیعرییەکانی دەبینرێن، لەلایەکی تریش خۆی و بنەماڵەکەشی خاوەن تەکیەن و سەر بە تەریقەتی قادرین، صابری ئامۆژگاری موریدەکان دەکات هەمیشە یادی خودا بکەن و مەردانە بەرەو ڕووی نەفسیان بوەستنەوە.

**"بێ یادی خودا عومر بە زایەع مەدە سۆفی**

**شێرانە لەگەڵ ڕێوی نەفسا لە غەزابا"** (صابری، ٢٠٠٨ : ١٧٥).

تەنانەت صابری ڕەخنە لە هەندێک ڕواڵەتی موریدەکان دەگرێ و تەوبەی نەسووح، کە یەکێکە لە مەقامەکان بە هۆکاری ڕزگاریی دەزانێت نەک شتی ڕواڵەتی. هەروەک دەڵێت:

**"هایوو هوویو پرچ و ڕیش و تەپڵ و دەف بێ حاسڵەحوسنی**

**نییەت و عەمەل تەوبەی نەسووح ئەتکا خەلاس"** (صابری، ٢٠٠٨: ١١٣).

١٢_-حەریق (مەلا صاڵەحی کوڕی مەلا نەسروڵڵای زێوەیی، ١٨٥١– ١٩٠٧ز).

حەریق لە پارچە شیعرێکدا باس لە چەمکی ترس دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ترسەکەی بۆ غەیری خوایە، بووەتە هۆی ئەوەی کە نەفسی بەد خووی بە ئیسراحەت پاڵی لێبداوەتەوە.

**"خۆفم لە خودا چونکە لەبەر غەیری خوایە**

**دیمەنم بەدڕوو سوڕەت وەک خەوف و ڕەجایە**

**پاڵی ڕەحەتی داوەتەوە نەفسی خەسیسم**

**یا ئەمنی غینا، یا ئەسری یەئس و هەوایە"** (حەریق، ٢٠١١: ١٤٠).

حەریق لە شیعرێکی تردا پێغەمبەر(د.خ) بە حەزرەتی لولاک ناوی دێنێت، کە عاریفانیش ئەو نازناوەیان تەنها بۆ پێغەمبەر(د.خ) بەکارهێناوە، هەروەک دەڵێت:

**"بە ئادەم تا بەخاتەم جوملەی عالەم پڕ سەدا و سەیدە**

**بە عەشقی حەزرەتی لەولاک ئەوەی زیندوو نەبێت مەیتە** (حەریق، ٢٠١١: ١١٧).

# بەشی سێیەم

# شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن

# بەشی سێیەم
# شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن

## ٣_- چەمکە عیرفانییەکان لە شیعری (مەحوی)دا

عاریفی گەورەی کورد مەلا موحەممەدی باڵخی لە سەرەتای ژیانییەوە مەسەلەی سۆفیگەری و عیرفان بەسەر بیرکردنەوە و هزر و هەڵسوکەوتیدا زاڵبووە، ئەویش لە ڕوانگەی ئەوەی کە باوکی (مەلا عوسمان) جگە لەوەی زانایەکی ئایینی بووە، یەکێک بووە لە موریدەکانی "شێخی سیراجەددین"، جگە لەوەش خۆیشی مەلایەکی ناودار بووە و شارەزاییەکی باشی لە زانستە ئیسلامییەکان هەبووە و ئاگاداری جموجوڵە ڕۆشنبیرییەکانی ناوچەکە بووە، لە لایەکی تریشەوە ((شاری سلێمانی لەو کاتەدا لە کەشی زانستدا زۆر لە پێش شارەکانی ترەوە بووە)) (خۆشناو، ٢٠١٨: ١١).

سەردەمی مەحوی لە ناوچەی سلێمانی سەردەمی دەرکەوتنی هەریەک لە "مەولانا خالیدی نەقشبەندی" و "کاک ئەحمەدی شێخ" بووە، کە ئەم دوو کەسایەتییەش لەو سەردەمەدا کاریگەریی گەورەیان لەسەر مەسەلە ئایینی و ڕۆشنبیرییەکانی ناوچەکە هەبووە، دواتریش ((هەریەک لە تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی لەناو سلێمانیدا بناغەیان دانابوو، بارودۆخی زانستییان بەرەو پێش بردبوو.)) (خۆشناو، ٢٠١٨: ١٢).

شارەزایی و لێهاتوویی مەحوی لە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و کاریگەربوونی بە شاعیران و کەسایەتییە گەورەکانی دونیای عیرفان، وەک: "شێخی سەعدی و حافزی شیرازی و مەولانای ڕۆمی و شەبستەری و بوسیری و حەللاج و ئیبن عەرەبی و مەولانا خالید و... تاد"، ((مەحوی توانیویەتی بەرهەمێکی ئەوتۆ دابنێ لە ڕووی ڕەمزی سۆفیزمی و ئیستێتیکی ڕۆمانتیزمییەوە بەرامبەر بەرهەمە گەورەکانی سۆفیزمی ئیسلامی بوەستێت و ببێ بە (مطلق) و لە لایەن هەموو کەسێکەوە چێژی لێوەربگرێ و بە چاوێکی بەرز تەماشا بکرێ)) (خەزنەدار: ١٩٩٠: ٩)، هەموو ئەمانە وایانکردووە مەحوی ببێت بە شۆڕەسواری ئەو مەیدانە و قۆناغ بە قۆناغ هەنگاوی بەرەو دونیای عیرفان هەڵبگرێ، ئەمەش وایکردووە شیعرەکانی ببێت بە هەڵگری گشت تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی عیرفانی و ڕێچکەیەکی تایبەتی لەم بوارەدا بۆ خۆی دروستبکات.

بۆ ئەوەی لە شیعری مەحوی بگەیت ((ئەبێ زۆر لە شیعری مەحوی وردبیتەوە، ئەبێ تەماشای کتێبی بۆ بکەی، ئەبێ لە شەرحەکانی حەدیث و تەفسیری قورئان و دیوانی شاعیرە گەورەکان فارسی شارەزاییت هەبێت)) (ئاگرین، ١٩٨٦: ٨٩)، لەبەر ئەوە شیعرەکانی مەحوی جگە لەوەی لە ناوەوە واتای قووڵی لەخۆگرتووە، لە ڕووکاری دەرەوەیشیدا وێنەی هونەری بەرز و ئیستێتیکی لێ دەچۆڕێت، ((مەحوی سەر بە ئەدەبیاتێکە کە بەلایەنی کەم دە سەدەیە ڕەگ و ڕیشەی ڕۆچۆتە نێو کولتووری ڕۆژهەڵاتەوە، هەر لە حەللاجەوە تا شیرازی و عەتار و ڕۆمی)) (مەلا، ٢٠١٣: ٢٤).

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە، دوا بەشی توێژینەوەیەکەیە و بەشی پراکتیکییە  بەسەر ئەم ناونیشانەدا دابەشکراوە،  بریتین لە:

١. چەمکە باوەکان.
٢. چەمکی دوالیزم.
٣. پەیوەندە نێوان دوالیزم و عیرفان.
٤. دوالیزم و ڕەوانبێژی.
٥. چەمکە دوالیزمە عیرفانییەکان.
٦. هێما عیرفانییەکان.
٧. چەمکە خودییەکان.

### ٣_١_ چەمکە باوەکان لە شیعری (مەحوی) دا

شاعیری گەورەی کورد مەحوی هاوشێوەی شاعیرە بەناوبانگەکانی دیکە نەتەوە موسڵمانەکان بەهۆی ئەوەی خۆی لە هەمان کاتدا سەر بەو قوتابخانەیە بووە، هاوکات بلیمەتی و شارەزاییشی لە بواری تەسەوف و عیرفاندا  وایکردووە سەدان چەمک و دەستەواژەی عیرفانی لە نێو بەیتە شیعرەکانیدا بەکاربهێنێت، لەلایەکی دیش دەوڵەمەندبوونی شیعرەکانی مەحوی لە بارەی چەمکە عیرفانییەکانەوە، هەموو ئەمانە ئاماژەی ڕوونن، کە مەحوی شاسواری ئەو مەیدانەیە. ((ئەوەی شارەزایی لە زاراوەکانی سۆفیگەری هەبێ و بتوانێ لە وشەی ئاسایی جیایان بکاتەوە، ئینجا بێت چاوێک بە دیوانەکەی مەحوی بگێڕێت، ئەوکاتە بۆی دەردەکەوێت کە، مەحوی وەستایانە و لێزانانە ئەو زاراوانەی لە شوێنی خۆیدا بەکارهێناوە و بەیتە شیعرییەکانی پێ ڕازاندۆتەوە)) (شوان، ٢٠٠١ : ٣٢٦).

گرنکترین چەمکە باوە عیرفانییەکان لە شیعرەکانی (مەحوی) دا بریتین لە:

**٣_١_١_ئەشک:** فرمێسک، گریان و فرمێسک ڕشتن و پەشیمانی دەربڕین و خۆبەخەجاڵت زانین، سیما و سیفەتی خواناسان و عاریفانە، مەحوی لە چەندین شوێندا ئەم چەمکەی بەکارهێناوە و لەم دێڕەدا باس لەوە دەکات، جگە لە پەشیمانی دەربڕین و خەجاڵەتی کێشان هیچ چارەیەکی تر شک نابات، چونکە ئەو چاوەی ئەگەر بۆ یەکجاریش بێت بۆ خودای ڕوانی بێت، لە ئاست گەورەیی ئەو زاتەدا دەبێت تا ماوە فرمێسکی پەشیمانی هەڵوەرێنێت.

**هەتا ماوە دەبێ ئەشکی نەدامەت داوەرێنێ چاو**

**عەرەق ڕیتن نەبێ، شەخسی لە کاری خۆ خەجڵ چ بکا؟** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٧٣).

**٣_١_٢_ ئەولیا:** مەبەست لێی دۆستان و خۆشەویستانە، بەلای عاریفەکانیشەوە ئەو کەسانەن کە لەدوای پێغەمبەرانەوە دێن و خاوەن پلەی تایبەتن لە خواناسی و دینداریدا، ئەمەش لە ئەنجامی وەرزشی ڕۆحی و پاککردنەوەی دڵ و دەروون و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی دێتەدی، سەبارەت بە ئەولیا مەحوی جەخت لەسەر پەیڕەوی سوننەتەکان و ڕێوڕەسمی هاوەڵان و پیاوچاکان دەکاتەوە، ئەو پەیڕەو و ڕێوڕەسمەی خودا و پێغەمبەران لە ڕێگەی هاوەڵانەوە بە ڕەزامەندی خودا دەزانێت. مەحوی دەڵێت:

**"ئیخلاس ئەگەر ببێ (فبها)، گەر نەبێ، دەبێ**

**کەسبی بکەی بە تەزکییەی ئەخلاق و نەفسی دوون**

**وابەستەیە بە سوحبەتی کامیل ترێ لە خۆت**

**زیکری دەوام و تابیعی سوننەی سەنییە بوون**

**هەر ئەم خیسالەیە کە سەحابەی کیرامی پێ**

**فائیز بە مەرتەبەی (رضی الله) و (رضوان)**

**هەر بەم تەریقە پێ گەییون، گەیونە خودا**

**ئەو زاتە عاریفانە کە دانا و تێگەیوون."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٤٤).

**٣_١_٣_ بەسط:** پەخشکردن و بڵاوکردنەوە، لە دونیای عیرفاندا یەکێکە لە حاڵەتەکانی دڵ و گەیشتنە بە کەناری ئارامی و ڕۆشنایی بینین، (( ئەهلی بەسط سێ گروپن: ئەوانەن کە خودا بەسطیان دەداتێ تا ببنە ڕەحمەت بۆ خەڵک، ئەوانەن کە بە هۆی هێز و توانای خۆڕسکی فیتری خۆیان بکەونە بەسطەوە، یان وەلیەکانی خودان.)) (شوان، ٢٠١٠:٥٨)، مەحوی لێرەدا باس لەوە دەکات پێویست ناکات لێکدانەوە و ئاماژە و باسی عیشق بۆ ئەهلی دونیا بکرێت، چونکە ئەوان مردوون، مەبەست لەوەیە هەتاوەکو باوەش بە دونیادا بکەیت، نە لە (بەسط) تێدەگەیت، نە پێدەگەیت. هەروەک دەڵێت:

**"لەبۆ ئەربابی دونیا مەدە بەسط و بەیانی عیشق**
**کە (مەحوی) شەرحی نوکتەی جانفزا بۆ مردوو ضایع."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٠٧).

**٣_١_٤_ تەوبە:** گەڕانەوە و پەشیمان بوونەوە، یەکێکە لە مەقامەکان و بە واتای گەڕانەوەیە لە گوناهو سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی خودا و لە بیرکردنی ئەو گوناهانەیە بە یەکجاری، کە پێی دەترێت (تەوبەی نەصوح)، ((تەوبەی خەڵکی عەوام لە گوناهە و تەوبەی عاریفەکانیش لە بێئاگاییە)) (قوشەیری، ٢٠١٦: ٢٠٩)، مەحوی باسی لێوی یار دەکات، هەر بە دەرکەوتنی، لێوە لەرزەی خستۆتە ئەوانەی ئامۆژگاری خەڵک دەکەن، خۆ ئەگەر بێت و زەردەخەنەیەک بە ڕوویاندا بکات تۆبەکەیان پێدەشکێنێت. هەروەک دەڵێت:

**"لێوی دەرخست و بە ناسیح لێوە لەرزەی خست ئەگەر**
**بێ تەبەسسوم کا دەبێتە ئافەتی تەوبەی نەسووح"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٣٦).

مەحوی ڕەخنە لەو بەناو زاهیدانە دەگرێت، کە هەر بە قسە داوای زوهد دەکەن و بە کردەوە لێی دوورن، بۆیە داوا دەکات تۆبە بکەن و واز لە ڕووپامایی بهێنن. هەروەک دەڵێت:

**"نزیکە مردنت ئەی پیرە زاهید**
**وەرە با تۆبە بکەین، ئیتر ڕیا بەس."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٨٦).

**٣_١_٥_ پیر:** ئەم چەمکە لە ئەدەبییاتی عیرفانیدا پانتاییەکی فراوان و ڕەگێکی کۆنی هەیە، جگە لەوەی مەبەست لێی بەجێهێشتنی تەمەنی گەنجێتی و چوونە نێو تەمەنی پیرییە ، هاوکات لە عیرفاندا بە مانای ڕێبەر و پێشەوا دێت، کە چاوساغیی شوێنکەوتووانی ڕێبازەکەی دەکات بۆ ڕێگەی حەق، (( کەسێکە ڕابەرایەتی ڕێبوار دەکات و کەسێکە ڕێگەی ڕاستی گرتۆتەبەر)) (شوان،٢٠١٠: ٧٥)، لە ئایینی (یارسان)دا بە ڕێبەری ئایینکە وتراوە (پیری شالیار)، لەنێو شیعرەکانی مەحویدا بە شێوەی وشەی لێکدراویش دەبینرێ، وەک: پیری مەیخانە، پیری موغان، پیری دێر، پیری خانەقا، پیری پیران، پیری خەرابات، پیرە زاهید...هتد، مەحوی لە چوار خشتەکییەکدا وێنەیەکی بەرزی هونەریی تەمەنی گەنجێتی و پیریی دەخاتەڕوو، ئەوەندە گریاوە بۆ تەمەنی لەدەستچووی گەنجێتی، تا چووە بە تاسەوە و هەناسەی لێبڕاوە، چونکە قژی ڕەشی سپی بووە و باڵای بەرزی چەماوەتەوە و پشتی نەرمی ڕەق هەڵاتووە بە وێنەی داری مێوی لاری. هەروەک دەڵێت

**"دڵ فکری کردەوە: چییە قیرم بوو بە شیر**
**پیرانی بردەوە کە جوانیمی کەوتە بیر**
**قامەت و نەمام و پشتی وەکو مێو و ڕۆنی نەرم**
**چەوتاوە، ڕەق هەڵاتووە، وەک چەوتە مێوی پیر."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٨٣).

مەحوی سکاڵای خۆی دەکات و داوای یارمەتی دەکات لەوەی گەیشتۆتە تەمەنی پیری، بەڵام بە هەموو ئەو تەمەنی نەیتوانیوە بگات بە پیرەکەی، کە مەبەستی شای نەقشبەندە. دەڵێت:

**"نەگەیمە ئەو جوانە و گەیمە پیری**
**مەدەد یا پیری پیرانی بوخارا."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤١).

مەحوی لە بەیتێکی دیکەدا ڕەخنەی توند دەگرێت لەوانەی خۆیان بە پیری تەریقەت دەزانن و کردەوەکانیان پێچەوانەی گوفتارەکانییانە، پێی وایە ڕووتکردنەوەی پیری تەریقەتە لە هەموو مانا و شکۆی تەریقەتەکەی و هێشتنەوەی تەنها سیفەتی پیرییە بۆی و بەڵکو ڕێگەی تەریقەتی ونکردووە و هەموو ئەو نمایشانەش دەیکات، نەیکردووە بە زاهیدێکی ڕاستەقینە.ب

**"بە پێچی خوار و خێچ ئیما دەکا پیری تەریقەت، بێ**
**حەقیقەت پیرە زاهید پیرە، گوم کردوو تەریقەت ئەمما"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٦٣).

**٣_١_٦_ جەمال:** جوانی، یەکێکە لە حاڵەکانی دونیای عیرفان و سیفەتێکە لە سیفەتەکانی خودا، (( تەنها زاتی خودا جوانی ڕەهایە، ئەوانی تر جوانی سنووردارن، جوانی سنووردارییش نوورێکی پیرۆزە و لە جوانی خوداوە ڕژاوەتە سەر تێکرای هەموو بوونەوەران)) (الحنفي، ١٩٨٠: ٦٥)، مەحوی ڕوو دەکاتە یار، کە مەبەستی خودایە و پێی دەڵێت: حەیفە جوانی خۆت پیشانی هەموو جۆرە کەسێک دەدەی، یاریش وەڵامەکەی ئەوەیە، کە ئەوە شکۆی جوانییە کردوویەتییە شاهەنشاهـ و هەر ئەوەش وایکردووە لێی ناپرسرێتەوە بۆچی ئەو کارە دەکات، ڕوانینی مەحوی بۆ خودا تێڕوانینێکی جەمالی و خۆشەویستییە نەک ترس و (جلال). دەڵێت:

**"جەمالت حەیفە دەرخەی بۆ کەس و ناکەس، وتم: فەرمووی:**
**جەلالی حوسنە ئێمەی کردە شاهەنشاهی (لا یسال)."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٥١).

**٣_١_٧_ زیکر:** مەبەست لێی یادکردنەوەیە ئامادەیی و بەردەوامی دڵە، کە بە شێوەی ئاشکرا و نهێنی ئەنجام دەدرێت، مەحوی لە قەسیدەی بەحری نووردا لەبارەی زیکر و یادکردنی پێغەمبەر(د.خ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە تەنانەت بە ناوهێنان و یادکردنی ناوی ئەو ڕەحمەتی خودا دادەبارێ، هەروەها داوا لە خودا دەکات، کە زوبان و دڵی لە زیکر و یادی ئەو غافڵ و بێئاگا نەکات. هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"لە ذیکری ئەو دەجۆشێ ڕەئفەت و ڕەحمەت دەبارێ**
**(رؤف) هەم(رحیم) وەسفی ئەو وەک وەسفی ڕەحمانە."**
**"خودا لەو زیکر و فیکرەم قەت نەکا غافڵ زوبان و دڵ**
**هەتا خونچە دڵ و ، سۆسەن زوبانی باغ و بوستانە."**( مەحوی، ١٣٩١هـ: ٤٧١)

**٣_١_٨_ ڕەجا:** ئەم زاراوەیە بە واتای تکا هاتووە، پێچەوانەی زاراوەی(خەوف)ە ، ((خەوف و ڕەجا دوو مەقامی بەرزن لە مەقامەکانی یەقینداران، دەکەونە نێو چەقی تەوبەی ڕاست)) (سورەوەردی، ٢٠٢١: ٥٥٤)، مەحوی لە چەند بەیتێکدا نموونەی تکای هەندێک لە پێغەمبەران دێنێتەوە بۆ کەسە نزیکەکانیان، دواتر دێتە سەرباسی تکای پێغەمبەر(د.خ) و خۆی دەکاتە قوربانی ئەو تکایە، چونکە تکای ئەو بێ جیاوازیە لە نێوان موسڵمانان و بۆ هەموو کەسێکە پێی وایە ئەگەر تکا لە سنووری کەسە نزیکەکان دەرنەچێت، ئەوا ئەو تکایە دەبێتە نائومێدی.

**"بە قوربانی ڕەجایەک بم کە ڕاجی بێ موحابا بێ**

**ڕەجا قوربانی یەئسە، بێتە سەر خۆمانە خۆمانە."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٧٧).

**٣_١_ ٩_ زوهد:** خۆگرتنەوە وپشتکردنە لە خۆشییەکانی دونیا و یەکێکە لە مەقامەکان، ((ئەوەی لە تەوبەکردن ڕاست بێت و زوهدی دونیا بکات و ئەم دوو مەقامە بەدی بێنێت، ئەوا هەموو مەقامەکانی تر بەدیدێنێت)) (سوهرەوەری، ٢٠٢١: ٥٥٦)، لە لای مەحوی زوهد پشتکردنە لە دونیا، چونکە مەحوی ئەم دونیایە بە بکوژی مرۆڤەکان دەزانێت و تاکە ڕێگەش بۆ گەیشتن بە مەعشوق پشتکردنە لە دونیا، لەم دێڕە شیعرەدا مەحوی دونیا بە ژنێکی خراپەکار دەزانێت و ئەو کەسانەش هەوڵی بەدەستهێنانی ئەم خراپەکارییە بدەن دەرئەنجام بێ ئابڕوو دەمێننەوە.

**"تا لە ماڵی دەرنەکردووی ئەم شەوێ سەد شوو کەرە**

**(مەحوی) ئازانە بدە تۆ سێ بە سێ دنیا تەڵاق."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٢١).

مەحوی لە دێڕێکی تردا باس لە زوهد و دونیا نەویستی پێغەمبەر(د.خ) دەکات لەوەی کە سەروەری هەموو مرۆڤایەتیش بووە، بەڵام زاهیدانە ژیاوە، هەروەک دەڵێت:

**"لەگەڵ ئەم ئیحتیشامە زوهدی دونیای تەماشاکە**

**کە یەک لەت نانی جۆ بوو قووتی، یا خورما دوو سێ دانە. "** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٦٥).

**٣_١_١٠_ساقی:** بە ئاوگێڕ یاخود مەیگێڕ دەوترێت، لای عاریفانیش ((مەبەست لێی ڕابەرە کە شەرابی عیشق دەدات بە عاشقان و هێمایە بۆ عیشق و خۆشەویستی، بەمەبەستی پاکبوونەوە لە چڵکی خۆپەرستی)) (شوان، ٢٠١٠:١٨٠)، هەروەها لەگەڵ وشەی (ساقی) دا کۆمەڵێک زاراوەی دیکەش بەکارهێنراون کە واتاکانیان لەیەکەوە نزیکن، وەک: (بادە، نووری بادە، مەی، مەیخانە، ، مەیکەشی، شەراب، مەست، پیاڵە...تاد)، هەموو ئەم زاراوانە لە ئەدەبیاتی عیرفان و سۆفیگەریدا تایبەتمەندی خۆیان هەیە و پێگەیەکی گرنگن لە نێو ئەو ئەدەبییاتەدا جوانی و چێژیان بە دەقەکان بەخشیوە، مەحوی وێنەیەک دەخاتەڕوو لە کاتی هەڵهاتنی ڕۆژ بە وێنەی مەستەکان، کاتێک لە کەل دێتەدەر، ئەمەش دیارە هی ئەوەیە شەو پیاڵەی شەرابی لە دەستی ساقییەک وەرگرتووە. دەڵێت:

**"شەو دەبێ بادەی لە دەستی ساقییەک وەرگرتبێ**
**ئەم سبەینێیە لە مەشریق دێتەدەر مەستانە ڕۆژ."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٧٩).

لە بەیتێکی دیکەدا مەحوی مەبەستی ڕاستەقینەی ئەم مەسەلەیە ڕوووندەکاتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەر کەسێک هەستیی بە چەشتنی ئەو خۆشەویستییە کرد، کە مەبەستی خۆشەویستی خودایە، ئەواهەموو خۆشیەکانی دی وەلادەنێت، تەنانەت ئەگەر خۆشییەکانی بەهەشتیش بێت، ئەمەش لوتکەی خوداپەرستیی عاشقانەیە لای کەسیی عاریف، کە تەنها لەبەر ڕەزامەندی و مەحەببەت خودا دەپەرستێت. مەحوی دەڵێت:

**"هەرکەس بە نەشئەی ئەو مەیی بێچوونە فەوزی بوو**
**جەننەت لە فیکری چوو، لە نیشات و لە خۆشیان."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٢٣)

**٣_١_١١_ شوکر:** سوپاسکردن، یەکێکە لە مەقامەکان، سوپاسکردنی خودایە لە بەرامبەر بەخششەکانی، هەرچەندە بەندە ناتوانێت بە تەواوەتی شوکری نیعمەتەکان بکات، چونکە نیعمەتەکانی خودا لە ژمارە نایات ( وَإِنْ تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لا تُحْصُوهَا ) (سورة النحل: ١٨)، واتە((خۆ ئەگەر بێن و بتانەوێت نیعمەتەکانی خودا بژمێرن بۆتان ناژمێردرێت.)) (امین، ٢٠٠٤: ٢٦٩)، مەحوی داوا لە خودا دەکات، کە دەمێکی بداتێ هێندەی کورسی گەورە بێ و بەقەد ئەستێرەکانیش زوبانی لێ ڕوابێ و ئەوەندی تەمەنی هێندەی نوح درێژ بکات، بۆ ئەوەی لە دەریای فراوانی سوپاسکردنی خودا کەمێک سوپاسگوزاری بکات. هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"دەمێ بە ویسعەتی کورسی کەرەم کە پێم ئەی ڕەب**
**زوبانی پێوە ڕوابێ بەقەد هەموو کەوکەب**
**بە عومری نوحەوە تەوفیقی تۆ بکا ئیمداد**
**لە بەحری شوکرەوە یەک قەترە بێنمە سەر لەب."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٧٢).

**٣_١_١٢_ سەبر:** یەکێکە لە مەقامەکان و بەلای عاریفەکانەوە بریتییە لە ئارامگرتن و خۆگرتن لەسەر ناخۆشی و بەڵا و ناڕەحەتییەکان، تەنانەت چێژ بینین لە ناڕەحەتییەکان، ((ئارامگرتن بریتییە لە خۆ بەدوور گرتن لە سەرپێچییەکان و ئارامی لە کاتی نۆشکردنی تاڵاوی بەڵا و نیشاندانی دەوڵەمەندی لەگەڵ داباربنی هەژاری)) (قوشەیری، ٢٠١٦: ٣٤٤)، مەحوی باس لە هاودەمییەک دەکا لەدوای تووشبوونی بە کارەسات و ناڕەحەتییەک، ماوەیەک دڵی هاودەمی صەبر و ئارامی بووە، بەڵام لە دوای ڕۆیشتنی، بە تەواوەتی دڵی بێ هاودەم ماوەتەوە.

**"دەمێ بووم یار و هەمدەم بوو لەگەڵ دڵ صەبر و هۆش ئاخر**
**لەبەر بێ تابی، ئەو تەشریفی برد و ڕەفیق ئەم ما."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٦٥).

**٣_١_١٣_ غەفڵەت :** مەبەست لێی بێئاگاییە، لای عاریفەکانیش زاڵبوونی نەفس و بە فیڕۆدانی کاتە لە شتی بێ سوود و بێبەشبوونی بەندەیە لە یادی خودا، ((بە واتای بێئاگایی دڵ دێت لە تێگەیشتنی ڕاستییەکان و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی نەفسە لەوەی کە دەیەوێت)) (شوان، ٢٠١٠: ٢٥٤)، مەحوی سەرکۆنەی دەروونی خۆی دەکات لەوەی، کە دڵ عەرشی خودایە و دەبێت خەجاڵەت بیگرێ و واز لە بێئاگایی بهێنێ، چونکە حەیفە ئەو دڵەی کە عەرشی خودایە، کەچی وەکوو بتخانە و کڵێسای بێ ڕاهیبی لێهاتووە، ئەمەش ئەوپەڕی عیشقە کە دڵ بووبێتە عەرشی خودا، یان ناوی مەعشوقی لەسەر هەڵکەندرابێت و زیکر و هەیبەتی حزووری هەمیشەیی هەبێت. مەحوی دەڵێت:

"**دڵە عەرشی خودا (مەحوی) خەجاڵەت بە لەبەر غەفڵەت**

**کە بووەتە بوتکەدەی بێ بەرهەمەن یا دەیری بێ ڕاهیب.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٨٧)

مەحوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەهۆی تووشبوونی بە دەردی بێئاگایی، کە نزیک بووەتەوە لە مردن و کۆتایی تەمەنێتی، کەچی تازە وادەزانێت سەرەتای دەستپێکردنی ژیانە و خەریکی مەسئەلەی دەورە. هەروەک مەحوی دەڵێت:

"**ئەجەل دەورم دەدا: حاضربە وادەی دەور و تەسلیمە**

**منی غەفڵەت زەدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٦٣).

**٣_١_١٤_ هەژاری:** یەکێکە لە مەقامەکان لای عاریفەکان، چونکە ئەوان بە تەواوەتی وازیان لە دونیا و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان هێناوە و ئارامگریشن لەسەر ئەو ڕەوشە و بە پێچەوانەوە لە دڵ و دەروونیدا زۆر دەوڵەمەندن، ((هەژاری پۆشاکێکە ڕازی بوون بەرهەم دەهێنێت گەر بەندەی تێدا قووڵ بوویەوە.)) (قوشەیری، ٢٠١٦: ٤٧٠)، مەحوی باس لە سەربەرزی خۆی دەکات، کە هەرچەندە لەبەر دەرگای هەژاریدا بار و بارگەی خۆی دەخەوێت، بەڵام ئامادە نییە ڕوو لە دەرگای هیچ کەسێک بکات. هەروەک دەڵێت:

"**شوکری حەق بەر دەری هەر فەقرە ئیقامەتگاهم**

**بەر دەروباری نە سوڵتان و نە شا نیمە مەلاذ.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٧٢).

**٣_١_١٥_ لیقا:** مەبەست لێی چاوپێکەوتن و دەرکەوتنە، لای عاریف چاوپێکەوتن و دیداری خودایە، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(د.خ) کە دەفەرمێت: (من احب لقاء الله احب الله لقائه)، (البخاري: ٦٥٠٧)، واتە: ئەوەی حەز بە دیداری خودا بکات، خوداش بە هەمان شێوە حەز بە دیداری ئەو کەسە دەکات. مەحوی گریان و واوەیلا دەبێتە پیشەی تا ڕۆژی قیامەت، چونکە یار پێی وتووە ڕۆژی حەشر و قیامەت وادەی چاوپێکەتن و دیدارمانە، ئەمەش بەلای مەحوییەوە زۆر دوورە. هەروەک دەڵێت:

**"ئەوا لەیلا بە ڕۆژی حەشەر ئەدا وادەی لیقا (مەحوی)**
**هەتا قامی قیامەت، ئاهو واوەیلا نەکەم، چ بکەم."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٧٥).

لە بەیتێکی دیکەدا مەحوی کرۆکی لیقا ئاماژە پێدەدات لە دونیای عیرفاندا، کە بریتییە لە فەوتاندن و مراندنی لاشە و دواتر لەو ڕێگەیەوە گەیشتن بە خودای تاک. هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"چ خەیاڵێکە لیقا بێ فەناچوونی جەسەد**
**تا پریشان نشود کار بسامان نرسد."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٤٩).

**٣_١_١٦_ مەحەببەت:** لای عاریفان بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لێی خۆشەویستییە، ((خۆشەویستی لە دڵدا ئاگرێکە هەموو پیسییەک دەسووتێنێت)) (سورەوەردی، ٢٠٢١: ٥٨٥)، مەحوی پلەی ئەو کەسانە دەخاتەڕوو، کە لە خاک و خۆڵی خۆشەویستیدا دەتلێنەوە، هەرچەندە بە دیمەن تاکە کەسێکە، بەڵام پایەی ئەوەندە بڵندە داوێنیان بە لێوی سەد پیاوی یان سەد تاقمە خەڵکەوەیە. مەحوی دەڵێت:

**"لە فیرقەی خاکسارانی مەحەببەت بفکرە یەک یەک**
**بە دیمەن یەک نەفەر، دامەن بە لێوی صەد فەریق ئەمما."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٦٣).

لە بەیتێکی دیکەدا مەحوی ئێش و ژانەکانی خۆشەویستی دەخاتەڕوو، کە سووتان و دەربەدەری و خەم و خەفەت و دووری و دابڕانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەتا مردن ڕێزی لێدەگرێت. دەڵێت:

**"لەسەر خۆچوونە، شەیدابوونە، قوڕپێوانە، سووتانە**
**هەتا مردن محەببەت، ئێشی زۆرە، ڕێزی لێدەگرم."** (مەحوی، ١٣٩١هـ :٢٦١).

**٣_١_١٧_ وەرع:** دوورکەوتنەوە و دەستهەڵگرتنە لەو شتانەی گومانیان لەسەرە، ((لە خەوندا سوفیانی سەوری بینرا دوو باڵی هەبوو لە بەهەشتدا لەم درەختەوە بۆ ئەو درەخت هەڵدەفڕی، پێی وترا: ئەمەت بەچی بەدەست هێن؟ وتی: بە وەرع)) (قوشەیری، ٢٠١٦: ٢٣٥)، مەحوی باس لە وەرعی "عومەری کوڕی خەتتاب" دەکات، کاتێک "فاتیمە"ی کچی پێغەمبەر(د.خ) داوای باخی"فەدەک" ی لێکرد، کە باخێک بوو نزیک"خەیبەر"، بەڵام پێی نەدا و پێی دەڵێت: پێم حەیفە لە پێناو باخی "فەدەک" گوڵباخی "فاتیمە" بژاکێ بەهۆی وەرگرتنی ئەو بەشە باخەوە تووشی حەرام بێت. دەڵێت:

**"وەرعی فاروقی تەماشاکەن ، وتی: ناکا قبوڵ**
**غیرەتم شاکاوی ئەو گوڵباغە بۆ باغی فەدەک"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٣٧).

**٣_١_١٨_ وەقت:** ئەو دۆخ و بارەیە بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێ و حوکمی لەسەر دەکا، ((کەسی ژیر و هۆشمەند ئەو کەسەیە بە پێی حوکمی کات دەژی، ئەگەر لە کاتی بێداری بێت، ئەوا بە شەریعەت بەستراوەتەوە، ئەگەر لە کاتی سڕانەوەشدا بێت ئەوا حوکمی حەقیقەتی بەسەردا زاڵە)) (قوشەیری، ٢٠١٦: ١٤٢)، مەحوی باس لە تەواوبوونی کاتەکانی دەکات، کە هەمووی لە شتی بێ نرخ و هیچ و پووچیدا بە خەرجداوە و بە جۆرێک تەنانەت کاتێکیشی نەماوە، کە تیایدا بمرێت، بۆیە داوا لە خودا دەکات، کە خاوەنی کاتە برێک لە کاتی پێببەخشێت بۆ ئەوەی تێیدا بمرێت. هەروەک دەڵێت:

**"بە زایع چوو لە "مالا یعنی" یا وەقتم هەموو، یەعنی**

**دەبێ وەقتێ لە "بو الوقت"ێ بخوازم دا تیا بمرم"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٦٣).

## ٣_٢_ چەمکی دوالیزم

دوالیزم لە زۆربەی ڕەوت و بیرکردنەوە ئایینی و فەلسەفەییەکاندا هەیە و لە چەندین بواری ئایینی، مەعریفی و فەلسەفی ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێت، ئەو چەمکانە دەگرێتەوە، کە دژبەیەکن و یەکێکیشە لە تایبەتمەندییەکانی زمان، ((پەیوەندی نێوان دوو چەمکە لەسەر بنەمای بەرامبەری، وەک باش و خراپ، ڕاست و چەپ، بەرز و نزم، جوان و ناشیرین ... هتد)) (آبادی و کزازی، ١٣٨٨ش: ٦)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی نییە لە واتا و ئەرکی هەندێک چەمک و زاراوەی تر، وەک: "تضاد، تناقض، تقابل، پارادۆکس".

١. تقابل: وشەیەکی عەرەبییە، لە "اقبل"ەوە هاتووە بە واتای بەرانبەری یان ڕووبەڕووبوونەوە دێت. (الرازي، ١٩٩٩: ٢٤٦).

٢. تناقض: وشەیەکی عەرەبییە، بە واتای نەگونجان یان ناکۆک دێت، لە "نقض"ەوە هاتووە، بە واتای هەڵوەشاندنەوە و پچڕاندن، یاخود قسەیەک پێچەوانەی واتاکەی بێت. (الزبیدي، ١٩٦٥: ٩٤)، بۆ نموونە: ناگونجێت دوو ئاوەڵناو بۆ یەک بابەت پێکەوە کۆبکرێنەوە یاخود ڕەد بکرێنەوە، بەڵکو دەبێت یەکێکیان بەردەوام هەبێت.

٣. تضاد: وشەیەکی عەرەبییە، بە واتای دژیەک و دژبوون و دژکاری دێت. (الفارابي، ١٩٨٧: ٤٠٦)، بۆ نموونە: دوو ئاوەڵناوی دژیەک ناگونجێت لە گۆشەنیگای یەک کەسدا و لە یەک کات و شوێندا پێکەوە هەبن، بەڵام دەگونجێت هیچ کامیان نەبێت.

٤. پارادۆکس - Paradox: لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە، بە واتای نەگونجانی بیروباوەڕ دێت. ((ئەم وشەیە لە ((para بەواتای دژ، لەگەڵ dox بە واتای بڕوا و بۆچوون، پارادۆکس

کاتێک سەرهەڵدەدات کە هۆکار و تێگەیشتن لەگەڵ یەکتری ناکۆک بن و یەکتری ڕەت بکەنەوە)) (ئیسماعیل زادە، : ١١٨.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دوالیزم و پارادۆکس، دوالیزم ئەوەیە کە ئاخێوەر دوو وشەی دژ و ناساز دەردەبڕێت، کە لە بنەڕەت و واتادا پێکەوە نەگونجاون، بەڵام پارادۆکس ئەوەیە کە ئاخێوەر دوو دەربڕاوی دژیەک پێکەوە دەگونجێنێت یاخود کۆدەکاتەوە، دوالیزم زێتر لە وشەدا خۆی دەبینێتەوە و پارادۆکسیش لە ڕستەدا.

## ٣_٣_ پەیوەندی نێوان دوالیزم و عیرفان

دوالیزم واتا بە بوونەوەر و کایەکانی ژیان دەدات، ((زانایان پێیان وایە گەردوون لەسەر بنچینەی دژەکان بنیات نراوە، بنیاتی گەردوون خۆی لە کۆمەڵێک دوالیزمدا دەبینێتەوە، کە وا پێدەچێت دژ و پێچەوانەبن، بەڵام لە هەمان کاتدا تەواوکەری یەکترن، ئەو تەواومەندییانە نایەتە دی تەنیا لە ڕێی ئەم دژانەوە نەبێت، ژیانیش لەسەر ئەو تەواومەندییانە بنیات نراوە)) (ئیبراهیم، ئیبراهیم، ٢٠٢١: ٣٩٠)، مرۆڤیش پێکهاتەیەکە لە دوو هێزی دژبەیەک، کە دوو هێزی دژیەک دەیجوڵێنن و بەرە و دوو جیهانی دژبەیەک بانگهێشتی دەکەن، یەکێکیان بەرە و بڵندی ئەوی تریان بەرە و نزمی.

لە قورئاندا ئەم حەقیقەتە خراوەتەڕوو ((وَنَفْسٍ وَمَا سَوَّاهَا فَأَلْهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقْوَاهَا قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا)) (سورة الشمس٧_١٠)، واتە ((سوێند بە دەروون و ئەو زاتەی کە دەروونی بە ڕێکوپێکی بەدیهێناوە، توانای خراپە و چاکەی تێدا دابینکردووە، بەڕاستی ئەو کەسە سەرفرازە کە نەفسی پاکوپوخت کردووە، بێگومان ئەوەش دۆڕاوە کە نەفسی ناپوخت و ئالوودەی گوناهـ کردووە)) (أمین، ٢٠٠٤،: ٥٩٥)، ئەگەر بە قوڵی بڕوانینە دەربڕینە دوالیزمەکان، دەتوانین چەندین ڕاستی شاراوە ئاشکرابکەین، ((دوالیزم لە سروشت و هەموو مەوداکانی ژیاندا بوونی هەیە و لە جیهانی فکریشدا یەکێکە لە ڕێگاکانی مەعریفە)) (عبدالرحمان، ٢٠١٣، ٥٠).

کەواتە دوالیزمی عیرفانی(( ئەوەیە کە ئەندێشەی مرۆڤ بگەیەنێت بەوەی کە دوو شتی دژ و پێچەوانەی یەکن، لە ڕێگەی ئەم دوالیزمانەوە بگەن بە کرۆکی حەقیقەت و لە باوەڕ و عەقیدەشدا بە شێوەیەکی دوو دوانەی دژ بەیەک چەسپاون.)) (چناری،١٣٧٧هـ :١٥)، لێرەدا گرنگی دوالیزم لە عیرفاندا دەردەکەوێت، بەوەی لە ڕێگەی عیرفانەوە ئەگەین بە کرۆکی حەقیقەت لە بیر و باوەڕ و عەقیدەشدا دوانەی دژبەیەک دەچەشپێنین.

"عبدالكريم القشيري"، له كتێبی "ڕیسالەی قوشەیری له زانستی تەسەوفدا" ئاماژەی به چەندین زاراوەی بواری تەسەوف و عیرفان کردووه، لێرەدا گرنگترین ئەو زاراوه دوالیزمانه لەم بوارەدا ئاماژه پێ دەدەین:

الخوف: ترس، ترسان له خودا و ئەنجامنەدانی سەرپێچی بەرانبەری.

الرجاء: ئومێد، ئومێد بوون به خودا و به هیوای لێخۆشبوون.

القبض: گرژبوون.

البسط: کرانەوه.

الجمع: کۆبوون، نیشاندانی واتا و دەرخستنی لوتف و چاکەیه لەلایەن خوداوه.

الفرق: جیابوون، جێبەجێکردنی ئەرکی بەندایەتی و ئەوەی شایستەیه لەلایەن بەندەوه.

الفناء: لەناوچوون، بریتییه له بەربوونەوه و لێبوونەوەی سیفەته ناپەسەندەکان.

البقاء: مانەوه، بریتییه له ڕاستبوونەوەی سیفەته پەسەندەکان.

الغیبة: ونبوون، ونبوونی دڵ له زانینی ئەوەی له حاڵ و باری مرۆڤەکاندا هەیه.

الحضور: ئامادەبوون، ئامادەبوونی بەندەیه به دڵ بۆ پەروەردگاری.

الصحو: به ئاگاهاتنەوه، هۆشیاری و گەڕانەوەیه دوای بزربوون.

السکر: مەستی، بزربوونێکه بەهۆی هاتوویەکی بەهێزەوه.

المحو: سڕینەوه، سڕینەوەی هەڵه و گوناحه ئاشکرا و پەنهانەکانه، که خودا داپۆشیوه.

الاثبات: جێگیرکردن، جێبەجێکردنی حوکمەکانی عیبادەت و ڕواندن و جێگیرکردنی کردار و حاڵه پەسەندەکانه.

الستر: داپۆشین، داپۆشینی هەڵه و کەموکووڕیی کرداره ناپەسەندەکانه.

التجلي: دابارین، جیلوەکردن و دابارینی میهر و بەزەیی خودایه بۆ بەنده تایبەتەکان.

القرب: نزیکی، گوێڕایەڵیی خودا و خۆڕازاندنەوه به عیبادەتکردن له هەموو کاتەکاندا.

البعد: دووری، دووری له خوداوه بەهۆی پشتکردنه فەرمانەکانی.

السر: نهێنی، ئەو حاڵ و ڕازه شاراوه و نادیارانەیه دەکەوێته نێوان بەنده و خوداوه.

الکشف: ئاشکرا، عاریف وا هەستدەکات پەرده له نێوان خۆی و خودادا نەماوه، ئەمەش به ئەزموونکردن و وەرزشی ڕۆحیی بەدەستدێت.

النفس: دەروون، ئەو بەشه نەخۆشەی مرۆڤه لەگەڵیدا گەورەدەبێت و ناپەسەنده .

الروح: مەزنترین دروستکراوی خودایه و به دانەپاڵی بۆ لای خۆی باڵا و مەزنیکردووه، بریتییه له جەستەیەکی نوورانی، باڵای سووک و ناسک و زیندوو و جوڵاو، به قووڵایی جەوهەری جەستەدا شۆڕدەبێتەوه.

**٣_٤_ دوالیزم و ڕەوانبێژی:**

دوالیزم لە ڕەوانبێژییدا ڕۆڵی بەرچاوی لە پێدانی شیعرییەت و بەخشینی وێنەی هونەریدا هەیە، شاعیران و ئەدیبان وەک بەشێک لە جوانکاریی هونەری ڕەوانبێژی لە دەقەکانیاندا بەکاریاندەهێنن و بە یەکێک لە سێ زانستەکەی ڕەوانبێژی دادەنرێت و وەک بونیادێکی ئیستێتیکی مامەڵە لەگەڵ ئەو چەمکە دوالیزمانەدا دەکەن، تەنانەت بە کلیلی کردنەوەی کۆدەکانی ناو دەق ناوزەدیدەکەن، ((گۆڕەپانێکی گەورەی لە شیعری شاعیران گرتووە و توانای زۆری ئەو شاعیرانەی دەرخستووە لە بایەخدان بە ڕووخساری شیعر)) (گەردی، ٢٠١٣ :٣٢٤).

دوالیزم لە ڕەخنەی ئەدەبیشدا ((بەیانی بابەتێکە کە بە ڕواڵەتی خودی دوالیزم ناماقوڵ و پێچەوانەیە بە تێگەیشتنی گشتی، بەڵام ئەگەر بە باشی شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت پێدەچێت بنەمایەکی دروستی هەبێت)) (چناری، ١٣٧٤هـ: ٤٨)، پەیوەندی نێوان دوالیزم و ڕەوانبێژییش ((دوالیزم هونەری ڕازاندنەوەی دەربڕینەکانە و دەستپێکی بوونی لە چوارچێوەی هونەری ڕەوانبێژیدا بووە، کە دەرئەنجام ڕازاندنەوە و جوانکاری لە دەقدا دوا وێستگە و ئامانجێتی)) (عبدالرحمان، ٢٠١٣: ١١٦). لێرەدا دوالیزم لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا لەسەر بنەمای لایەنی هونەری ڕەوانبێژی دابەشدەکەین بۆ سەر چەند جۆرێک، لەوانە:

**٣_٤_١_ دژیەک** : ئەوەیە دوو وشە دژە واتا و پێچەوانەی یەکدی بن، ((کۆکردنەوەی دوو وشەیە، کە ئەو وشانە لە ڕووی واتاوە پێچەوانەی یەک بن، بۆ نموونە: ڕەش و سپیی، جوان و ناشیرین، پاک و ناپاک...تاد)) (عەبدوڵلا، ٢٠١٣: ٨٧)، دوو جۆری سەرەکیی هەیە:

**ئـ. دژیەکی ئەریێ** : ئەو جۆرەیە کە وشەکان هەریەکە لە ڕەگەزێکی سەربەخۆ بن و لە واتادا دژ و پێچەوانەی یەکتر بن، ئیتر وشەکان "ناو، کردار، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار یان چاوگ" بن، وەک: ڕۆژ و شەو، سارد و گەرم، لەسەر و لەخوار، مردن و ژیان... هتد. ئەمە دژیەکی فەرهەنگییشی پێ دەوترێت، وەک "مەحوی" دەڵێت:

**باتیل موقابیلی حەق وەستا، بەتاڵە ئیشی**
**گەردی بە بادە خاکێ بێ هەڵپژێ بە گەردوون."** (مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٨٩).

مەحوی ئەم هونەرەی لە دەقێکی عیرفانیدا بەرجەستە کردووە لە نێوان دوو چەمکی عیرفانی"حەق و باتیل"، توانیویەتی لە ڕێگەی ئەم دوانە دژیەکەوە کەشێکی عیرفانی لەم دێڕەدا بڕەخسێنێت بەوەی ئەگەر ناحەق بەربەرەکانی لەگەڵ حەقدا بکات، ئەوا ڕەنجی بە بادەچێت، خاکێکیش بە ڕووی ئاسماندا هەڵپژێت ئەویش گەردی دەدرێت بە بادا، هەردوو وشەی "باتیل و حەق" لە واتادا دژن بە یەکتری.

**ب_دژیەکی نەرێ:** ئەو جۆرەیە کە بەهۆی ئامرازەکانی نەرێکردنەوە (نە، نا، مە) دروستدەبێت، وەک: خۆش و ناخۆش، هات و نەهات، برۆ و مەڕۆ... هتد. ئەم جۆرە دژیەکی نافەرهەنگییشی پێ دەوترێت، "مەحوی" دەڵێت:

**"لە <u>ناکەس</u> کارییا خاکم بەسەر ڕۆیی بە با عومرم**

**خودا تۆ بمژێنە، تا لەبەر قاپی <u>کەسێ</u> دەمرم."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٦٢).

لەم بەیتە شیعرەدا هەردوو وشەی "ناکەس" کە گوزارشت لە خەڵکی خراپ و(کەس") کە گوزارشت لە خەڵکی باش دەکات بوونەتە کەرەستەی شیعری ئەم عاریفە و بەهۆی ئامرازی نەرێکردنەوە دوالیزم دروستبووە. بەم جۆرە دەبینین دوالیزم لە هەناوی یەکێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە دەردەکەوێت، مەحوی وەکو دوو چەمکی عیرفانی،"ناکەس"ی بۆ خودی خۆی بەکارهێناوە، چونکە گەیشتووە بە ئەوپەڕی نائومێدی و دەرفەتی تەمەنی لەدەستداوە بەهۆی کردەوەکانیەوە، بۆیە سەرزەنشتی خۆی دەکا "کەس"ی باشیشی بۆ شێخەکەی داناوە کە تەمەننای مردن دەکات لەبەر دەرگاکەیدا.

**٣_٤_٢_ لێکچواندن :** لەسەر بنەمای بەراورد هاتووە، ((ئەوەیە شتێک بە شتێکی تر بچوێنی کە هاوبەش بن لە سیفەتێک یان زیاتر)) (گەردی، ٢٠١٣: ١٢٠)، لە بابەتی دوالیزمیشدا لەوچوو بە جۆرێک هەڵدەبژێردرێت کە لەگەڵ وشەیەکی ناو بەیتە شیعرەکە دوالیزم دروستبکات. بابەتە سەرەکییەکە "لێکچوو"ە، بەراورد و ڕوونکردنەوەکە "لەوچوو"ە، سیفەتی هاوبەشی نێوانیانیشیان "ڕووی لێکچوون"ە، هەندێک جاریش دەگونجێت ئامرازێک هەبێت، پێی دەوترێت "ئەوزار"، مەحوی دەڵێت:

**"بە <u>ئاوی</u> تێگەیشتین ئێمە دنیا، هەر <u>سەرابێ</u> بوو**

**هەموو دەشچن بە خنکان و لە وشکیشە مەلەی مەخلووق."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٢٣).

مەحوی لەم بەیتەدا دوو چەمکی تری عیرفانی بەکارهێناوە ئەوانیش" ئاو و سەراب"ن ، حەقیقەتی دونیای ڕوونکردووەتەوە کە ئێمە بە ئاو و ژیانی دەزانین، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها سەرابێکە و حەقیقەتێکی ڕووکەشە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی لە هەوڵی بەدەستهێنانیدان و ڕەنجی بێسوودی بۆ دەدەن، لە وشکیدا مەلەی تێدا دەکەن و دەشزانن تێیدا دەخنکێن. "ئاو و سەراب" دوالیزمی یەکترن و تەعبیرن لە دوو شتی جیاواز، "دونیا" لێچووە و "سەراب"یش لەوچووە، لێرەدا ئەگەر لەوچوو، واتە "سەراب" لاببەین، دژیەک دروستنابێت، دەبینین دوالیزم و ڕەوانبێژی چوونەتە ناویەک و لە لایەک لێکچواندن بووەتە کەرەستەی دوالیزم و لە لایەکی تریش خزمەتی پۆیەتیکای هێزی شیعری کردووە.

**ــ٤ــ٣ــ خوازە :** وشەیەکە بۆ واتای دروستی خۆی بەکارنەهاتبێت، ((بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک بۆ واتایەکی تر جگە لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی، بەهۆی بوونی پەیوەندییەکەوە لە نێوان مانا ڕاستەقینەکە و مانا خوازەییەکەیدا)) (فەقێ سلێمان، ٢٠٢٠: ١١٩)، سەبارەت بە دوالیزمییەت لە خوازەشدا ئەوەیە کە ((لە پێکهاتە و دەربڕیندا لە بری زاراوەیەک هاو واتاکەی بهێنرێت بە جۆرێک لەگەڵ زاراوەیەکی دیکەدا لە مانا و واتایەکدا دوالیزمی دروست بکات)) (عبدالرحمان، ٢٠١٣: ٧٨)، مەحوی دەڵێت:

"**بە <u>شۆخی</u> دین و دڵمی دا بە تاراج، ئیستا وەک <u>سۆفی</u>**

**بە سەبحەی ئەشکەوە هاتۆتە سەر تەرکی نەزەر چاوم.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٦٦).

واتە تا گەنج و جوان بووم چاوم هێندە سەیری یاری کرد تا دڵمی بەتاڵانبرد، ئێستاش کە پیربووم تەسبیحێکی لە دڵۆپی فرمێسک هۆنیوەتەوە و خۆی کردووە بە سۆفی و سەیری یار ناکات. "سەبحەی فرمێسک" کە مەبەست لێی تەزبیحی فرمێسکە، لەبریی "گریانی زۆر"، کە گریان خوویەکی بەردەوامی عاریفانە، " وەکوو هاوواتایەک بەکاریهێناوە و لە هەمان کاتیشدا خوازەیە. لێرەدا "شۆخی" کە مەبەست لێی گەنجێتی و جوانییە، دوالیزمی لەگەڵ "سۆفی"دا دروستکردووە، کە لێرەدا مەبەست لێی تەمەنی پیرییە و "پیر"یش چەمکێکی عیرفانییە و زۆر بە فراوانی لەو بوارەدا بەکارهاتووە، کە مرۆڤ لەو تەمەنەدا لە شێوەی دەنکەکانی تەسبیحدا کە سۆفییەکان هەموو کات بەکاریدەهێنن، دڵۆپە فرمێسکەکانی بۆ سەردەمی گەنجێتی دەهۆنێتەوە و تەنانەت ئەوەندە گریاوە توانای بینینی یاریشی نەماوە، لەم بەیتەدا ئەگەر یەکێک لە وشەکانی "شۆخی یان سۆفی" نەهاتایە، ئەوا دوالیزم دروستنەدەبوو.

**٣ــ٤ــ٤ــ خواستن:** یەکێکی ترە لە بابەتەکانی ڕەوانبێژی، ((بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک بۆ دەربڕینی مانایەکی تر بێجگە لە مانای دروستی وشەکە، بەمەرجێ پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە وێچوون بێت)) (گەردی، ١٩٧٠: ٦٩)، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات وشەی لێخواستراو لەگەڵ وشەی ناو بەیتەکەدا دژیەک دروستبکات، یەکێک لە مەبەستە گرنگەکانی ئەم جۆرە هونەرەش ئەوەیە کە توانای ئەوەی هەیە دژەکان کۆبکاتەوە، مەحوی دەڵێت:

"**لە پاداشتی قسەی <u>سەردا</u> هەمە ئاهـ و هەناسەی <u>گەرم</u>**

**کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ، من بەرقی تێ دەگرم.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٦٢).

مەحوی لێرەدا بە شێوازێکی هونەریی بەرز لە بەرانبەر قسەی سارد و ناشایستە و ڕەقیی یارانیدا تەنها هەڵکێشانی ئاخ و حەسرەت و هەناسەی گەرمی هەیە، کە دواجار بەرق و بروسکەی لێ بەرهەمدێت، کە توانای سووتانی هەیە، ئەمەش لە ئەنجامی کارلێکی سارد و

گەرم دروستدەبێت، وشەی "سارد" لێخواستراوە بۆ "قسەی ڕەق و ناخۆش"، وشەی "گەرم"یش لێخواستراوە بۆ "ئاهـ و حەسرەت و خەفەت". لێرەدا وشەی "سارد" دژ دێتەوە لەگەڵ وشەی "گەرم"دا، ئەگەر یەکێک لە وشەکانی "سارد یان گەرم" لاببەین و مەبەستە بنەڕەتییەکە دابنێین کە قسەی ڕەق و ناخۆشە، یان ئاهـ و حەسرەت و خەفەتە، ئەوا دوالیزم دروستنابێت.

**٣_٤_٥_ درکە:** شتێکە بۆ غەیری واتای دروستی خۆی، ((هەر وشەیەک واتایەک بگەیەنێت و بە هەردوو لایەنی دروست و خوازەیی لێک بدرێتەوە، پێی دەوترێت درکە.)) (حمد، ٢٠١٨: ٢٧١)، یان ((شتێک بڵێت و مەبەستی شتێکی تر بێت)) (فەقێ سلێمان،٢٠٢٠: ١٩٧)، واتە درکە دوو واتا دەبەخشێت، واتایەکی فەرهەنگی، واتایەکی درکەییش، کە زیاتر واتا درکەییەکە مەبەستە، مەحوی دەڵێت:

**"قسێکی پڕ لە تەئیسری بە <u>فرزەندی</u> دەوت <u>پیرێ</u>:**

**عەزیزم <u>تازە گەیوی</u> تۆ، ئەمن <u>باری سەفەر بەستە</u>."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٠٩).

واتە: پیاوێکی پیر قسەیەکی جوان و بە تەئسیری بە کوڕەکەی وت: ڕۆڵە تۆ تازەپێگەیشتوویت، هێشتا شارەزای دونیا نەبوویتە، بەڵام من بەشی خۆم شارەزابوومە و لەسەر سەفەرم و کۆڵ و بارم پێچاوەتەوە. لەم بەیتەدا مەحوی دوو وێنەی درکەی ئاماژە پێ داوە، "تازەگەیو" درکەیە بۆ تەمەنی "گەنجی و لاوێتی"، هەروەها "باری سەفەر بەستە"ش درکەیە بۆ "تەمەنی پیری"، کە ئەو دوو چەمکە بە شێوەیەکی فراوان لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا بەکارهاتووە و لە هەمان کاتیشدا دوو چەمکی دوالیزمین و لەسەر بنەمای هونەری ڕەوانبێژی دروست بوون.

**٣_٤_٦_ بەرامبەری:** ((جۆرە دژیەکێکی تایبەتە، لە بەرامبەرکردنی دووشت، یان هەندێجار سێ شت بەدژەکانیان دروست دەبێت)) (گەردی، ١٩٧٥: ٧٤)، مەحوی دەڵێت:

**"نەبووە قەت مەحوی وتی بوونی من و تۆ پێکەوە**

**حوسنە <u>ئاوی</u> زیندەگی عیشق <u>ئاگرێکە</u> دڵ برێژ."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٨٤).

لەم بەیتەدا لە بری مەحوی، یارەکەی قسە دەکات، لە نیوە دێڕی یەکەمدا "من" مەبەست لێی یارە" تۆ"یش مەبەست لە مەحوی خۆیەتی، بوونەتە دوالیزمی یەکتر، لە نیوە دێڕی دووەمدا بۆ جوانی یار "ئاوی ژیان" بەکارهاتووە، بۆ عیشقەکەی مەحویش "ئاگری دڵبرژێن" بەم شێوەیە بەرامبەری دروستبووە.

## ٣_٥_ چەمکە دوالیزمە عیرفانییەکان

دوالیزم لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە و شاعیر بە چەندین جۆر دەربڕین و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی وێنەی شیعریی بەرز و ناوەڕۆکی پڕ لە واتای بەرهەمهێناوە، ((هەندێک لەو دەقانەی مەحوی چنینەکەی وەها خراوەتەڕوو، کە لە یەک کاتدا وێڕای دەرنەچوون لە ڕەمز و ستراتیژییەتی سۆفییانەش وەکو کەرەستەیەکی ڕەوانبێژیش مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سازاندنی شیعرییەتی وێنە)) (خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٩٥).

لێرەدا بە شێوەیەکی پراکتیکی، چەمکە دوالیزمە عیرفانییەکان لە شیعرە کوردییەکانی مەحوی دەخەینەڕوو، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیش بۆ ئەو چەمکانە و بەیتە شیعرییەکانیش دەکەین:

**٣_٥_١_ ئاو و ئاگر:** دوو چەمکی عیرفانین لە هەمان کاتیشدا دوالیزمی یەکترن، ئاو جگە لەوەی لە هەندێک شوێندا بە"ئاب" هاتووە، لەگەڵ وشەی تریشدا هاتووە، وەک: "ئابی حەیوان، ئاوی حەیات، ئاوی زیندەگی، ئاوی گەوارا، ئاوی خزر...تاد "، ((ئاو سەرچاوەی ژیانە، مەبەست لێی ناسینە، چونکە مەبەست لە ژیانیش هەر ناسینە)) (سعیدی،١٣٨٤هـ : ١)، ئاگریش ((هێمایە بۆ سووتان، لە عیرفانیشدا تەعبیرە بۆ کەسی عاشق)) (خۆشناو، ٢٠١٦: ٣٢١)، حەقیقەتی ئاگر گەرمی و سوتانە، مەحوی لێرەدا عاشقەکەیە بە وێنەی ئاگرێکی دڵبرژێن، جوانی یارەکەشی بە وێنەی ئاوی ژیانە. بۆیە ئەوەی لەناو ئاگردا بێت هەمیشە ژیانی ناخۆشییە و ئەوەشی لەناو ئاودا بێت ژیانی پڕە لە ئارامیی، بۆیە ئاو و ئاگر هەرگیز پیکەوە کۆنابنەوە. دەڵێت:

**"نەبووە قەت مەحوی وتی بوونی من و تۆ پێکەوە**

**حوسنە <u>ئاوی</u> زیندەگی عیشق <u>ئاگرێکە</u> دڵ برێژ."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٨٤).

**٣_٥_٢_ ئیمان و کوفر:** دوو چەمکی دوالیزمی عیرفانین، ئیمان واتا (( دانپێدانان و دڵنیایی تەواو و ملکەچ بوون و کارکردن بە ڕێنماییەکان)) (شوان، ٢٠١٠: ٤٧)، کوفریش بریتییە لە ((شاردنەوەی ڕاستی و بێئاگابوونی دڵ لە حەقیقەت)) (سجادی، ١٣٨٤هـ : ٦٤٩).

مەحوی باوەڕداری بەوە لێکدەداتەوە کە چاوی بەیار بکەوێت، کافربوونیشی کاتێکە کە دوور بێت لەیار و پێی نەگات، مەحوی بەهۆی نەبینینی یارەوە ناڵە و هاواری لێ هەستاوە. دەڵێت:

**"دینتم <u>ئیمانە</u>، خۆ، <u>کوفرە</u> نەگەینم بە تۆ**

**قوڕ بە سەرم، دینە، چوو، کافرییە: بوو ئەوا"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٧٠).

**٣_٥_٣_ بولبول و پەروانە :** دوو چەمکن هێمان بۆ عەشق و خۆشەویستی و بێزارنەبوون و بەردەوامی، لە جیهانبینیی عیرفانیشدا بۆ چاولێکردن بەکاردەهێنرێت، ((پەروانە بە واتای پیر و ڕابەر و ڕێپیشاندەری سالیکان دێت)) ( شکار، ٢٠٠٩: ٣٠٥)، مەحوی تایبەتمەندییەکانی بولبول و پەروانە بۆ خۆی بەکاردەهێنێت وەکو هێمایەک بەیتەکەی پێ دەچنێت و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە وانەی عەشقی لای ئەوان خوێندووە، بۆیە هەرگیز لێی بێزارنابێت، هەر لەو بەیتەدا مەحوی دوو چەمکی تری دوالیزمی بەکارهێناوە و لە هەمان کاتیشدا دوو چەمکی عیرفانین کە ئەوانیش **"گەیشتن و نەگەیشتن"**ە، کە هاوواتای "ویسال و هیجران"ە، و ڕۆڵی دوالیزم دەبینن، بەڵام لەسەر بنەمای دژیەکی نەرێ، کە تەنیا بە نەرێبوون دروست دەبن، لە نموونەکانی داهاتوو زیاتر لەسەر ئەو دوو چەمکەش دەوەستین. هەروەک لە دێڕە شیعرێکدا مەحوی دەڵێت:

"**دەرسی عیشقم هەر لە کن <u>پەروانە</u> یا <u>بولبول</u> بووە**

**بیگەمێ، یان نەیگەمێ، هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٧٧).

**٣_٥_٤_ پیری و جوانی:** پیری جگە لەوەی تەعبیرە لەو کەسەی تەمەنی گەنجێتی بەڕێکردووە، لە عیرفانیشدا بەو کەسە دەوترێت (( کەسێکە ڕابەرایەتی ڕێبوار دەکات و کەسێکە ڕێگەی ڕاستی گرتۆتەبەر)) (شوان،٢٠١٠: ٧٥)، هەروەها وشەی پیر واتای جۆراوجۆری لێ وەرگیراوە، وەک: " پیری دێر، پیری خانەقا، پیری مەیخانە، پیری موغان، پیری خەرابات...تاد" جوانیش لە وشەی "الجمال"ی عەرببییەوە هاتووە، ((نوورێکی پیرۆزە لە جوانی خوایی تێکەڵی سەرتاسەری بوونەوەران بووە)) (الفني، ١٩٨٠: ٦٤)، جوانی هاوواتاشە بۆ تەمەنی گەنجی و لاوێتی، مەحوی باسی لەو دوو چەمکە دوالیزمە عیرفانییە کردووە و وەکو عاریفێک سەرکۆنەی خۆی دەکات کە تەمەنی لاوێتی و جوانی بەسەرچووە و بە تەواوی گەیشتووە بە تەمەنی پیری، بەڵام هێشتا هیوا درێژیی، کە هی تەمەنی لاوێتییە، حەز و خواستی دەچێتەوە سەری. هەروەک مەحوی دەڵێت:

"**<u>پیری</u> نەمامی باغی <u>جوانیی</u> کردە پووش**

**تازەم درەختی توولی ئەمەل دەردەکا چرۆ.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ: ٢٩٧).

**٣_٥_٥_ تاڵی مەرگ و شیرینی ژیان :** لەم بەیتەدا دوو چەمکی دوالیزمی لە هەمان کاتدا عیرفانی هەن، ((مردن لای ئەهلی عیرفان بریتییە لە سەرکوتکردنی نەفس و داکەندنی بەرگی مادییەت و ڕێکردن بەرە و جیهانی مەعنەوییەت)) (الجرجاني، ١٩٨٦ :١٢٩)، پێوەری زیندوو بوونییش لای ئەهلی عیرفان ((ڕاستەڕێبوونی دەروونەکەیەتی، بە پێچەوانەوە بە زیندوو دانانرێت)) (خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٥٧) مەحوی لێرەدا نۆشینی مردن کە لە بنەڕەتدا ئێجگار تاڵە،

بەڵام لە لای ئەهلی حەیا بە باشتر دەزانێت وەک لە شیرینیی ژیان، ئەگەر ئەو ژیانە سوکایەتی و بێڕێزیی تێدا بێت. مەحوی دەڵێت:

**"بەو هەموو تاڵییەوە شەربەتی مەرگ، ئەهلی حەیا**

**خۆش گەواراترە بۆی ئێستە لە شەکراوی حەیات."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٩٩).

**٣ـ٥ـ٦ـ خورشید و سایە :** جگە لەوەی دوو چەمکی عیرفانین، لەگەڵ ئەوەشدا دژی یەکترن و هیچ کات پێکەوە کۆنابنەوە،((خۆر حەقیقەتی نووری خودایە و ئەو ڕووناکییانەیە کە لە دەرکەوتنە خواییەکانەوە دەردەکەون)) (سجادی، ١٣٧٨هـ : ٣٧٤)، هەروەها سایەش ((سێبەری بوونی ئیزافییە و پاشکۆ و لاوازی نیشاندانە)) (القاشاني، ٢٠١٢: ٤٣)، مەحوی یار دەچوێنێت بە خۆر و خۆیشی بە هەتاو، ئەمەش حەقیقەتی تێکەڵنەبوونی مەحوی دەسەلمێنێت لەگەڵ یارەکەی. هەروەک دەڵێت:

**"خورشید وسایە پێکەوە نابن، دە حەقیەتی**

**ئەو جیلوە وەحشییە کە نەبێ ئاشنا بەکەس"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٨٨).

مەحوی لە شوێنێکی تردا ئاماژە بە دوو چەمکی تری هەمان واتا دەدات، کە ئەوانیش"**سێبەر و هەتاو**"ن مەحوی بابەتێکی گرنگ دەوروژێنێت، ئەویش ئەنانییەت و خۆپەسەندییە، دەڵێت تا ئەو کاتەی مرۆڤ دەست هەڵنەگرێت لە خۆپەرستی و خۆپەسەندیی، سێبەری بوونی خۆی لەسەر لا ناچێت و هەتاوی خودا ناسی لەسەری دەرناکەوێت. مەحوی دەڵێت:

**"تا زوڵمەتی وجودە تەریکی لە نووری عیشق**

**سێبەر نەما، هەتاوە، کە مەحوی نەما خودا"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٨).

**٣ـ٥ـ٧ـ خەڵق و خودا :** (( خودا ناوێکە کە سەرجەم ناو و سیفەتە بەرزەکانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە)) (القاشاني، ٢٠١٢: ١٢)، هەروەها لە قورئاندا "٢٥٦٣"دووبارە بووەتەوە، خەڵقیش هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لەلایەن خوداوە بەدیهێنراون، مەحوی لە بەیتێکدا باس لە یەکتاپەرستی دەکات و ڕەخنەی توند لەو جۆرە بیروباوەڕانە دەگرێت کە تەنها سەرزارەکییە و دڵیش خاڵییە لە یادی خودا و بە توندیی نەفی سێبەرەکانی شیرک دەکات. مەحوی دەڵێت:

**"مەتاعی سیدق و ئیخلاسم لە بازاڕی ڕیاکاران**

**لە سورەی (قل هو الله احد) دەکەم لەم موشریکستانە"** (دیوانی مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٢٢).

**"لە دڵدا خەڵق و خوا بوو، فائیدەی چی**

**کە دەم پڕ بێ لە (ایاک... ایاک)."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٢٩).

**٣_٥_٨_ دونیا و مەعشوق:** مەحوی کەتووەتە نێوان دوو بژاردەوە، یان هەڵبژاردنی دونیا، یان هەڵبژاردنی مەعشوقەکەی، ئەم دوو چەمکە پێکەوە نایانکرێت لەگەڵ ئەوەی دوو چەمکی عیرفانین لەهەمان کاتیشدا  دوو چەمکی دوالیزمیشین، (( دونیا ئەو شوێنەیە ئەگەر مرۆڤ پێوەی سەرقاڵ بێت لە خودای دوور دەخاتەوە، هەرکەسێکیش دڵی بە دونیا بدات تیادەچێت)) (الفني، ١٩٨٠: ٩٨)، لە بەرامبەر دونیادا مەعشوق هەیە کە خودایە، دواتر مەحوی بڕیارە ڕاستەکە دەدات و دەڵێ لەسەر تۆ هەموو دونیا دوژمنمە و لە پێناوی تۆدا تەرکی هەموو دونیا دەکەم، لە نێوان دوالیزمەتی دونیا و مەعشوقدا هەمیشە عاریفان پشتیان لە دونیا کردووە بۆ گەیشتن بە مەعشوق، مەحویش پەیڕەوی هەمان بیرۆکەی عاریفانی کردووە. هەروەک دەڵێت:

"**لەسەر تۆم دوشمنە دونیا قەزییەم (مانع الجمع)**

**کە تەرکی <u>تۆ</u> نەکەم تەرکی هەموو <u>دونیا</u> نەکەم چیبکەم.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٧٤).

لە شوێنێکی تردا مەحوی باس لە دوو چەمکی تری دوالیزمی لە هەمان کاتیشدا عیرفانی دەکات، ئەویش"**دونیا و دوارۆژە**" دان بەوەدا دەنێت کە خەیاڵاتی دونیایی بە چەشنێک بەسەریدا زاڵبووە تەنانەت بیری قیامەتی نەماوە، مەگەر ناوی قیامەت لە ڕۆژی قیامەت بکەوێتە بیر و هۆشی، ئەو کاتەش هیچ سوودێکی نییە. مەحوی دەڵێت:

"**خەیاڵی پوچی <u>دونیا</u> وا دەماغ و دڵمی پێچاوە**

**<u>قیامەت</u>، هەر مەگەر ڕۆژی قیامەت بێتەوە فیکرم.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٦٣).

**٣_٥_٩_ دەرد و دەوا :** دوو چەمکی عیرفانین و ڕۆڵی دوالیزمیش دەگێڕن، بە لای ئەهلی عیرفانەوە هەر دەرد و نەخۆشییەک بەهۆی عیشقەوە دروست بێت پیرۆزە بە لایانەوە، مەحویش هەمان ڕێچکەی گرتووە و  دەردی عیشقی لا پیرۆزە و داوا دەکات دەردی عەشقی کەمنەبێتەوە، بەڵکو زیادیش بکات، تەنانەت لە جیاتیی دەواکەشی هەر ئەو دەردەی بۆ بێت، کە دەردی عەشق و خۆشەویستییە. مەحوی دەڵێت:

"**خودا ئەم <u>دەردی</u> عیشقەم لێ نەکا کەم**

**هەتا هەم بەس لە باتیی هەر <u>دەوا</u> بەس.**"   (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٨٦).

مەحوی باس لە هەمان بابەت دەکات، ئاماژە دەکات بۆ برین و مەرهەم کە دوو چەمکی دوالیزمین، دەڵێت بە قسەیەک کە لە لێوی یار دەردەچێت دەبێ بە مایەی شیفا و مەرهەم بۆ برینی دڵ، بەڵام بە ئیشارەتێکی چاوی برینەکەی زامی دڵی دەبێتەوە بەبرین. مەحوی دەڵێت:

"**لەبی لەعلی شیفا بەخشی <u>برینی</u> دڵ دەکا <u>مەرهەم</u>**

**ئیشارەی چاوی، دەکولێنێتەوە داغی جگەر لە نوێ.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٦٠).

**٣_٥_١٠_ زاهیر و باتین :** یەکێکن لە ناوەکانی خودا، ((هو الاول والاخر والظاهر والباطن)) (سورة الحديد: ٣)، واتە: ((خودا یەکەمینە و لە سەرەتاوە هەر هەبووە و پێش ئەو هیچ کەس نەبووە، دواهەمینە و کەس دوای ئەو نامێنێت، ئەو زاتە دیارە و هەموو شت بەڵگەیە لەسەر بوونی، لە هەمان کاتیشدا نادیارە، بەڵام بە بینایی بیر و هۆش و دڵ و دەروون ئاشکرایە)) (امين، ٢٠٠٤: ٥٣٧)، دوو چەمکی دوالیزمین، ئاماژەن بۆ لایەنی دەرەکی و ناوەکی یان دیار و نادیار، بە لای ئەهلی عیرفانەوە گرنگیدان بە لایەنی ناوەکی خاڵێکی جەوهەرییە و زۆر خۆیان سەرقاڵناکەن بە لایەنی ڕووکاری دەرەوەوە، مەحوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەوەی لە دەروونیدا کەموکووڕیی هەبێت، ئەوا لە ڕووکاری دەرەوەیدا دەردەکەوێت. دەڵێت:

**"لە نەقسی <u>باطین</u> ئەسەر ئاخری دەبێ <u>ظاهیر</u>**

**لە ئاخرا شەل و شێتی عەقیدە ما جاحیظ."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٧٥).

**٣_٥_١١_ ڕۆح و جەسەد :** (( ڕۆح بریتییە لە ژیان، مرۆڤ لە ڕۆح و جەسەد پێکهاتووە، چونکە خودا بۆ یەکتری ڕامیهێناون)) (قوشەیری، ٢٠١٦، ١٩٨)، ڕۆح و جەسەد دوو چەمکی دوالیزمی عیرفانین، عاریفەکان لە پێناو بەرزکردنەوەی لایەنی ڕۆحدا و گەیشتن بە پلە بەرزەکانی مەعنەوییەت، هەمیشە خەریکی ماندووکردن و ئازاردانی جەسەدیان بوونە، مەحوی لە "قەسیدەی بەحری نوور" باس لە جیاوازی وجوودی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ خەڵکی تر دەکات، کە بە قەد جیاوازی ڕۆح و جەسەدە، چونکە ئەو سێبەری نییە و هی خەڵکی تر سێبەری هەیە، مەحوی بە شێوازی ئیستێتیکی لە چوارچێوەی هونەری دوالیزمدا لە قەسیدەی (بەحری نوور)دا، ئەو حەقیقەتە موعجیزەیەی پێغەمبەر(د.خ) دەخاتەڕوو.

**"وجوودی ئەو لەگەڵ باقی وجوودان ئەر نیە فەرقی**

**بەقەد <u>ڕۆح</u> و <u>جەسەد</u>، بێ سێبەری خاریج لە ئیمکانە"** (مەحوی، ١٣٩١هـ: ٤٧٥).

**٣_٥_١٢_ شار و بیابان :** سارا بە واتای چۆڵی و بیابان و شاریش بە واتای قەرەباڵغی جێنشین دێت، کە دوو چەمکی عیرفانین و لەم بەیتەدا دوالیزمیان دروستکردووە، ((سارا لە زاراوەی سۆفیدا جیهانی گیانییە، یان پێی دەگوترێت بیابانی گیانی)) (شوان، ٢٠١٠: ١٧٩)، مەحوی پێیوایە بۆ بەجێهێنانی ئادابی عەشق دەبێت ڕووبکرێتە سارا و بیابان، چونکە ئەو ئەرکە گەورەیە لە شاردا جێبەجێنابێت. مەحوی دەڵێت:

**"بەجێ نایێ، دەبێ ڕووکەینە <u>سارا</u>**

**حەقی ئادابی مەجنوونی لە <u>شارا</u>."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٠).

**٣_٥_١٣_ شیرک و تەوحید :** مەحوی لە بەیتێکی تردا دوو چەمکی تری دوالیزمی عیرفانی بەکاردەهێنێت، شیرک بە واتای هاوەڵ پەیداکردن بۆ خودا، تەوحیدیش بە مانای یەک خوایی، ((مەبەست لە یەکتاپەرستی، وازهێنان و دوور کەوتنەوەیە لە هەر شتێک جگە لە خودا، واتە وابەستەیی حەقیقیت بە خوداوە بێت)) (شەبستەری، ٢٠١٨ :٤٤٣)، مەحوی دەیەوێت ئیتر دەبێت وازبهێنێت لە داواکاری و پشتبەستن بە غەیری خوا، بەڵکو ڕووبکاتە یەکتاپەرستی، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە مەحوی خۆی بە نزیکترین کەس دادەنێت لە مەعشوقەوە، بۆیە پەنا بۆ هیچ کەسێک نابات بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بە خودا، چونکە گەشتووتە ئاستێک پێویستی بە ڕابەر و شێخ نییە. هەروەک مەحوی دەڵێت:

"**(مەحویا) با بەسی بێ <u>شیرکی</u> تەشەببوس بەم و بەو**

**بگرە بەس دامەنی <u>تەوحیدی</u> (قل هو الله احد).**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٥٢).

**٣_٥_١٤_ شەو و ڕۆژ:** دوو چەمکی دوالیزمیی عیرفانین، مەحوی بۆ قیامەت و ڕۆژی دوایی شەوی یەڵدای بەکارهێناوە، کە تەعبیرە لە درێژیی و تاریکی ڕێگا، هەروەها بۆ کورتیی تەمەنیش ڕۆژی عومری بەکارهێناوە، کە تەعبیرە لە تەمەنی کورتی خودی مرۆڤ و دونیا، بۆیە بۆ ئەو شەوە تاریک و درێژە، کە مەبەست لێی قیامەتە پێویستی بە چرایە بۆ ڕووناککردنەوەی ڕێگاکەی. هەروەک مەحوی دەڵێت:

"**برا، فکری چرا کیبیریتی فرسەت تا لەدەستایە**

**<u>شەوی</u> یەڵدا لە پێشە، <u>ڕۆژی</u> عومرت وەختە ئاوا بێ.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٤١).

**٣_٥_١٥_ فەنا و بەقا:** دوو چەمکی عیرفانین لە هەمان کاتیشدا دوالیزمین، بریتین لە ((بەربوونەوە و لێبوونەوەی سیفەتە ناپەسەندەکان و ڕاستبوونەوەی سیفەتە پەسەندەکان)) (قوشەیری،٢٠١٦: ١٦٢)، لە دونیای عیرفاندا ڕێبوار تا لە عەشقی خودادا نەگات بە پلەی فەنا و تێیدا نەتوێتەوە، ناتوانێت بە هۆشی خۆیدا بێتەوە و بگات بە پلەی بەقا و مانەوە، مەحوی دەڵێت: بۆیە کەلاوە کۆنی نەمانم کردووە بە پەنا و شوێنی خۆم، بەڵکو لەو ڕێگەیەوە بگەمە ژیانی ڕاستەقینەی هەتا هەتایی. هەروەک مەحوی دەڵێت:

"**بەڵکە لەو ڕێیەوە من پەیبەمە عیمرانی <u>بەقا</u>**

**(مەحویا) غەیری خەراباتی <u>فەنا</u> نیمە مەلاز.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٧٢).

**٣_٥_١٦_ وەحدەت و کەسرەت:** دوو چەمکی دوالیزمی عیرفانین، مەحوی باس لە وەحدانییەت و حەقیقەتی یەکتاپەرستی دەکات و بایەخدان بە هەر شتێک جگە لە خودا ئەو بە کەسرەت و وەهم ناویدەبات، مەحوی بۆ گوزارشت لە گوتارێکی عاریفانە پشتی بە لۆجیک

بەستووە، بۆیە هەندێک پێیان وایە"وەحدەت و کەسرەت" دوو چەمکی کەلامی و لۆجیکین، (( بەلای عاریفەکانەوە مەبەست لە وەحدەت حەقیقی بوونی حەقە، دەرکەوتنی زۆرییەکان زۆربوونی پلەکانیش کاروبارێکی ئیعتیبارییە و لە غایەتی نوێبوونەوەی فەیزی ڕەحمانی بوونەوەرەکان دەردەکەون)) (شوان، ٢٠١٠: ٣٣١)، مەحوی دەڵێت: لە یەکێتی بەولاوە هیچ لەم جیهانەدا نییە و غەیری وەحدەت کەسرەت هەیە، ئەویش وەهمە و تەنها دووبارە کردنەوەی ژمارە یەکە، بە ژمارە کردن و دووبارە کردنەوەی ئەو ژمارە، زۆر بووە. مەحوی دەڵێت:

**"غەیری <u>وەحدەت</u> لە وجوودا نییە، <u>کەسرەت</u> وەهمە**

**سادە تەکراری یەکە، مەنشەئی ئەوهامی عەدەد."**( مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٥١).

**٣ـ٥ـ١٧ـ هۆشیاری و مەستی:** دوو چەمکی عیرفانین، مەبەستیش لێی هۆشیاربوونەوە و بە ئاگاهاتنەوەیە لە پاش بێئاگایی و مەستی، بریتییە لە: (( گەڕانەوە بۆ هەستکردن لە دوای ونبوون، ونبوونێکە بەهۆی هاتوویەکی بەهێزەوە ڕوودەدات)) (قوشەیری، ٢٠١٦: ل١٦٩)، مەحوی لەم بەیتەدا هەردوو چەمکی هۆشیاری و مەستیی بەکارهێناوە، کە دوالیزمی یەکترن و باس لە حوکمی نیگای یار دەکات، لەو کاتەی کە دەردەکەوێت کەسە هۆشیارەکان لەو چوار دەورە نامێنن و هەمووان مەست و بێهۆش دەکەون. هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"لەبەر حوکمی نیگایا قاتە <u>هۆشیار</u>**

**هەتا چاوی بکا بڕ، مەستە هەر <u>مەست."</u>** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٠٧).

**٣ـ٥ـ١٨ـ هیجر و وەسڵ :** دوو چەمکی دوالیزمی عیرفانین، هیجر بریتییە لە دابڕان و دوورکەوتنەوە و کۆچکردن، وەسڵیش بریتییە لە (( پەیوەندیکردن و گەیشتن بە دولبەر لە دوای دابڕان کە چێژێکە لە وەسفکردن نایەت)) (شوان، ٢٠١٠: ٣٣٦)، شاعیر دوو چەمکی تری دوالیزمی بەکارهێناوە، کە ئەوانیش"نار و جەننەت"ن کە دیسان ئەم دوو چەمکە دوو چەمکی دوالیزمین، مەحوی ئازاری دابڕان بە دۆزەخ ناودەبات و چێژی بەیەکگەیشتنیش بە بەهەشت دەچوێنێت، هەروەک دەڵێت:

**"تێدەگا هەرکەس بکا فەهمی رومووزی مەعنەوی**

**<u>هیجر</u> و <u>وەسڵە</u> <u>نار</u> و <u>جەننە</u>ی ئایەتی (لایستوی)."**( مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٦٠).

**٣ـ٥ـ١٩ـ هەلهەلە و وەلوەلە:** هەلهەلە بۆ کاتی خۆشی و شادییە، وەلوەلەش بۆ گریان و ناخۆشییە، مەحوی لە بەکارهێنانی دوو چەمکی دوالیزمیدا بێبایەخیی دونیا دەخاتەڕوو، بەوەی ئەو کەسەی دەسەڵاتدارە و خەڵکی بە دەوریدا کۆبوونەتەوە و هەلهەلەی خۆشیی بۆ لێدەدەن، سبەی کۆتایی بە ژیانی دێت، ئینجا بە دەوری تەرمەکەیدا شین وزاری دەکەن، دواتریش دوو

چەمکی تری دوالیزمی بەکارهێناوە ئەوانیش "تەخت و نەعش"ە تەخت بۆ پادشایی، نەعشیش ئەو تەختەیەیە مردووی لەسەر دەشۆردرێت، مەحوی دەڵێت:

**"ئەوی ئەمڕۆ بە دەوری تەختیایە <u>هەلهەلە</u>ی مەخلووق**

**لە دەوری نەعشیا سبحەی دەبینی <u>وەلوەلە</u>ی مەخلووق."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٢١).

**٣_٥__٢٠_ یەقین و شک:** ((ئەگەر یەقین گەیشتە دڵ ئەوا دڵ پڕ دەبێت لە نوور و هەموو شک و گومانێکی تێدا دەڕەوێتەوە)) (قوشەیری، ٢٠١٦: ٣٣٧)، یەقینیش سێ پلەی هەیە، ((علم الیقین: ئەوەی لە ڕێی تیۆر و بەڵگەدارییەوە بێت، عین الیقین: ئەوەی لە ڕێی کەشف و پەیدابوونەوە بێت، حق الیقین: ئەوەی بە بەدیهاتنی جیابوونەوە لە گەردەکانی قوڕەوە و بە هاتنی ڕائیدی ویسالەوە دەبێت)) (سورەوەردی،٢٠٢١: ٦١١) ، هەردوو چەمکی"یقین و شک" دوو چەمکی دوالیزمی عیرفانین و پێکەوە کۆنابنەوە، چونکە کاتێک یەقین هەبێت گومان نامێنێت، گومانیش هەبێت یەقین دروستنابێت، ئیسپات بوونی ئاشتی یار و تۆرانی مەحوی لە ناپایەداریدا وەکو یەک وان و گەیشتۆتە یەقین، کەواتە ئەم یەقینە بووەتە جێگەی گومان و نازانرێت ئاخۆ ڕاستە یان نا؟ مەحوی لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت:

**"ئاشتی تۆ، تۆری من، بۆ بێ ثەباتی هەردوو یەک**

**گەیوەتە حەدی یەقین، ئەم دوو یەقینەن هەردوو شەک."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٣٦).

### ٣_٦_ هێما عیرفانییەکان:

چەمکی هێما یاخود ڕەمز ((بریتییە لەوەی وشەیەک لە ڕووی واتاوە شوێنی واتا یان دەلالەتێکی تر بگرێتەوە، هەروەها برێک لە تەمومژ و لیلی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە و پەیوەندییەکی نزیک و پتەویشی پێیانەوە هەیە)) (حەمەد، ٢٠٠٢: ٧)، هێماکانیش گرنگی خۆیان هەیە بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان، لە دونیای عیرفان و سۆفیگەری و ئەدەبیاتی عیرفانیدا هێما و ڕەمزە عیرفانییەکان پانتاییەکی فراوانیان داگیرکردووە و ئامادەییەکی بەرچاویان هەیە، (( ئەوان لەسەر کۆمەڵێک دەستەواژەی هێمایی ڕێککەوتوون بۆ دەربڕین لە واتا دەروونییەکانیان، بۆیە زانایان چەندەها پەرتووکیان داناوە بە مەبەستی لێکدانەوەی ئەم دەستەواژانە بۆ موریدەکانیان)) (حمد، ٢٠١٨: ٢٨٦).

خودی عیرفان زمانێکی ڕەمز ئامێزە، بۆیە پەیبردن لەو واتا ڕەمزییانە و کردنەوەی کۆدی واتا عیرفانییەکان، پێویستی بە تێڕامانی قوول هەیە، لێرەدا بە پاڵپشتی نموونەی شیعریی ئاماژە بە هەندێک لەو هێما عیرفانییانە دەکەین، کە مەحوی لە شیعرەکانیدا ئاماژەی پێکردووە، ئەوانیش بریتین:

**٣_٦_١_ (خضر) ی زیندە:** ناوی یەکێکە لە پیاوچاکەکان و هەندێکجاریش وتراوە پێغەمبەرە و چیرۆکی زۆری لەبارەوە وتراوە، کە بە (خدری زنە) ناوبانگی دەرکردووە، گرنگترین چیرۆکیش دراوەتە پاڵی ئاوی حەیات و نەمرییە، لە دونیای تەسەوف و عیرفان و ئەدەبییاتدا یەکێکە لەو چەمکانەی زۆر بەکاردەهێنرێت. ((خضر هێمای گەشانەوەیە "بسط"، دژی گوشرانەوەیە "قبض"، هەروەها بە حاڵی گەشانەوە تەعبیری لێدەکرێت)) (شوان، ٢٠١٠: ١٢٨)، مەحوی لە بەیتە شیعرێکدا لە خۆشەویستیدا بۆ پێغەمبەر(د.خ) خاکی بەردەرگاکەی بە ئاوی ژیان و دڕکی بەردەرگاکەی بە گوڵ وەسف دەکات. هەروەک دەڵێت:

**"ئاوی (خضر)ە خاکی ئەو بەر قاپییە**

**دڕکی ئەو بەر دەرکە گوڵ، پووشی گیا."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٧).

مەحوی لە شوێنێکی تردا چەند وێنەیەکی ئەفسانەیی دەترنجێنێتە نێو بەیتە شیعرێکەوە، کە وەنەوشە و میسکی بۆن خۆش و ئاوی ژیان لالە و عەنبەر، کە دەزانن ناگەنە پایەی جوانی یار، لە داخا خۆیان ڕەشپۆشکردووە. هەروەک دەڵێت:

**"سیا پۆشن لە داخی خەت و خاڵ و لێو و ڕوو و زوڵفت**

**وەنەوشە و میسکی چین و ئاوی خضر و لالە و عەنبەر."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٦٦).

**٣_٦_٢_ ئاوی خزر:** بە مانای ژیان و نەمریی دێت، بە لای عاریفانەوە نیشانە و هێمایە بۆ ئەوەی هەرکەس ئەو ئاوە نۆش بکات تووشی (فەنا) بوون نابێت، ئەم بابەتە بە زۆری بەستراوەتەوە بە چیرۆکی (خدری زندە)وە، هەروەها کۆمەڵێک دەستەواژەی تریش پەیوەست بەمە لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا ناوی هاتووە وەک: (ئاوی حەیوان، ئاوی گەوارا، ئاوی زیندەگی، ئاوی حەیات)، ((خضر هێمای گەشانەوەیە "بسط"، دژی گوشرانەوەیە"قبض"، هەروەها بە حاڵی گەشانەوە تەعبیری لێدەکرێت)) (القاشاني،٢٠١٢: ٢٥)، مەحوی لە زۆر شوێنی دیوانە شیعرییەکەیدا هەرجارە و بە شێوازێک ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە، مەحوی باس لەوە دەکات ئەگەر (خدری زندە) بە هیوای ژیانی نەمری چاوی بڕی بێتە ئاوی حەیات، ئەوا من بە پێچەوانەی ئەو بۆ ژیان چاوم بڕیوەتە خاکی بەر دەرگای یار، کە مەبەستی دەرگای ماڵی پێغەمبەرە(د.خ). هەروەک دەڵێت:

**"خزر ئەگەر چاوی حەیاتی بڕییە ئاوی حەیات**

**من لە خاکی دەری جانانەمە هەر چاوی حەیات."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٦٥).

**٣_٦_٣_ئیعتیکاف:** هێمایە بۆ گۆشەنشینی و تەنهایی عاریفەکان و سۆفییەکان، کە دوور لە خەڵکی خەریکی خواپەرستی و یادکردنەوەن، جگە لەوەش سیماکانی عاریف لە خەڵوەتگاهدا بریتییە لە کەمخەوی و کەمخۆراکی وکەمقسەکردن، ئیعتیکاف هەروەها مانەوەی بەندە بە تەنها و خۆتەرخانکردن بۆ خواپەرستی ((خاوێنکردنی دڵ و خۆ تاککردنەوەیە بۆ خوداناسی و خۆ دوورگرتن و خاڵیکردنی دڵە لە جیهانی نەفس و کاروباری دونیایی)) (سجادی، ١٣٧٨هـ : ١١٣)، ئەمەش پەرستشێکی بەردەوامی عاریفەکانە بۆ زیاتر خۆ نزیککردنەوە لە خودا، مەحوی دەڵێت:

**"من بم لە باتی ئەو لە رقانا سبەی کەوا**

**ماهی سیامە تۆبە دەکەم دەچمە ئیعتیکاف"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٨٥).

**٣_٦_٤_ ئیکسیر:** هێمایە بۆ مرۆڤی کامڵ و شتی گران و دانسقە، یان هەرشتێک کەم دەستبکەوێت، ((گەوهەرێکی تاوێنەرەوەیە، کە تەنەکان دەگۆڕێت و باشتریان دەکات، وەک مس دەکات بە زێڕ)) (زەند، ٢٠١١، ١٧٦)، مەحوی باس لەخەڵکی بەدکار دەکات و داوا دەکات ئەوانە لەبەردەم ماڵی یاردا دووربخرێنەوە، چونکە بەردەم ماڵی یار وەک ئیکسیر بەنرخە و کەسی بەدکاریش وەک ئاسنە کۆنە بێ نرخە، بۆیە ئەوانە زیان بەناوبانگی بەردەرگای یاردەگەیەنن، خاکی بەردەرگای یاری بە ئیکسیر چواندووە. هەروەک دەڵێت:

**"لە خاکی پاکی ئەو بەردەرکەدا گەوزا ڕەقیب، ئەمان**

**دەریکە، حەیفە گوور ئاسن خەسارەتدا لە ئیکسیرت."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٠١).

**٣_٦_٥_ بادە :** واتا پێکی شەراب، لای ئەهلی عیرفانیش هێمایە بۆ عیشق و بۆ ڕۆشنکەرەوەی ڕێگا تەریقەت، لەگەڵ کۆمەڵێک چەمکی تریش لەم بوارەدا بەکارهێنراون، کە واتاکانیان لەیەکەوە نزیکن، وەک: (نووری بادە، مەی، مەیخانە، مەیکەدە، مەیکەشی، شەراب، ساقی، مەست، پیاڵە...تاد)، هەموو ئەم زاراوانە لە ئەدەبییاتدا بە گشتی و لە عیرفان و سۆفیگەریدا بەتایبەتی گرنگی خۆیان هەیە. بادە هێمایە ((بۆ ئەو جۆش و خرۆشی عەشقەی کە لە چەند بریقەیەکی یەک لەدوای یەکەوە دێت)) (سجادی، ١٣٧٨هـ : ١٧٧ )، مەحوی لە بەیتێکدا مەبەستی ڕاستەقینەی ئەم مەسەلەیە ڕووندەکاتەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات هەر کەسێک هەستی بە چەشتنی ئەو خۆشەویستییە کردبێت، کە مەبەستی خۆشەویستی خودایە، ئەوا هەموو خۆشیەکانی تر وەلا دەنێ، بۆ ئەم مەبەستە و بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی حەقیقەت و گەیشتن بە خۆشەویست و دۆزینەوەی یاری ڕاستەقینە، (نووری بادە) لەگەڵ (شەمع) پێکەوە بەکاردەهێنێت. هەروەک دەڵێت:

**"کە هەڵگیرسا لە نووری بادە شەمعی حوسنی جانانە**

**نەچێتە سەر تەریقەی حەزرەتی پەروانە، دڵ چیبکا."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٦).

**٣_٦_٦_ بلیس، ئیبلیس:** هێما و ڕەمزە بۆ شەیتان، هەمیشە لە هەوڵی لە خشتەبردنی مرۆڤدایە، بۆیە عاریفەکان لە هەموو کەس زیاتر ئیبلیسیان ناسیوە، بۆیە هەمیشە نزیکبوونە لە خودا، مەحوی ڕەخنە لەو کەسە دەگرێت، کە دەڵێت من لە هەموو خەڵک باشترم، چونکە ئەوە سیفەتی  ئیبلیسە کاتێک لە بەرامبەر خودا وتی من لە ئادەم باشترم، ئەوە بوو خودا نەفرەتی خۆی لێکرد، هەرکەس ئەمە خووڕەوشتی بێت ئەوا ئەمرۆ یان سبەی تووشی گرفتی خۆی دەبێت  و پێی دەوترێت بەراز، کە ئەویش هێمایە بۆ شتی ناشیرین. دەڵێت:

**"هەرکەس تەکەللومی بە (أنا الخیر)ە وەک بلیس**

**ئەمرۆ سبەی خیتابیە (یاایها البراز)."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٧٠).

**٣_٦_٧_ بوراق:** هێمایە بۆ ئەو عیشقەی کە گیانی عاشق بە جیهانی ڕۆح پەیوەست دەکات، مەبەستیش لێی ئەو گیانلەبەرەیە کە لە شەوی (ئیسرا و میعراج)دا پێغەمبەر(د.خ) پێی چوو بۆ مزگەوتی ئەقصا و پاشان بەرزبووەوە بۆ لای خودا. مەحوی لە باسی عیشق و خۆشەویستی بۆ پێغەمبەر(د.خ) شانازی دەکات بەوەی کە خۆشەویستەکەی  وێنەی مانگە، کە چۆن شەو ڕووناک دەکاتەوە کاتێک بۆ گەشتوگوزاری ئاسمانی دەچێت مەبەست لێی شەوڕەوییە چەند خێرایە لە ڕۆیشتن، کە سواری بوراق بووە وجوبرەئیلیش ڕێپیشادەرێتی،

**"بنازم بەم شەهی مەهـ سەیرە بۆ گەشتوگوزاری شەو**

**سوارێکە: بوراقی تەوسەنە، جبریلیە شاتر."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٦٠).

**٣_٦_٨_ بەیتولحوزن:** هێمایە بۆ ماڵی غەم و ناخۆشی، مەبەستیش لێی ئەو ژوورەیە کە (یەعقوب) پێغەمبەر بۆ خۆی دروستی کردبوو دوور لە خەڵکی بە هۆی لە دەستدانی (یوسف)ی کوڕی، کە ناوی لێنا بوو بە ماڵی غەم، مەحوی دەڵێت زاهید بەختی هەیە، کە بەهەشت بووە بە جێگەی، منیش جگە لە ماڵی خەفەت کە هەمووی دەرد و جەفایە شتێکی ترم نییە. دەڵێت:

**"بەختە، زاهید کە بەهەشتی بووەتە مەئوا، من**

**غەیری (بیت الحزن) دەرد و جەفا نیمە مەلاذ."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٧٢).

**٣_٦_٩_ بوتوراب:** واتە باوکی خۆڵ نازناوی پێشەوا "عەلی کوڕ ئەبی تالیب"ە، ((هێمایە بۆ مامۆستا و ڕابەر)) (حمد، ٢٠١٨: ٢٨٩)، مەحوی هێما بۆ مامۆستا و ڕابەر دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە  دەکات، کە هەر دەبێت بمریت و بگەڕێیتەوە بۆ باوەشی خاکی دایک، بەڵام پێش ئەوەی بمری بەردەم خاکی بەر دەرگای ڕابەرێک هەڵبژێرە و لەبەر دەستی ئەودا خاک بەسەر نەفسی خۆتدا بکە و بیمرێنە. هەروەک دەڵێت:

**"کە دابەی خاکت ئاخر هەر دەبێ بگرێتە باوەش خۆی**

**بکە خاکێ بەسەر خۆتا لە قاپی "بو تراب"ێ زوو"** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٩٨).

**٣_٦_١٠_ جیفه:** مەبەست لە لاکی تۆپیوە، هێمایە بۆ بێ نرخی دونیا، مەحوی داوا دەکات لەسەر ئەم دونیایە واز لە شەڕو ئاژاوە بهێنن. هەروەک دەڵێت:

**"دەزانی جیفەیە دونیا، دە حەیفە**

**وەکو سەگ ئەم شەڕ و شۆڕە لەسەر لاک."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٣٠).

**٣_٦_١١_حەللاج:** مەبەست لێی"حسێنی کوڕی مەنصوری حەللاج"ە، هێمایە بۆ ستەم و ناحەقی و حەقخوازی، حەللاج یەکێکە لەوکەسایەتییانەی لە ئەدەبییاتی عیرفانی و سۆفیگەریدا زۆرترین ڕەنگدانەوەی هەبووە، چ لەسەردەمی کۆن یاخود لەسەردەمی نوێدا، مەحوی لە زۆر شوێنی دیوانەکەیدا ناوی"مەنصور، أنا الحق، داری سێدارە" ی هێناوە، کە هەموویان تەعبیرن بۆ (مەنصوری حەللاج)، هەروەها لە چەند شوێنێکی دیوانەکەیدا باسی لە حەق و پشتگیری حەق و ئامادەیی خۆیشی دەربڕیوە لە پێناو حەقدا بکرێت بە دارا> دەڵێت:

**"هەتا حەق ناصیرە هەر حەقمە مەنظور**

**وەکو (مەنصور) ئەگەر بمکەن بە دارا."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٠).

**٣_٦_١٢_ خەرابات:** مەبەست لێی شوێنێکی کاول وێرانی دەرەوی شارە، کە مەی تێدا فرۆشراوە، لە ئەدەبییاتی عیرفانیشدا ((هێما و نیشانەیە بۆ هیچێتی و بێنرخی دونیا و تێکچوونی سیفەتە مرۆییەکانی مرۆڤ)) (شوان، ٢٠١٠: ١٢٩)، مەحوی دونیای چواندووەوە بە مەیخانە و خەڵکەکەشی سەرخۆش، بۆیە ئەگەر دونیا خەرابات بێت و خەڵکەکەشی مەست و بێهۆش بوون ئیتر هەرچییەک بکەن لێیان ناگیرێت. هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"شوکر هۆشیارە (مەحوی) تێدەگا دونیا خەراباتە**

**کە بەد مەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێدەگرم."**( مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٥٤).

**٣_٦_١٣_ دەروێش:** کەسێکە شوێنکەوتەی تەریقەتە، هێما و ڕەمزە بۆ کەسی هەژار و بێماڵ کە گرنگی بە خۆشییەکانی دونیا نادات و ژیانێکی قەلەندەرییانە بەڕێدەکات، مەحوی نموونەی هەردوو دونیا دەهێنێتەوە و هەردوو چەمکی "تیگەیو و پێگەیو" دەداتە پاڵ ئەو کەسەی کە هەوڵی سەرفرازی ئەو دونیا دەدات، بۆ ئەمەش ناوی دەروێش دێنێت، دەڵێت:

**"تێگەیو شیوەنییە ئەمڕۆ، دا سبەی شایی بکا**

**پێگەیو دەروێشە، دا سوبحەی شاهەنشایی بکا."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٨).

**٣_٦_١٤_ ذوالقرنین:** مەبەست لە ئەسکەندەری مەکدۆنییە، لە ئەدەبییاتی عیرفانیشدا هێمایە بۆ بە هێزی و دەسەڵات و پاوانخوازی، مەحوی جگە لەوەی باس لە بە هێزی دەسەڵاتەکەی ئەسکەندەر دەکا، بەڵام حەقیقەتێکی گەورەش دەخاتەڕوو، کە ئەوە چەرخ و زەمانەیە کە بۆ هیچ

کەس نامێنێت، ئەوە ئەسکەندەرەی کە (دارا)ی شای ئێران بەزاند و تاج و تاراجی تەخت کرد کەچی ئێستا خۆیش هاوشێوەی ئەو دەردەدارە و بەرە و کۆتایی ژیان دەڕوات. هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"کە چەرخ ئەسکەندەری دی دەردەدارە**

**وتی: ئەم هەبووە هەمدەری دارا."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٠).

**٣_٦_١٥_ ڕۆستەم :** لە ئەفسانەی شەڕی نێوان رۆستەم و ئەسفەندیارەوە هاتووە، لە دونیای عیرفانیشدا ((هێمایە بۆ دەروونی ئارام)) (سجادی، ١٣٧٨هـ : ٤١٥)، مەحوی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نەفسی خراپەکاردا کە بە "ئەسفەندیار" چواندووە، دەڵێت بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت دەبێت وەک ڕۆستەمی زاڵ بیت. هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"بە بێ یارێ مەچۆرە مەعرەکەی ئەسفەندیاری نەفس**

**کە لەم مەیدانەدا هەر پیرە زاڵە ڕۆستەمی بێ زاڵ."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٤٥).

**٣_٦_١٦_ سیمورغ:** ناوی باڵندەیەکی ئەفسوناوییە، کە زۆر گەورەیە و لە کێوی قافدایە، "عەنقا" شی پێدەوترێت لە ئەدەبییاتی عیرفانیدا هێمایە بۆ ((دەسەڵاتی بێ سنووری خودا بەسەر قافی عیززەت و دەسەڵاتی جیهانە بێ سنوورەکان)) (شەبستەری، ٢٠١٨: ٤٤٥) ، مەحوی لە بەیتێکدا ئەو مافە بە خۆی دەدات  شانازی بە یارەکەیەوە بکات، کە سەرتاپای نازە، تەنانەت ئەگەرسیمورغیشی بێتە ڕێ، ئەوا ئەویش وەک باڵندەی باڵ بەستراوی لێدێت لەبەردەمیدا. هەروەک دەڵێت:

**"بنازم بەم سەراپا نازە، بازی غەمزە تێبەردا**

**ئەگەر سیمورغی بەربێ هەم بووە یەک مورغی پەڕ بەستە."**(مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٠٨).

**٣_٦_١٧_ شیرین و فەرهاد:** جگە لەوەی بریتییە لە داستانێکی خۆشەویستی، لە هەمان کاتیشدا ڕەمز و نیشانەیە بۆ عیشقی ڕاستەقینە و کۆڵنەدان، مەحوی لە بەیتێکدا لە بەرامبەر عیشقی یاردا دەیەوێت لاسایی فەرهاد بکاتەوە و بیکاتە سەرمەشقی خۆی، مەحوی بەدیدێکی عیرفانانە دەڕوانێتە ئەم عیشقە و بە حەقی دەزانێت شان بداتە بەر ئەو کێوە قورسە هاوشێوەی فەرهاد. دەڵێت:

**"بێستوونی عیشقی شیرێنیک ئەوا هاتۆتە پێش**

**گەر لە حەق بێم و نەیەم، تەقلیدی فەرهادێ دەکەم."**( مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٧٧)

.

**٣_٦_١٨_عاریف:** ((هێما و ڕەمزە بۆ کەسی خواناس، کە ژیانی بە نووری ئیلاهی پرشنگدارە و ژووری دڵی بە چرای مەعنەوییەت ڕووناک دەکاتەوە، لەگەڵ نەفسی خراپەکاردا لە کێشمەکێشدایە تا دەگات بە نەفسی ئارام)) (سەیید ئەدهەم، ٢٠١٨: ٥٠)، عیرفانیش ئەو ڕێگە و پەیڕەوەیە، کە عاریفەکان هەڵیدەبژێرن بۆ گەیشتن بە ناسینی حەق. مەحوی لە بەیتێکدا جگە لەوەی ڕەخنە لە نادادی و بارودۆخێکی دەوڵەتداری دەگرێت، لە هەمان کاتیشدا تێگەیشتنی کەسێکی عاریف لەگەڵ کەسێکی عەوام دەخاتەڕوو، چونکە عاریف زوو درک بە نادادییەکانی دادگاکان دەکات و تێڕوانینی عاریف بۆ دادگا دونیاییەکان هاوشێوەی قەسابخانەکان پڕن لە کوشتن و بڕین. هەروەک دەڵێت:

**"لە عاریف عامییەک پرسی هەواڵی مەسەلەخ و قەصصاب**

**بە ئەنگوشتی شەهادەی کرد ئیشارەی مەحکەمە و نائیب."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٨٦).

**٣_٦_١٩_ قەقنەس:** باڵندەیەکە ئەوەندە دەفڕێت و بەرز دەبێتەوە تا تینی ڕۆژ دەیسوتێنێت، پاشان دادەکەوێت. قەقنەس((هێمایە بۆ سووتان)) (حمد، ٢٠١٨: ٢٨٨)، مەحوی دووری لە یارەکەی هێندە بە ئازار بووە بە "سەقەر"ی چواندووە، کە ناوی جێگەیەکی ئاگری دۆزەخە، کاتێک یارەکەی ڕۆیشتووە و لێی دوورکەوتووەتەوە چووە بۆ سەفەر و خۆیشی بە قەقنەس چواندووە، مەحوی ڕەمزی سوتان، کە قەقنەسە شیعرییەتێکی جوانیشی بە دەقەکە بەخشیوە، بەوەی قەقنەس بە نزیکبوونەوە لە خۆر دەسوتێت، کەچی سوتانەکەی مەحوی دەرەنجامی دووری یارە، دەڵێت:

**"بە ئۆغرکردنی من بوومە قەقنەس**

**کە ئەو چوو بۆ سەفەر من بۆ سەقەر چووم."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٦٨).

**٣_٦_٢٠_ کیمیا:** هێمایە بۆ پاکبوونەوەی نەفس لە ڕەوشتە ناپەسەندەکان و چوونە بەرەو کامڵ بوون، بریتییە لە ((گۆڕینی مادەی بێ بەها بۆ مادەیەکی بەهادار، یان گۆڕینی سیفەتە خراپەکانی مرۆڤ بۆ سیفەتە باشەکان)) (زەند، ٢٠١١: ١٧٦)، مەحوی پرسیاری چۆنێتی گەیشتن بە یار دەکات، وەڵامی یاریش ئەوەیە، کە وەسڵی یار وەکو زانستی کیمیا وایە، کەسیش ئەم زانستە فێری کەس ناکات، چونکە ئەو زانستە زۆر بە نرخە و هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام و شەو نخوونی دەوێت، کەواتە مەحوی سەرباری پلەی عاریفییەکەی بەڕازی گەیشتن بە یار نەگەیشتووە. هەروەک دەڵێت:

**"وتم: چ بکەم لە بۆ وەسڵت: وتی: کەس**

**بەکەس نەیوتووە عیلمی کیمیا قەت."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٢٣).

**٣_٦_٢١_ لەعل:** بەردێکی گەوهەری سووری شووشەییە، لای عاریفەکانیش ((هێمایە بۆ دڵی عاریف)) (شوان، ٢٠١٠: ٢٩٦)، مەحوی باس لە خۆڕاگری و ترس لە خودا دەکات لای عاریف، کە سەرچاوەکەی دڵە و بووەتە هۆی ئەوەی خوێنی دڵی خۆی بخواتەوە، ئەگەر ئەو دڵە بەردی شاخەکانیش بێت دواجار بە هۆی ئەو پلەیەوە دەبێت بە لەعلی پرشنگدار.

**"گەر سەنگی کۆهسارە، بووە لەعلی تابدار**

**هەرکەس بە جەبری سەبر و حەیا خوێنی بوو بە قووت."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١١٦).

**٣_٦_٢٢_ نەفسی ئەممارە:** هێمایە بۆ نەفسی خراپەکار: نەفس سێ جۆری هەیە، نەفسی خراپەکار، نەفسی لۆمەکار، نەفسی ئارام، عاریفان بەردەوام خەریکی لۆمەی نەفسی خراپەکار بوونە و لە شەڕ و ململانێدا بوونە بۆ ئەوەی بەسەر نەفسی خۆیاندا زاڵ ببن و بگەن بە نەفسی ئارام. مەحوی لە دێڕە شیعرێکدا بە خۆی دەڵێت، نەکەی لە نەفسی مەکرباز فێڵاوی ئەمین و دڵساف بی، چونکە ئەگەر ئاگات لە خۆت نەبێت، زوو لە خشتەت دەبات، ئەمینیی لە نەفسی ئەممارە شێتییە، ئەگەر بوویت بە داوییەوە، مەگەر ڕەحمی خودا لەو مارە ژەهراویە قوتارت بکات. مەحوی دەڵێت:

**"ئەمینی شێتییە (مەحوی) لە مەکری نەفسی ئەممارە**

**مەگەر ڕەحمی خودا، دەم بەستی کا ئەم مارە ئەنگێوە"**( مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٣٤).

مەحوی لە بەرامبەر نەفسی فێڵاویدا، بووەتە ئەسیر و نێچیر و کۆت و زنجیری کردووە و داوا لە خودا دەکات چارەی بکات و ڕزگاری بکات لێی. مەحوی دەڵێت:

**"ئەسیر و صەیدی قەیدی کەید و شەیدی نەفسی ئەممارەم**

**لەدەست ئەم مارە بەدچارە، چییە چارەم، خودا چارەم"**( مەحوی،١٣٩١هـ : ٢٧١).

**٣_٦_٢٣_ وادی مەحەببەت:** وڵاتی خۆشەویستی، لە عیرفانیشدا هێمایە بۆ ((جیهانی باڵا و شوێنێکە دڵ تیایدا پاک و بێخەوشە، لەو جێگەیەوە هاتووە کە خودا بانگی(موسا) پێغەمبەر دەکات و دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵیدا ((فَلَمَّآ أَتَىٰهَا نُودِيَ مِن شَٰطِيِٕ ٱلۡوَادِ ٱلۡأَيۡمَنِ فِي ٱلۡبُقۡعَةِ ٱلۡمُبَٰرَكَةِ مِنَ ٱلشَّجَرَةِ أَن يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّيٓ أَنَا ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ)) (سورة القصص ٣٠)، واتە: ((کاتێک موسا لە ئاگرەکە نزیک بووەوەو لە کەناری لای ڕاستی دۆڵەکە لە شوێنێکی پیرۆزەوە لە پاڵ درەختەکەوە بانگی لێکرا ئەی موسا: من خودام)) (امین، ٢٠٠٤: ٣٨٩)، مەحوی باس لەوە دەکات کە دڵ چووە بۆ وڵاتی خۆشەویستی، بەڵام هەرچی لەوێدایە یا کوژراوە یان نیوە کوژراوە بەهۆی موحیببەتەوە، دڵی ئەمیش هەر هاوار و ناڵە و داخێتی، کە بۆچی یار بە تەواوەتی نەیکوشتووە. هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"دڵ چووە وادی مەحەببەت، هەرچی دی هەر کوشتە یا**

**نیوە کوژراوە، لەسەر لێو ئاهـ و ناڵەی (وا أسف)."** مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢١٧).

**٣_٦_٢٤_ هودهود:** پەپوە سلێمانە، هێما و ڕەمزە بۆ ڕێپیشاندەری، مەحوی باس لە گەورەیی و پایەبڵندی یارەکەی دەکات کە وەک سولەیمان خاوەن شکۆیە، کاتێک سولەیمان هەواڵی مێرووولەی پرسی لە پەپووە سلێمانە لەناو هەموو هەموو باڵدارەکان، یاریش بە هەمان شێوە هەواڵی ئەمی وەک مێرووولەی بێدەسەلات پرسیوە. مەحوی دەڵێت:

**"سولەیمانم هەواڵی مووری پرسیم**

**لەناو ئەمسالم ئەز هودهود لە تەیران."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٨٤).

**٣_٦_٢٥_ یەعقوب:** مەبەست یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم پێغەمبەرە، هێمایە بۆ خەم و خەفەت سوتان لەتاو دووری و ونبوونی خۆشەویست، مەحوی خۆی دەچوینێت بە یەعقوب پیغەمبەر، کە لەتاو دووری یار تووشی چاو ئێشە بووە، بەڵام وا بە تۆزی ڕێگاکەی کە موژدەی هاتنەوەیە ئێشی چاوی شکا،

**"یەعقوب وەش کە(مەحوی)یە، چاوێشەداری هیجر**

**چاوی بە گەردی ڕاهی بەشیرەت گلی شکا."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٥٤).

## ٣_٧_ چەمکە خودییەکان:

بە چاوخشاندنێک بە نێو دیوانە شیعرییەکەی عاریفی گەورەی کورد مەحوی ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە مەحوی جگە لەوەی کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی بواری تەسەوف و عیرفانی بەکارهێناوە و وەستایانە لە نێو بەیتە شیعرییەکانیدا دایڕشتووە و وێنەی بەرزی شیعریی لێ بەرهەمهێناوە، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە دونیای عیرفان و گەورە شاعیران و عاریفانی تری نەتەوەکانی تر، بەڵام قووڵیی تیڕوانینی مەحوی لێزانینی بۆ دونیای عیرفان و تەسەوف وای لە مەحوی و کردووە هاوکات خۆیشی داهێنەری زۆرێک لەو چەمک و زاراوانەی بواری عیرفان و تەسەوف بێت. لەم تەوەرەدا ئاماژە بە چەندان لەو چەمک و زاراوانە دەکەین، کە خودیین و مەحوی خۆی خاوەنێتی، ئەو چەمک و زاراوانەی مەحوی بەکاریهێناون هەندێکیان وشەی پەتی کوردین، هەندێکیشیانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، یان دەستکاری وشەکانی کردووە و کورداندویێتی واتایەکی ڕوونی پێبەخشیوە، ئەو چەمکانەش ڕەنگە بە تەنها تێگەیشتن لێی ئاسان نەبێت، بەڵام جێکردنەوەیان لە نێو بەیتە شیعرییەکاندا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەوانە چەمکی عیرفانین، لەم نامەیەدا شیکردنەوەی هەموو ئەو چەمکانە لە نێو بەیتە شیعرییەکاندا ئەستەمە و ناتوانرێت ئەو کارە بکرێت، بەڵام بەپێی توانا و پێویست بۆ ئەوەی درێژدادڕی ڕوونەدات هەندێک لەو چەمکانە لە نێو بەیتە شیعرییەکاندا شیدەکەینەوە.

**٣_٧_١_ ئاوی گەوارا :** بە واتای ئاوی سازگار، لە ئایەتی ((مَرَجَ الْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ)) (سورة الرحمن:١٩) وەرگیراوە، کە بریتییە لەو دوو ئاوەی کە دەگەن بەیەک و تێکەڵیش نابن، جگە لە وشەی ئاو، "ئاوی حەیات و ئاوی حەیوان و ئاوی زیندەگیش" هاتووە، مەحوی هەموو ئەوانەی لە چەندین شوێنی دیوانەکەیدا ئاماژەی پێداوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەمکێکی تری داهێناوە ئەویش(ئاوی گەوارا)یە، مەحوی لە بەیتێکدا حەقیقەتی مردن دەخاتەڕوو، کە هەردەبێت شەربەتی مردن نۆش بکات، ئیتر ئەگەر هەموو سەرزەویش ئاوی گەوارا بێت وەک ئەوە وایە تیایدا نەبێت. دەڵێت:

**"کە شک بەم (مەحویا) هەر شەربەتی مەرگ**

**لەسەر ئەرزا نیە ئاوی گەوارا."** (مەحوی،١٣٩١هـ : ٤٣).

**٣_٧_٢_ بازی غەمزە :** باز ناوی باڵندەیەکە، غەمزەش حاڵەتێکە تایبەت بە داخستن و کردنەوەی چاو، کە ئاماژەیە بۆ ڕەزامەندی و ڕەتکردنەوە، مەحوی باس لە یارەکەی دەکات کە سەرتاپای نازە، ئەگەر بازی غەمزە و نازی خۆی بەردا بۆ ڕاوکردنی دڵی دڵداران، تەنانەت ئەگەر باڵندەی ئەفسانەی سیمورغیش، کە لە کێوی قافدایە و هێمایە بۆ بەهێزی، بێتە ڕێگاکەی وەک پەلەوەرێکی باڵبەستراوی لێدێت لە بەرامبەریدا، مەحوی دەڵێت:

**"بنازم بەم سەراپا نازە، بازی غەمزە تێ بەردا**

**ئەگەر سیمورغی بەر بێ هەم بووە یەک مورغی پەڕ بەستە."**( مەحوی،١٣٩١هـ :٣٠٨).

**٣_٧_٣_ پێگەیو:** مەبەست لە کەسانی عاریفە، کە دوای تێگەیشتن و گەیشتن بە پلەی دڵنیایی، دواتر قۆناغی پێگەیشتن دێتە ئارا، مەحوی باس لە هەردوو قۆناغەکە دەکات، ئەوە ئاشکرا دەکات هەرکەس بیەوێت دواڕۆژ بە خۆشی بەرێتە سەر، دەبێت تێبگا کە لەم ڕۆژگارەدا تووشی ناڕەحەتی و ناخۆشی ببێت، هەروەها پێگەیشتووەکانیش عاریفەکانن کە لە پای کۆششەکانیان لە دونیادا، دواڕۆژ و ژیانیان وەکو پاشاکان بەسەر دەبەن.

**"تێگەیو شیوەنیە ئەمڕۆ، دا سبەی شایی بکا**

**پێگەیوو دەروێشە، دا سوبحەی شاهەنشایی بکا."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٨ ).

**٣_٧_٤_ تەڕاوەت:** مەبەست لێی تەڕی و پاراوەییە، مەحوی لە بەیتێکدا باسی داغستانی کوفر و باغستانی ئیمان دەکات، کە دوو چەمکی دوالیزمەیین، ئەم بەیتەی لە قەسیدەی (بەحری نوور)دا ئاماژە پێداوە کە باس لە موعجیزەیەکی پێغەمبەر(د.خ) دەکات، کاتێک لە نێو پەنجەکانی دەستییەوە ئاو هەڵقوڵاوە، مەحوی هێمای بۆ ئەو ئاوە کردووە، کە بۆ گرووپی یەکەمیان کە بێبڕواکانن دەبێتە مایەی تۆفان و لەناوچوون و بۆ دووەمیشیان، کە مەبەست لێ بڕوادارانن دەبێتە تەڕی و پاراوی بۆ ئاودانی باغی ئیمانیان. هەروەک دەڵێت:

"**هەر ئەو ئاوە بووە تۆفانی داغستانی کوفر و شیرک**
**هەر ئەو ئاوە تەراوەت بەخشی باغستانی ئیمانە.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٨٥).

**٣_٧_٥_ جگەر سۆزان:** بە واتای جگەر سوتان، بە کەسێک دەوترێت نەوەیەکی لە دەستدابێت بە تایبەتی لە تەمەنی گەنجێتیدا، مەحوی یارەکەی هاوشێوەی جگەرگۆشەکەی دەبینێ، لە دەربڕینی ئەوپەڕی خۆشەویستیدا بۆی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە جێیەک نەماوە تا تێیدا دابنێ، مەگەر گیانی، ئەویش خەریکە لە حەژمەتدا دەردەچێت، جگەریشی سوتاوە و دڵیشی بووە بە کەباب و چاویشی پڕ بووە لە فرمێسک، ئیتر شوێنێک نییە بۆ جێگەی یار، مەحوی کۆمەڵێک قسەی ڕۆژانەی ناو خەڵکی گۆڕیوە بۆ بارێکی عیرفانی لەوانە (جگەرسۆزان، جگەرسوتان)، کە قسەی باوی ناو کۆمەڵگایە، هەروەک مەحوی دەڵێت:
"**نەما جێی ئەو جگەر گۆشە، مەگەر ڕۆح و ئەویش دەڕوا**
**جگەر سۆزانە، دڵ بریانە، دیدە پڕ لە گریانە.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٢٢).

**٣_٧_٦_ چاوی بێدار:** چاوێکە هەمیشە ئاگادارە و خەو ناچێتە چاوەکانی، مەحوی وێنەی ئەو کەشە ڕۆحانییەی ئەهلی عیرفان دەخاتەڕوو، کاتێک کۆڕێک دەبەستن بە مەبەستی یادی خودا، بازنەیەک دەبەستن و چاویان ئاڕاستەی مورشیدەکەیان دەکەن، ئەو دیمەنە هێندە سەرنج ڕاکێشە تەنانەت خەواڵووەکانیش سوودی لێوەردەگرن و خەویان لێناکەوێت. دەڵێت:
"**جەمالی ڕابیتەی، وا دڵبەرە، بەختی خەواڵووشم**
**بە ئومێدی تەماشایەک هەمیشە چاوی بێدارە.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٥٠٨).

**٣_٧_٧_ حەلاوەت:** واتا شیرینی، مەحوی دیداری یاری زۆر بەلاوە شیرین و چێژ بەخشبووە، چونکە یارەکەی لە لوتکەی جوانیدایە و گوفتاریشی هێندە شیرینە، تەنانەت شیرین گوفتارییەکەی وەقف بووە تەنها بۆ ئەو، پاراوی گوڵزاری ڕووی یار بووەتە هۆی وشکبوون و سیسبوونی گوڵەکان، تەنانەت بووەتە هۆی خەفەتباری باخەکانی بەهەشت.
"**مەلاحەت مەحوی دیداری ، حەلاوەت وەقفی گوفتاری**
**تەراوەت نەزری گوڵزاری، کە ڕەشکی باغی ڕیزوانە.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٧٤).

**٣_٧_٨_ دڵبرێژ:** بەواتای دڵبرژێن، ئەویش لە ئەنجامی عیشقێکی گەورە دروست دەبێت کاتێک ڕوودەکاتە دڵی عاشق و ئاگری تێبەر دەدات، مەحوی باس لە ناکۆکی خۆی و یارەکەی دەکات، جوانی یارەکەی دەچوێنێت بە ئاوی زیندەگی و عەشقەکەی خۆیشی وەکو
ئاگرێک کە دڵ دەسووتێنێت، بۆیە ئاو و ئاگر هیچ کات پێکەوە کۆنابنەوە، ئەمەش بووەتە هۆی پێکەوە نەگونجانیان. هەروەک مەحوی دەڵێت:

**"نەبووە قەت (مەحوی)، وتی: بوونی من و تۆ پێکەوە**

**حوسنە ئاوی زیندەگی، عیشق ئاگرێکە دڵبرێژ."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٨٤).

**٣_٧_٩_ ڕەستاخێز:** بە واتای دووبارە زیندوو، چەمکێکی ئایینی مەسیحیە و بۆ"عیسا" پێغەمبەر دەگەڕێتەوە، مەحوی ڕاڤەی دیکەی بۆ کردووە و لە ستایشی گەورەیی پێغەمبەردا(د.خ)، کە بە (شافیع) ناسراوە، ئاماژە بۆ تکای ئەو دەکات لەو ڕۆژەدا، کە ڕۆژی زیندووبوونەوەیە و هەموو مرۆڤەکان زیندوو دەکرێنەوە و هەموو کەسێک لە ترسی ناخۆشییەکانی ئەو ڕۆژە کەڕ و کوێر بوون، تەنها پێغەمبەر(د.خ) لەسەر حاڵی خۆیەتی و تکا بۆ بڕواداران دەکات. مەحوی دەڵێت:

**"شەفیعی ڕۆژی ڕەستاخێزە، بۆ هەمووانە دەستاوێز**

**ئەوە ئەو ڕۆژە وەک خۆ، (ما بق ی صما و عمیانا)** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٧٠)

**٣_٧_١٠_ زرکەتاڵ:** مەبەست لێی کاڵەکی پێنەگەیشتووە، کە هێشتا بە کەڵکی خواردن نایەت و تامێکی تاڵ و ناخۆشی هەیە، لای مەحوی دڵ سەنتەرە، بۆیە جێگاکەی لەگەڵ عەقڵ ئاڵوگۆڕ پێدەکات و پێی وایە سەر ئەگەر جۆش و خرۆشی نەبێت وێنەی زرکەتاڵە و بە کەڵکی هیچ شتێک نایات، هەروەها دڵیش هۆشی نەبێت بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی لە ناڕاستی، ئەویش وێنەی شووشەیەکی خاڵییە. دەڵێت:

**"سەر کە جۆشیکی نەبێ، من زرکەتاڵم بۆچییە!**

**دڵ کە هۆشێکی نەبێ، شیشەی بەتاڵم بۆچییە! "**( مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٣٤).

**٣_٧_١١_ ژەند:** مەبەست لێی شتی کۆن و ڕزیوە، مەحوی باس لە ڕێگای عاشقان دەکات، کە هەرکەسێک ئەو ڕێگەیەی هەڵبژاردبێت ڕووت و ڕەجاڵ کەوتووە، چونکە عاشق لە پێناو مەعشوقەکەی دەست لە هەموو خۆشییەکانی ژیان هەڵدەگرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوانە دڵ زیندووەکانیشن. مەحوی دەڵێت:

**"وتم: بۆ ڕووت و پوتن ئەو کەسانەی عاشقی ڕووتن**

**وتی: شان و شکۆهی زیندە دڵ هەر ژەندە پۆشینە."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٢٥).

**٣_٧_١٢_ سۆزی عیشق:** مەبەست لێی جۆش و خرۆشی عیشق و خۆشەویستییە لە دڵ و دەرووندا، مەحوی دێتە سەر کرۆکی عیرفان و لایەنی مەعنەوی مرۆڤ، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەگەر دڵ خاڵی بێت لە سۆزو جۆش و خرۆشی عیشق و خۆشەویستی خودا، ئەوە دڵێکی وێرانە و ناوهێنانی خوداش تەنها دووبارەکردنەوەی حەرفە و کار لە دڵ و دەروون ناکات، چونکە عیشق دەبێت لە دڵەوە چرۆ بکات و هەڵبقوڵێت، نەک بە زوبان. دەڵێت:

**"به خودا قەسەم لەگەڵ دڵی خاڵی لە سۆزی عیشق**
**تەکراری حەرفە بەس دەمی پڕ یاخودا خودا."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٩).

**٣_٧_١٣_ شەرارەی فیرقەت:** مەبەست لێی بڵێسە و بزیسکی ئاگری دووری و دابڕانی یارە، مەحوی ئەو وێنەیەی خستۆتەڕوو، ئەوەی عاشق نەبێت نازانێ، کە دووری لە یار چ سووتانێکە، هەر کەسێکیش تووشی بووبێت جەرگی کردووە بە کەباب، ئەو دوورییە هێندە ئازاربەخشە، تەنانەت دڵڕەقیکی بێبەزەیی وەک مالیکیش، کە دەرگاوانی دۆزەخە دڵی بۆ ئەم کەسانە دەسووتێت. مەحوی دەڵێت:

**"ئەم شەرارەی فیرقەتە مەخلووقی وا کردە کەباب**
**مالیکی دۆزەخ دڵی بەم عالەمی ناسووتە، سووت."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١١٢).

**٣_٧_١٤_ عیشوە، عیشوەگەر:** مەبەست لێی ناز و لەنجەی یارە، مەحوی ڕووپێدان و ئاوڕدانەوەی یاری لە خۆبایی بەهۆی عەییاری و نازەکەی، چواندووە بە هاوشێوەی دونیا، چونکە مرۆڤ ئاگاداری دونیا نەبێت، ئەوا خۆشی و غروورییەکانی زوو هەڵی دەخەڵەتێنێت، لەبەر ئەوەی دونیا و خۆشییەکانی جێگیر نین و بایی ئەوە نییە مرۆڤ پشتی پێببەستێت، بۆیە دواجار هەر ڕووتێکردنێک و ڕووپێدانێکی، ئەوا مرۆڤ بەرەو هەڵدێر دەبات. دەڵێت:
**"مەبە (مەحوی) بە ڕووپێدانی یاری عیشوەگەر مەغروور**
**وەکو دونیا سەباتێکی نییە ئیقبال و ئیعرازی."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٥٠).

**٣_٧_١٥_ غەفڵەت زەدە:** مەبەست لەو کەسەیە کە تووشی بێئاگایی و لە بیرچوونەوە بووە، مەحوی ئەو حەقیقەتە عیرفانییە دەخاتەڕوو، کە مرۆڤ کاتی مردنی نزیک بووە و وەختی تەسلیم کردنەوەی ڕاسپاردەی تەمەنی بێت، ئەگەر غەفڵەت و لە بیرچوونەوە ڕووی تێنەکردبێت، چۆن دەبێ وابزانێ تازە سەرەتای ژیان و تەمەنێتی، چونکە تازە فریای ئەوە ناکەوێت و ئەو کاتەی لەدەست دەرچووە. مەحوی دەڵێت:
**"ئەجەل دەورم دەدا : حازر بە، وادەی دەور و تەسلیمە**
**منی غەفڵەت زەدە هێشتا خەریکی مەسئەلەی دەورم."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٦٣).

**٣_٧_١٦_ فوغان:** بە واتای شین و گریان و دەرخستنی دۆخی ناهەمواریی دەروونی لە ڕێگەی گریان و هاوارکردنەوە، مەحوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات خەراباتی مەحەبەت، کە جێگەکەی لەناو دڵدایە، هەرگیز نابێت بێ هەرا و ئاژاوە بێ، بۆیە با دەست بکەین بە هاوار و گریان و بە هەناسەی گەرممان ئاگر بەربدەینە خانوو ماڵمان، کە مەبەست لێی ئەو کەشە ڕۆحییە، کە سەرچاوەکەی خۆشەویستییە و لە دڵی عاریفدا، کە بە شێوەی گریان و ناڵەیە.

"**بکەین ئاهو فوغان و ئاگرێ بەردەینە خان و مان**
**خەراباتی مەحەببەت حەیفە بێ ئاشووب و غەوغا بێ.**" (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٤١).

**٣_٧_١٧_ قەدەح ئاشام:** مەبەست لێی شەرابی خۆشەویستی و حەق و فەیزە، مەحوی لەم بەیتەدا بە پشت بەستن بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر(د.خ) باس لە حەقیقەتی ژیان دەکات، لەوەی هەر لەو ڕۆژەی گەردوون بووە بە مەیگێڕ هەر پیاوی نادانە خەریکی مەی هەڵدەدات و خەریکی ڕابواردنە، هەرچی پیاوی داناشە لە پێناو خەمی خەڵک و بەرژەوەندی گشتیدا خوێنی دڵی خۆی دەخواتەوە. مەحوی دەڵێت:
"**لە ڕۆژێکی فەلەک ساقی بووە، تێفکرە لەم بەزمە**
**قەدەح ئاشامە هەر نادان و هەر دانایە خوون ئاشام.**"(مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٥٨).

**٣_٧_١٨_ کونجی عوزلەت:** مەبەست لێی گۆشەی کەنارگیرییە، مەحوی باس لەوە دەکات بۆ دووری لە خەڵک هەڵبژاردنی گۆشەگیریی و تەنهایی، ناچارە کونجی مەیخانە بگرێ، کونجێکی کەنارگیری و دوور لە خەڵکی، هەروەها لە بری خواردنەوەی مەییش خوێنی جگەری سووری خۆ دەخوات و منەتی هیچ مەیگێڕ و مەیخانەیەکیش هەڵناگرێ. مەحوی دەڵێت:
"**خوێنی جەرگ و کونجی عوزلەت بەسمە بەش**
**بەر منەت بوونی مەی و مەیخانە بۆچ!** " (مەحوی، ١٣٩١هـ : ١٣١).

**٣_٧_١٩_ گریان:** گریان حاڵەتێکی ئاساییە لای مرۆڤ و لای ئەهلی عیرفانیش بە مەسەلەیەکی پێویست دادەنرێت بۆ پاکبوونەوەی دڵ و دەروون زۆرجاریش وەک سوپاسگوزارییەکی خودا لە هەمبەر ناز و نیعمەتەکانی گوزارشتی لێدەکات، عاشقانی ڕێگەی مەحەبەت جگە لەوەی هەمیشە دڵ سووتاو و جگەر خوێنین، هاوکات چاو پڕ ئەسرینن، مەحوی باس لە وڵاتی عیشق دەکات، کە گریان لە خۆیەوە دێتە جۆش و هەناسە هەڵکێشان سرەوت و ئارامی نییە، ئەمەش تەنها لە وڵاتی عیشقدا دەبینرێت. هەروەک مەحوی دەڵێت:
"**گریە: دەجۆشێ لەوێ، ئاهە: دەبێ نەسرەوێ**
**نەمدی وەک ئیقلیمی عیشق جێگە بە ئاب و هەوا.**"(مەحوی، ١٣٩١هـ : ٦٩).

**٣_٧_٢٠_ لەعلی گوڵڕەنگ:** مەبەست لێی گەوهەرێکی بەنرخی شووشەیی سوور ڕەنگە، لە دونیای عیرفانیشدا گوزارشتە لە دڵی کەسی عاریف، مەحوی ڕەمزی ساقی و مەی بەکارهێناوە لە بەرامبەردا بۆ گوزارشت لە ڕابەر و خانەقا، مەحوی خەفەتی بێ ڕابەری دەخوات، کە نازانێت لە دووریی ئەو چی بکات، هەروەک بولبول نازانێت چی بکات کاتێک،
کە جیلوەی گوڵ لە گوڵشەندا نەبێت. مەحوی دەڵێت:

**"ئەرێ دڵ بێ شەرابی لەعلی گوڵڕەنگت لە گوڵ چ بکا؟**
**کە جیلوەی گوڵ لە گوڵشەندا نەبێ، بولبول لە چڵ چ بکا؟** " (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٦).

**٣_٧_٢١_ ماری ئەنگێو:** بە واتای ماری گەزەندە و ژەهراوی دێت و گوزارشتە لە دەروونی خراپ، مەحوی نەفسی بەدکاری چواندووە بە ماری ئەنگێو و پێی وایە ئەو کەسەی لە فێڵی دەروونی ئەمین و دڵنیا بێت ئەوە ژیریی لە دەستداوە و شێت بووە، ئەگینا مرۆڤی ژیر هیچ کات نابێت ئەمین بێت لەو شوێنەی ماری گەزەندەی لێیە، چونکە هەموو کات چاوەڕوانکراوە بیگەزێ و پێوەی بدات و زیرەی لێ هەڵبسێنێت. هەروەک مەحوی دەڵێت:
**"ئەمینی شێتییە (مەحوی) لە مەکری نەفسی ئەممارە**
**مەگەر ڕەحمی خودا دەم بەستی کا ئەم مارە ئەنگێوە."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٣٣٤).

**٣_٧_٢٢_ نووری بادە:** بادە بە واتای پێکی شەراب، لای ئەهلی عیرفانیش بە عیشق و ڕۆشنکەرەوەی ڕێگەی عیرفان دەوترێت، نووری بادەش ڕۆشناییەکە عاریف پیایدا دەڕوات، مەحوی وشەی (نوور)ی وەکو پێشگرێک بۆ (بادە) زیاد کردووە و واتایەکی فراوانتری پێبەخشیوە، ئەو ڕووناکی و ڕۆشناییەیە بۆ کەسی عاشق پەیدا دەبێت و مەست و سەرخۆشی دەکات، دواتریش دەبێتە چرایەکی داگیرساو بۆ جوانیی دۆست و ئیتر دەچێتە سەر ڕێگای پەروانە و خۆی لە پێناو ئەو ژیانە دەسووتێنێت، چونکە لە ئەدەبییاتی عیرفانیدا پەروانە لەبەر عیشقی ڕووناکی هەمیشە بەرە و چرا دێت و هەتا خۆی نەسووتێنێت ئارام و ئۆقرە ناگرێت، هەروەک مەحوی دەڵێت:
**کە هەڵگیرسا لە نووری بادە شەمعی حوسنی جانانە**
**نەچێتە سەر تەریقەی حەزرەتی پەروانە، دڵ چ بکا؟** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٤٦).

**٣_٧_٢٣_ هەلهەلە و وەلوەلە :** مەبەست هەلهەلە کێشانە لە کاتی خۆشیدا، وەلوەلەش گریان و واوەیلایە لە کاتی ناخۆشی و مردندا، مەحوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دونیا جێگەی مانەوەی کۆتایی نییە بۆ هیچ کەسێک و نمایشەکانی بەو جۆرەن ئەوەی خەڵکی بە دەوریدا کۆبوونەتەوە و هەلهەلەی خۆشیی بۆ لێدەدەن، سبەی کۆتایی بە ژیانی دێت و ئینجا بە دەوری تەرمەکەیدا شین و زاریدەکەن، هەروەها هەر لەو بەیتەدا مەحوی وشەی"تەخت"ی بۆ تەختی فەرمانڕەوایی و وشەی "نەعش" بۆ تەختەی مردوو شۆر بەکارهێناوە، مەحوی پەیامی ئەوە ڕادەگەیەنێت، کە پێویستە مرۆڤ هۆشیار بێت و وانە لە ژیان وەربگرێت.

**"ئەوی ئەمڕۆ بە دەوری تەختیایە هەلهەلەی مەخلووق**
**لە دەوری نەعشیا سبحەی دەبینی وەلوەلەی مەخلووق."** (مەحوی، ١٣٩١هـ : ٢٢٢).

بەشێک لەو چەمکە عیرفانییانە بە پێی ڕیزبەندیی "ئەلف بێ" ڕیزکراون و ژمارەی لاپەڕەکانیشیان لە بەرامبەریان دانراوە، ئەم چەمکانە بەشێکی زۆریان تایبەتە بە خودی مەحوی، هەروەها هەندێکیشی لە زمانەکانی ترەوە وەریگرتوون و کورداندوویەتی.

| ز | چەمک | ژ.لاپەڕە | | ز | چەمک | ژ. لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئادابی عیشق | ٥٠ | | ٢٥ | ئەفگار | ٣٧٥ |
| ٢ | ئادابی خلوس | ٢٧٦ | | ٢٦ | ئەنانیەت | ١٧٠ |
| ٣ | ئاداب مەحەبەت | ٣١٨ | | ٢٧ | ئەهلی جەوهەر | ٣٠٠ |
| ٤ | ئادەمی | ١٠ | | ٢٨ | ئەهلی حاڵ | ٤٤ |
| ٥ | ئارا | ٤٩ | | ٢٩ | ئەهلی حەیا | ٩٩ |
| ٦ | ئازادەگی | ٩٨ | | ٣٠ | ئەهلی خولد | ٣١٢ |
| ٧ | ئازوودە | ١٦١ | | ٣١ | ئەهلی دڵ | ٦٥ |
| ٨ | ئاشفتە | ١٥٩ | | ٣٢ | ئەهلی دونیا | ٩٤ |
| ٩ | ئاشنا | ١٨٨ | | ٣٣ | ئەهلی زمان | ٦٥ |
| ١٠ | ئاگری فیرقەت | ١١٨ | | ٣٤ | ئەهلی زەوق | ٢٣٤ |
| ١١ | ئامال | ٣١٠ | | ٣٥ | ئەهلی مەحەبەت | ٢٤٨ |
| ١٢ | ئاونگی عەقڵ | ٤٨ | | ٣٦ | ئەهلی مەعریفەت | ٢٢٢ |
| ١٣ | ئاوی ڕەحمەت | ١١٨ | | ٣٧ | ئەهلی نەزەر | ٣٥٩ |
| ١٤ | ئاوی زیندەگی | ١٣٤ | | ٣٨ | ئەهلی نیاز | ٣٠٢ |
| ١٥ | ئاوی گریە | ١١٠ | | ٣٩ | ئەهلی وەفا | ٣٦ |
| ١٦ | ئاوی گەوارا | ٤٣ | | ٤٠ | ئولکە | ١٥٤ |
| ١٧ | ئاین و ئویین | ٢٩٢ | | ٤١ | ئیستیعفا | ٢٧٥ |
| ١٨ | ئەحیبا | ٢٩٢ | | ٤٢ | ئیشتیاق | ٢٢٠ |
| ١٩ | ئەستۆبەند | ٢٥٨ | | ٤٣ | ئیقلیمی عیشق | ٦٩ |
| ٢٠ | ئەسرین | ٣١٣ | | ٤٤ | ئیلتیجا | ٤٥٨ |
| ٢١ | ئەسفەندیاری نەفس | ٢٤٥ | | ٤٥ | ئەرباب | ٢٠٧ |
| ٢٢ | ئەشکی نەدامەت | ٤٧ | | ٤٦ | ئیما | ٨٥ |
| ٢٣ | ئەغیار | ٥٠٤ | | .......... | .............................. | ...................... |
| ٢٤ | ئەفغان | ٣١ | | | | |

| | چەمک | ژ.لاپەڕە | | ز | چەمک | ژ. لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٧ | باخودا | ٣٦ | | ٧٣ | پرتەوفشان | ١٧٩ |
| ٤٨ | باخی حیرەت | ٢٦٧ | | ٧٤ | پەتیارەک | ١٦٠ |
| ٤٩ | باخی فەدەک | ٢٣٨ | | ٧٥ | پەری | ٢٧٩ |
| ٥٠ | بادیەی عیشق | ٢٦٨ | | ٧٦ | پیرەزاڵ | ٢٤٥ |
| ٥١ | بارشی ڕەحمەت | ٥٠١ | | ٧٧ | پیرەمەنصور | ١٦٢ |
| ٥٢ | بازی غەمزە | ٣٠٨ | | ٧٨ | پیری پیران | ٤١ |
| ٥٣ | بتکەدە | ٨٧ | | ٧٩ | پێگەیو | ٤٨ |
| ٥٤ | براڕۆیی | ٤٠٣ | | | | |
| ٥٥ | بلیس | ١٧٠ | | ........ | ..................... | ........... |
| ٥٦ | بەحری ڕەحمەت | ٢٦٥ | | ٨٠ | تاجی ڕەسول | ٤٧٠ |
| ٥٧ | بەحری ساوا | ٤٦٥ | | ٨١ | تاراج | ٢٦٦ |
| ٥٨ | بەحری شکور | ٣٧٢ | | ٨٢ | تەبەسوم | ١٣٦ |
| ٥٩ | بەحری فیتنە | ٣٦ | | ٨٣ | تەجەنون | ٢٧٤ |
| ٦٠ | بەختیار | ١٤٧ | | ٨٤ | تەراوەت | ٤٨٥ |
| ٦١ | بەد طەور | ٢٣٤ | | ٨٥ | تەرسا | ٢٧٣ |
| ٦٢ | بەد گوفتار | ٢٣٤ | | ٨٦ | تەڕەحوم | ١٩١ |
| ٦٣ | بەد ئەفکار | ٢٣٤ | | ٨٧ | تەشەبوس | ١٥٢ |
| ٦٤ | بەدری کامل | ٤٨٠ | | ٨٨ | تەنویر | ١٠١ |
| ٦٥ | بەرات | ٣٤٣ | | ٨٩ | تەواف | ٢٥٤ |
| ٦٦ | بەرقی جیلوە | ٢٢٥ | | ٩٠ | تەوبەی نەصوح | ١٣٦ |
| ٦٧ | بوتوراب | ٢٩٨ | | ٩١ | تۆنای ئەشک | ٢٢٠ |
| ٦٨ | بولبەشەر | ١٠٧ | | ٩٢ | تێگەیو | ٤٨ |
| ٦٩ | بولوەفا | ٤٤ | | ....... | ........................... | ......................... |
| ٧٠ | بولوەقت | ٢٦٣ | | | | |
| ٧١ | بێدار | ٥٠٨ | | | | |
| ٧٢ | بیمار | ٣٨ | | | | |

| ز | چەمک | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٩٣ | جامەی سەبز | ٣٦٦ |
| ٩٤ | جانگوداز | ١٦٩ |
| ٩٥ | جگەر سۆزان | ٣٢٢ |
| ٩٦ | جنون | ٥٠ |
| ٩٧ | جەبری صەبر | ١١٦ |
| ٩٨ | جەزوە | ١٦٢ |
| ٩٩ | جەفاکار | ٥٠٦ |
| ١٠٠ | جەلادار | ٥٠٨ |
| ١٠١ | جەمالی عیشق | ٧٦ |
| ١٠٢ | جەور | ٣٤٧ |
| ١٠٣ | جونح | ٣١٧ |
| ١٠٤ | جیفە | ٢٣٠ |
| ١٠٥ | جیلوە | ٤٦ |
| ١٠٦ | جیلوەی گوڵ | ٤٦ |
| ١٠٧ | جینان | ٤٢٣ |
| ........ | .................................... | ............. |
| ١٠٨ | چاهـ | ٣٠٨ |
| ١٠٩ | چاوی بێدار | ٥٠٨ |
| ١١٠ | چاوی بیمار | ٢٢٠ |
| ١١١ | چاوی تەڕ | ١٦٥ |
| ١١٢ | چاوی دڵ | ٤٨١ |
| ١١٣ | چاوی سورمەکێشراو | ٤٨ |
| ١١٤ | چاوی سەر | ٤٨١ |
| ١١٥ | چاوی مەیگون | ٣١٦ |
| ١١٦ | چاوی یار | ٣٨ |
| ١ | چرا | ٤٩ |
| ١١٨ | چراخان | ٤٦٤ |
| ١١٩ | چەشمەی عەسەل | ٣٥٤ |
| ١٢٠ | چەهچەهە | ٢٤٧ |
| ١٢١ | چۆلی مەحەبەت | ٣٨ |
| ١٢٢ | چیهرە | ٥٠٨ |
| ......... | ........................................... | ............... |
| ١٢٣ | حائیل | ٣٩٥ |
| ١٢٤ | حزوور | ٤٠٣ |
| ١٢٥ | حەباب | ٩٨ |
| ١٢٦ | حەدی مردن | ٨٣ |
| ١٢٧ | حەزرەتی پەروانە | ٤٦ |
| ١٢٨ | حەزرەتی ریسالەت | ٢٩٠ |
| ١٢٩ | حەلاوەت | ٤٧٤ |
| ١٣٠ | حەلوەلا | ٦١ |
| ١٣١ | حەیات ئەفزان | ٢١٣ |
| ١٣٢ | حەیران | ٤٩٤ |
| ١٣٣ | حوسنی جانان | ٤٦ |
| ١٣٤ | حەنا | ٩٢ |
| ..... | .................. | .................. .. |

| ز | چەمک | ژ.لاپەڕە | | ز | چەمک | ژ. لاپەڕە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣٥ | خاتەم | ٤٢٦ | | ١٦٢ | دانا | ٧٦ |
| ١٣٦ | خار | ٩٣ | | ١٦٣ | داغی دەرد | ٣١٢ |
| ١٣٦ | خاسەجات | ٣٠٢ | | ١٦٤ | داغی دڵ | ٦٧ |
| ١٣٨ | خاکستەر | ١٨١ | | ١٦٥ | داغی عیشق | ٣١٢ |
| ١٣٩ | خاکساران | ٦٣ | | ١٦٦ | دامەنی دۆست | ٧٠ |
| ١٤٠ | خەت | ٣٦٦ | | ١٦٧ | دڵ سوت | ٥٢ |
| ١٤١ | خەتا | ٣٦٥ | | ١٦٨ | دڵبریان | ١٠٣ |
| ١٤٢ | خەتمی ڕەسول | ٤٧٠ | | ١٦٩ | دڵبرێژ | ١١٥ |
| ١٤٣ | خەراباتی فەنا | ١٧٢ | | ١٧٠ | دڵخوێنین | ٣٢٢ |
| ١٤٤ | خەراباتی مەحەبەت | ٣١٤ | | ١٧١ | دڵدۆز | ١٨٤ |
| ١٤٥ | خەرامی ناز | ١٠٧ | | ١٧٢ | دڵشکاف | ٣١٣ |
| ١٤٦ | خەربەندە | ٤٧٥ | | ١٧٣ | دڵنەواز | ١١٥ |
| ١٤٧ | خەرگەلەی مەخلوق | ٢٢٢ | | ١٧٤ | دڵەی بەدخو | ٦٣ |
| ١٤٨ | خەڵوەتخانە شەعبەدە | ٣١٦ | | ١٧٥ | دڵی خاڵی | ٥٠٦ |
| ١٤٩ | خەمکەدە | ٢٥٦ | | ١٧٦ | دەرد و دا | ٣٠٥ |
| ١٥٠ | خەمۆش | ٢٨٠ | | ١٧٧ | دەردەدار | ٣٩ |
| ١٥١ | خەیمە | ٣١٤ | | ١٧٨ | دەردی پیری | ٣٨ |
| ١٥٢ | خەدەنگ | ١١٨ | | ١٧٩ | دەردی دڵ | ٤٠ |
| ١٥٣ | خەجاڵەت | ٨٧ | | ١٨٠ | دەردی عیشق | ٣٢٥ |
| ١٥٤ | خورشیدی پەخشان | ٤٨٠ | | ١٨١ | دەرگای عیشق | ٣٤٧ |
| ١٥٥ | خوسران | ٣١٢ | | ١٨٢١ | دەروێش | ٢٧٣ |
| ١٥٦ | خون | ٤٢ | | ١٨٣ | دەستی بەخون | ١٦٠ |
| ١٥٧ | خونبار | ٥١ | | ١٨٤ | دەستی موسا | ٤٨ |
| ١٥٨ | خونخوار | ٣٦٥ | | ١٨٥ | دەستی ناکەس | ٤٢ |
| ١٥٩ | خوێنی جەرگ | ١٣١ | | ١٨٦ | دەمی عیسا | ١٠٤ |
| ١٦٠ | خیلعەت | ٥٣٤٠ | | ١٨٧ | دەنائەت | ٢٧١ |
| | | | | ١٨٨ | دەهشەت | ١٠٤ |

| ز | چەمک | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١٨٩ | دورِ ئەفشان | ٤٦٩ |
| ١٩٠ | دوود | ٣٣٥ |
| ١٩١ | دوورد | ٣٢٥ |
| ١٩٢ | دیدەدین | ٤٢٧ |
| ١٩٣ | دێوانەگی | ١٤٩ |
| ١٩٤ | دێوی لەعنەت | ٢٤٩ |
| ١٩٥ | دێوی نەفس | ٣٣٢ |
| ...... | ............................ | .................. |
| ١٩٦ | ڕازی دڵ | ٣٢١ |
| ١٩٧ | ڕاهی بەشیرەت | ٥٤ |
| ١٩٨ | ڕشێنە | ٤٦٨ |
| ١٩٩ | ڕفوو | ٥٩ |
| ٢٠٠ | ڕەحات | ٤٨١ |
| ٢٠١ | ڕەستاخێز | ٤٧٠ |
| ٢٠٢ | ڕەشک | ١٤٣ |
| ٢٠٣ | ڕەم | ٥٠ |
| ٢٠٤ | ڕەنگی زەرد | ٢٦١ |
| ٢٠٥ | ڕەنگی سوور | ٢٦١ |
| ٢٠٦ | ڕەهڕەو | ١٧٨ |
| ٢٠٧ | ڕەهەند | ٢١٧ |
| ٢٠٨ | ڕەوح | ٤٤٥ |
| ٢٠٩ | ڕەئفەت | ٣٢٨ |
| ٢١٠ | ڕوحی دەماغ | ١٨١ |
| ٢١١ | ڕونما | ٢٢٣ |
| ٢١٢ | ڕوئیەت | ٤٨١ |
| ٢١٣ | ڕێش | ٢٦٢ |
| ٢١٤ | ڕێگەی سەعادەت | ٤٤٥ |

| ز | چەمک | ژ. لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٢١٥ | زات | ٤٢٧ |
| ٢١٦ | زار و نەزار | ٤١ |
| ٢١٧ | زاڵ | ٢٤٥ |
| ٢١٨ | زرکەتاڵ | ٣٣٤ |
| ٢١٩ | زەللە | ٢٢٨ |
| ٢٢٠ | زەنبوور | ١٦٣ |
| ٢٢١ | زەیل | ٣٢٨ |
| ٢٢٢ | زوشت | ٥١ |
| ٢٢٣ | زوڵمەتی تەقوا | ٢٧٣ |
| ٢٢٤ | زیندەدڵ | ٣٢٥ |
| ......... | ............................... | ............ |
| ٢٢٥ | ژەند | ٣٢٥ |
| ٢٢٦ | ژین | ٢٧٥ |
| .......... | ............................. | .................. |
| ٢٢٧ | سارا | ٤٠ |
| ٢٢٨ | سازی عیشق | ٢٤٦ |
| ٢٢٩ | سایەبان | ٢٢٠ |
| ٢٣٠ | سروشک | ١١٤ |
| ٣٢١ | سەبحە | ٢٢٦ |
| ٢٣٢ | سکونەت | ٦٨ |
| ٢٣٣ | سیفاتی کەماڵ | ٤١٦ |
| ٢٣٤ | سیمورغ | ٣٠٨ |
| ٢٣٥ | سەتر | ٢٦٥ |
| ٢٣٦ | سەجادە | ٢٤٩ |
| ٢٣٧ | سەرابستان | ٦٥ |
| ٢٣٨ | سەراپەردە | ٣١٤ |
| ٢٣٩ | سەرداری هەمووان | ٤٨٣ |

| ز | چەمک | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٢٤٠ | سەردەفتەر | ١١٦ |
| ٢٤١ | سەرمەدی | ٣١٧ |
| ٢٤٢ | سەرمەست | ٢٤٨ |
| ٢٤٣ | سەعادەت | ٤٤٥ |
| ٢٤٤ | سەگی کەهف | ٥٠٠ |
| ٢٤٥ | سەما | ٣٩ |
| ٢٤٦ | سەنگی کۆهسار | ١١٦ |
| ٢٤٧ | سەواد | ٤٨١ |
| ٢٤٨ | سەودا | ٢٧٣ |
| ٢٤٩ | سەومەعە | ٢٣٩ |
| ٢٥٠ | سەیل | ١٦٤ |
| ٢٥١ | سوبحی ئومێد | ٤٨ |
| ٢٥٢ | سووت | ١١٠ |
| ٢٥٣ | سوورمە | ٤٨ |
| ٢٥٤ | سوورەیا | ٣٤٠ |
| ٢٥٥ | سۆراغ | ١٥٥ |
| ٢٥٦ | سۆزی عیشق | ٣٩ |
| ٢٥٧ | سیا ساڵ | ٢٧٤ |
| ٢٥٨ | سیابەخت | ٢٩٩ |
| ٢٥٩ | سیاچەردە | ٣١٥ |
| ٢٦٠ | سیامار | ٥٠٤ |
| ٢٦١ | سێبەر | ١١٩ |
| .......... | ........................ | .................... |

| ز | چەمک | ژ. لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٢٦٢ | شافیع | ٤٧٧ |
| ٢٦٣ | شامی تورەت | ٧١ |
| ٢٦٤ | شەرارەی فیرقەت | ١١٢ |
| ٢٦٥ | شەربەتی مەرگ | ٩٩ |
| ٢٦٦ | شەعبەدە | ٣١٦ |
| ٢٦٧ | شەفاعەت | ٤٧٧ |
| ٢٦٨ | شەقی | ٩٤ |
| ٢٦٩ | شەک | ٢٣٦ |
| ٢٧٠ | شەکراوی حەیات | ٩٩ |
| ٢٧١ | شەکربار | ٥٠٧ |
| ٢٧٢ | شەکوا | ١٦٥ |
| ٢٧٣ | شەمسی جانان | ٤٧٨ |
| ٢٧٤ | شەمسی عالەم | ٤٧٨ |
| ٢٧٥ | شەوچراغ | ٢١٢ |
| ٢٧٦ | شەوی مەحرەم | ٣٠٠ |
| ٢٧٧ | شەوی یەڵدا | ٣١٤ |
| ٢٧٨ | شوعلە | ٤٦ |
| ٢٧٩ | شۆڕ وشینی دڵ | ٥٠٥ |
| ٢٨٠ | شیرکی تەشەبوس | ١٥٢ |
| ٢٨١ | شیرین | ١١٨ |
| ٢٨٢ | شیشەی گەردن | ١٠٨ |
| ٢٨٣ | شیفتەحاڵ | ٣٩٨ |
| ٢٨٤ | شیمە | ٤٦٩ |
| ........ | ........................ | ........... |

| ز | چەمک | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٢٨٥ | عاتیر | ١٦١ |
| ٢٨٦ | عەبیر | ٥٣ |
| ٢٨٧ | عەرزی نیاز | ٥٠١ |
| ٢٨٨ | عەرەق ڕیتن | ٤٧ |
| ٢٨٩ | عەقڵی کول | ٤٩٤ |
| ٢٩٠ | عەقیق | ٦٢ |
| ٢٩١ | عەکس | ٥٩ |
| ٢٩٢ | عەیادەت | ١٧٥ |
| ٢٩٣ | عوروجی ئەحمەدی | ٤٧٨ |
| ٢٩٤ | عوروجی عیسەوی | ٤٧٨ |
| ٢٩٥ | عوریان | ٢٤٩ |
| ٢٩٦ | عوزلەت | ١٣١ |
| ٢٩٧ | عوشاق | ٤٨ |
| ٢٩٨ | عوشرەت | ٢٥٤ |
| ٢٩٩ | عومری عەزیز | ٢٠٩ |
| ٣٠٠ | عیتاب | ٨٤ |
| ٣٠١ | عیدی ئەولیا | ٧١ |
| ٣٠٢ | عیشق بازی | ٤٩٦ |
| ٣٠٣ | عیشقی گوڵڕوخان | ٤٨ |
| ٣٠٤ | عیشوە | ١٠٤ |
| ٣٠٥ | عیشوەگەر | ٣٥٠ |
| ٣٠٦ | عیمرانی بەقا | ١٧٢ |
| ........ | ......................... | .............. |
| ٣٠٧ | غارەتگەر | ٥٠٦ |
| ٣٠٨ | غایلە | ٣٢٢ |
| ٣٠٩ | غەرغەرە | ٤٣٣ |
| ٣١٠ | غەفڵەت زەدە | ٢٦٤ |
| ٣١١ | غەڵتان | ٥٠٣ |
| ٣١٢ | غەم و هەم | ٩٥ |
| ٣١٣ | غوڵام | ٣٢٠ |
| ٣١٤ | غولی بیابان | ٣٢٢ |
| ٣١٥ | غونچە | ٥٣ |
| ...... | ............... | ................ |
| ٣١٦ | فەریاد | ٢٧٦ |
| ٣١٧ | فەساد ئەنگێز | ٣٠٩ |
| ٣١٨ | فەیزی حەق | ٣٠٣ |
| ٣١٩ | فوغان | ٣٤١ |
| ٣٢٠ | فیزاعەت | ١١٢ |
| ....... | ............................. | ........... |
| ٣٢١ | قاپی خەرابات | ١٤٢ |
| ٣٢٢ | قاپی کەرەم | ١٧١ |
| ٣٢٣ | قەدەح | ٢٠٢ |
| ٣٢٤ | قەدەح ئاشام | ٢٥٨ |
| ٣٢٥ | قەقنەس | ٢٦٨ |
| ٣٢٦ | قەلەندەر | ٢٠٤ |
| ٣٢٧ | قەهرەمانی عیشق | ٣١١ |
| ٣٢٨ | قەیس | ٢٠٥ |
| ٣٢٩ | قامی قیامەت | ٢٧٥ |

| ز | چەمک | ژ.لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٣٣٠ | گریە | ٦٩ |
| ٣٣١ | گەوارا | ٩٩ |
| ٣٣٢ | گوڵخان | ١٨١ |
| ٣٣٣ | گۆشەگیری | ٢٦٠ |
| ٣٣٤ | گۆشەی بێکەسی | ٢٧١ |
| ...... | ......... | ........ |
| ٣٣٥ | لالەزار | ١٩٧ |
| ٣٣٦ | لامیع | ١٨٢ |
| ٣٣٧ | لەش بەخون | ١٨٣ |
| ٣٣٨ | لەعلی تابدار | ١١٦ |
| ٣٣٩ | لەعلی گوڵ ڕەنگ | ٤٦ |
| ٣٤٠ | لەهولەعب | ٣١٢ |
| ٣٤١ | لوتف | ٣٧ |
| ٣٤٢ | لێوە لەرزە | ١٣٦ |
| ٣٤٣ | لێوی وشک | ١٦٥ |
| ........ | .................. | .......... |
| ٣٤٤ | ماری ئەنگێو | ٣٣٤ |
| ٣٤٥ | ماڵی وێران | ٥٧ |
| ٣٤٦ | ماهی کەنعان | ٣٦٤ |
| ٣٤٧ | ماهیەت | ٥٠١ |
| ٣٤٨ | مروەت | ٦٥ |
| ٣٤٩ | مەحو | ١١٩ |
| ٣٥٠ | مەخفی ڕاز | ٥٠١ |
| ٣٥١ | مەدەد | ٤١ |
| ٣٥٢ | مەدهۆش | ٤٩٤ |
| ٣٥٣ | مەرتەبە | ١٦٢ |
| ٣٥٤ | مەرگ ئەمین | ١١٦ |

| ز | چەمک | ژ. لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٣٥٥ | مەستوور | ٢٩٩ |
| ٣٥٦ | مەسلەک | ١٦٢ |
| ٣٥٧ | مەشقی ئوستاد | ٢٢٧ |
| ٣٥٨ | مەعرەکە | ٢٤٥ |
| ٣٥٩ | مەغشوش | ٥٠١ |
| ٣٦٠ | مەکری عەجوز | ٣٣٢ |
| ٣٦١ | مەلاز | ١٧١ |
| ٣٦٢ | مەلەک | ١٠٠ |
| ٣٦٣ | مەلەی مەخلوق | ٢٢٣ |
| ٣٦٤ | منەوەر | ١٥٢ |
| ٣٦٥ | مەننان | ٤٦٣ |
| ٣٦٦ | مول | ٢٤٧ |
| ٣٦٧ | موئنیس | ١٧٢ |
| ٣٦٨ | میحنەتخانە | ٢٦٨ |
| ٣٦٩ | میسک | ٢٠٦ |
| ٣٧٠ | مەهلەکەی عیشق | ٣١١ |
| ٣٧١ | مەیدانی عیشق | ٦١ |
| ٣٧٢ | مەیکەشی | ٨٥ |
| ٣٧٣ | مەئلوف | ٢٣٠ |
| ٣٧٤ | مەئوا | ١٧١ |
| ٣٧٥ | موبتەلا | ١٧٢ |
| ٣٧٦ | موحابا | ٤٧٧ |
| ٣٧٧ | مودارا | ٤٢ |
| ٣٧٨ | مورادی دڵ | ٣٢٣ |
| ٣٧٩ | مورغی خەمۆش | ٢٨٠ |
| ٣٨٠ | موزەکا | ٢٩٨ |

| ز | چەمک | ژ. لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٣٨١ | ناخودا | ٣٧ |
| ٣٨٢ | ناری غەم | ٣١٢ |
| ٣٨٣ | نازی دەوا | ٧٠ |
| ٣٨٤ | ناصیر | ٤٠ |
| ٣٨٥ | ناڵەی دەروون | ٢٠٩ |
| ٣٨٦ | ناڵەی دڵ | ٢٥٥ |
| ٣٨٧ | نمودار | ٥٠٨ |
| ٣٨٨ | نەجمی فتوح | ١٣٦ |
| ٣٨٩ | نەدامەت | ٤٧ |
| ٣٩٠ | نەزرگە | ٢٦٦ |
| ٣٩١ | نەزعەی رۆرح | ٢٦٥ |
| ٣٩٢ | نەسیم | ٢١٣ |
| ٣٩٣ | نەشئەی مەی | ٤٠٣ |
| ٣٩٤ | نەعش | ٢٢١ |
| ٣٩٥ | نەغمەخوان | ٥٠٢ |
| ٣٩٦ | نەفسی ئەممارە | ٣٧١ |
| ٣٩٧ | نەوحە | ١٣٧ |
| ٣٩٨ | نوری بادە | ٤٦ |
| ٣٩٩ | نوری جیلوە | ١٧٨ |
| ٤٠٠ | نوری چاو | ٤٧٣ |
| ٤٠١ | نوری دیدە | ٧١ |
| ٤٠٢ | نوری عومر | ٤٩ |
| ٤٠٣ | نوری عیرفان | ٤٧٩ |
| ٤٠٤ | نوری عیشق | ٣٨ |
| ٤٠٥ | نوکتەی جانفز | ٢٠٧ |
| ٤٠٦ | نومایان | ٤٦٧ |
| ٤٠٧ | نوێژی ئیستیسقا | ٢٧٤ |
| ٤٠٨ | نێش | ٣٤٧ |
| ٤٠٩ | نێرگزی فەتتان | ٤٠٩ |
| ٤١٠ | نیقاب | ٢٢٣ |
| ......... | ........... | ........... |
| ٤١١ | هاتیف | ٤٦٧ |
| ٤١٢ | هادی سوبول | ٤٧٠ |
| ٤١٣ | هامە | ٨١ |
| ٤١٤ | هەلهەلەی مەخلوق | ٢٢١ |
| ٤١٥ | هەمدەرد | ٤٠ |
| ٤١٦ | هەمدەم | ٩٦ |
| ٤١٧ | هەمیشەمان | ٤١٦ |
| ٤١٨ | هەناسەی گەرم | ٢٦٢ |
| ٤١٩ | هەناسەی ئاگرین | ١١٠ |
| | | |
| ...... | ............ | ............... |
| ٤٢٠ | وادی مەحەبەت | ٢١٧ |
| ٤٢١ | وەحشەت | ٤٥٦ |
| ٤٢٢ | وەردی خار | ٩٣ |
| ٤٢٣ | وەلولەی مەخلەق | ٢٢١ |
| ٤٢٤ | ویسعەت | ٣٥٤ |
| ٤٢٥ | وەعدەگاهـ | ٣٠٢ |
| ........ | ........... | .......... |
| ٤٢٦ | یار و هەمدەم. | ٦٥ |
| ٤٢٧ | یارا | ٤١ |
| ٤٢٨ | یاری غار | ٤٨٦ |
| ٤٢٩ | یەڵدا | ٣٤١ |

# ئەنجام

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەدا پێی گەیشتووین بریتین لە:

١_عیرفان لە بیروباوەڕی زۆربەی ئایینەکاندا جێکراوەتەوە و یەکێکە لە پێداویستی و نیازەکانی مرۆڤ، ئەو بۆشاییە ڕۆحییەی کە لە مرۆڤدا دروست دەبێت بە بابەتە عیرفانی و مەعنەوییەکان نەبێت پڕنابێتەوە.

٢_ ئەدەبی کلاسیکی کوردی بە نموونەی بەرزی ئەدەبی سۆفیگەری و عیرفانی هەژمار دەکرێت و پڕن لە توانای داهێنان و وێنەی بەرزی هونەریی، بە تایبەتی شیعرەکانی مەحوی، کە جگە لەوەی پڕە لە چێژی هونەریی، هاوکات ئەو زمانە بەرزەی لە چنینی دەقەکاندا بەکاریهێناوە، کە کۆڵەگەیەکی سەرەکییە بۆ نەمریی و مانەوەی دەق، وایکردووە کە دەقە شیعرییەکانی مەحوی بە نەمریی بمێننەوە.

٣_شیعرەکانی مەحوی لە ئەزموونی ڕۆحانییەتێکی بەرزەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەزموونێک تێکەڵ بە بیری عاریفانەی کلاسیک، لە هەمان کاتدا دونیابینییەکی کراوەی پڕ لە هەست و سۆزی عاشقانەیە، دڵ دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەر بیرە عیرفانییەکانی مەحویدا و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاماژەی بە چەمکە عیرفانییە کردارییەکان دەکات، بە تایبەتی سەیر و سلوکی کرداری مەقامەکانی (طلب، توبە، زوهد، صبر، توکل).

٤_مەحوی لە لوتکە هەرە بەرزەکانی ئەدەبیاتی عیرفانییە، توانیویەتی کۆمەڵێک دەقی شیعریی ئاست بەرز و ئیستاتیکای لێوان لێو لە بەهای هونەریی پێشکەش بکات، لە هەمان کاتیشدا ڕۆچوونی لە بواری عیرفان و مەعنەوییەت و پێشکەشکردنی بەرهەمگەلێکی ناوازە لەو بوارەدا، گەواهی دەرن کە مەحوی عارفێکی گەورە و زانایەکی مەزن بووە.

٥_ قووڵی ئاستی مەعریفیی مەحوی لە بەکارهێنانی ئەو چەمکە عیرفانییانەی کە وەریگرتوون، یاخود خودیین و داهێنانی خۆیەتی، پڕن لە توانای داهێنان، ئەمەش وایکردوو شیعرەکانی مانای جیاواز و خەیاڵێکی فراوان بە خوێنەر ببەخشن، چونکە دەقە شیعرییەکانی مەحوی لەو دەقانەیە، کە نموونەی بەرزی شیعرین و دەوڵەمەندن بە واتای بەرز و هەمەجۆر و جوانی.

٦_ لەپاڵ چەمکە عیرفانییە گشتییەکان، لە چوارچێوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و دوالیزمییەت و هێما و ڕەمزە عیرفانییەکان، مەحوی داهێنەری کۆمەڵێک چەمکی نوێی عیرفانییە لەو نێوەندەدا، کە بە چەمکە خودییەکان ناومان بردوون.

## سەرچاوەکان

*** قورئانی پیرۆز**

**سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:**

**أ-کتێب**

١_ ئاگرین، عەبدوڵڵا عەزیز خالید (١٩٨٦)، **لە بارەی مەحوی لوتکەوە**، مطبعة سومر، بغداد.

٢_ ئەدهەم، موسعەب (٢٠١٩)، **عیرفان باخێک لە حەقیقەت**، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

٣_ ئەمین، بورهان محمد (٢٠٠٤)، **تەفسیری ئاسان**، ناوەندی ڕۆشنبیر، سلێمانی.

٤_ ئینزامی، حەمید . و: زەڵمی، فاتیمە محمد (٢٠١٨)، **خۆناسی عیرفانی و خواناسی عیرفانی**، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٥_بەرزنجی، عەبدولڕەحمان بێلاف (٢٠١٩)، **چەند بابەتێکی زانستی تەسەووف**، چاپخانەی ناوەندی فێربوون، هەولێر.

٦_ تاقانە، ئەحمەد (٢٠٠٧)، **باباتاهیری هەمەدانی ژیان و بەرهەمی**، چاپخانەی و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٧_ تاهیر، محەمەد ئەحمەد (٢٠٢٢). **نوری بادە**، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

٨.تووباش، عوسمان نووری. و: سەلام، قاسم (٢٠٢١)، **تەسەووف کۆششکردنی موسڵمانە لەگەڵ نەفسی خۆیدا**، ناوەندی ڕەها بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

٩_ حمد، عبدالله خضر (٢٠١٨)، **دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری**، چاپی چوارەم، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

١٠_ حەمە غەریب، تەحسین (٢٠٠٩)، **دیدێک بۆ دیناسی نوێ(شەریعەت، تەریقەت، حەقیقەت)**، چاپخانەی ڕۆشنبیر، سلێمانی.

١١_ حسەین، هەڤاڵ ئەبوبەکر (٢٠٠٧)، **چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە "ژیان و ژین" دا**، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٢_ خەزنەدار، مارف (٢٠٠١)، **شیعری مەحوی لە نێوان سۆفیزم و دەروێشیزمدا**، ڤیستیڤاڵی شاعیری گەورەی کورد مەحوی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٣_ خەلیفی، حسێن (١٩٩٢)، **کۆمەڵناسی کوردەواری**، بەرگی٢، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.

١٤_ خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠١٦)، **هێرمینۆتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی**، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

١٥_ خۆشناو، هێمن عومەر (٢٠١٨)، **چەند لاپەڕەیەکی ژیانی مەحوی لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا**، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی.

١٦_ سەنگاوی، عوسمان (٢٠١٨)، **گوڵستانی ئیرەم لە وەصفی فەخری عالەم**، چاپی سێیەم، سلێمانی.

١٧_ سەیید ئەدهەم، حوسەین (٢٠١٨)، **کوفری شیرین دەربارەی تەسەووف و عیرفان**، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١٨_ سوبحانی، ناسری (٢٠١٦)، **ئەحکام و حیکمەتەکانی ڕۆژوو**، چاپخانەی دەزگای بەرهەم، سلێمانی.

١٩_ سورەوەردی، شەهاب عومەر. و: یوسف. هۆشەنگ شێخ محەمەد (٢٠١٢)**عەوارفی مەعاریف**، چاپخانەی ناوەندی فێربوون، هەولێر.

٢٠_ شکار، سەبور عەبدولکەریم (٢٠٠٩)، **ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دونیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بەتایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی**، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٢١_ شارەزووری، یادگار لەتیف (٢٠٢٠)، **عیرفان و ژیان ڕوانگەیەکی تەئویلی بۆ شیعری مەحوی**، چاپخانەی ڕێدار، هەولێر.

٢٢_ شوان، ابراهیم احمد (٢٠١٠)، **فەرهەنگی سۆفییانەی دیوانی جزیری و مەحوی**، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٣_ شوان، ابراهیم احمد (٢٠٢١)، **شیعری سۆفیانە لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا**، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

٢٤_ شوان، ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠٠١)، **سۆفیگەری، شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا**، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان.

٢٥_ شێخ حسێن، کازم (٢٠١٨)، **جوانیناسیی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەددینی بریفکانی دا**، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٢٦_ شەبستەری، شێخ مەحمود. و: د.صباح بەرزنجی (٢٠١٨). **شەرحی گوڵشەنی ڕاز**، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

٢٧_عبدالواحید، ئازاد (٢٠٠٥)، **سۆسۆلۆژیای شیعری کوردی**، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢٨_ عەبدوڵڵا، د. محەمەد ئەمین (٢٠٠٨)، **بوون لە شیعری مەحوی دا**، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٢٩_ عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠١٣)، **کۆ وانەکانی ڕەوانبێژی**، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٣٠_ فتاح، عبدالکریم (٢٠٢٠)، گەشتێ بە عەقڵ و عیرفاندا، چاپخانەی ناوەندی فێربوون، هەولێر.

٣١_فەقێ سلێمان، هەژار (٢٠٢٠)، **ڕوونبێژی لە شیعری مەحویدا**، چاپی دووەم، چاپخانەی خاک، کەلار.

٣٢_قوشەیری، ئیمام عبدالکریم. و: فتاح، مامۆستا عبدالکریم (٢٠١٦)، **ریسالەی قوشەیری لە زانستی تەصەووفدا**، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

٣٣. کەلهوڕ، نەوزاد (٢٠٠٨)، **ڕەهەندی ئایین لە شیعری کلاسیکی کوردی**، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

٣٤_گولەن، موحەممەد فەتحوڵڵا ، و: حەسەن حەمە کەریم (٢٠١٣)، **بەرەو ژیانی دڵ و گیان**، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣٥_گەردی، عەزیز (١٩٧٠)، **ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا**، بەرگی ١، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

٣٦_ گەردی، عەزیز (١٩٧٥)، **ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا**، بەرگی٢، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر.

٣٧_ گەردی، موحسین ئەحمەد مصطفی (٢٠١٣)، **بەهاری ڕەوانبێژی**، چاپخانەی نارین، هەولێر

٣٨_ محمد، محمود أحمد (١٩٨٧)، **پیرەمێرد، ڕۆحی مەولانا خالید**، دەزگای ئەمانەتی گشی ڕۆشنبیری و لاوان، بەغدا.

٣٩_ مودەڕڕیس، مەلا عەبدولکەریم (٢٠١١)، **یادی مەردان، بەرگی١**، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٤٠_مەلا، ئەحمەد (٢٠١٣)، **مەحوی لە نێوان زاهیرییەت و باتنییەت و سەرچاوەی عیشق و وێنەی مەعشوقدا**، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٤١_ نادر، یاسین (٢٠١٩)، **چەمکێک لە عیرفانی مەولانای ڕۆمی**، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٤٢_ نەسر، سەید حسین . و: شاهین، هیمداد (٢٠١٦)، **دڵی ئیسلام بەها هەمیشەییەکان لە پێناو مرۆڤایەتیدا**،

٤٣_نەقشبەندی، شێخ ئەمین شێخ علاءالدین (٢٠١٥)، **تەصەووف چییە**، چ٣، ناوەندی بێخود، سەید صادق.

٤٤_ هەورامی، نەبەز (٢٠٢١)، **ڕۆحانیەتی قورئان زەمینەی ئیمان و عیرفانی ئیسلامی**، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.

**ب- دیوان:**

٤٥_ بریفکانی، زاهد (٢٠٠٢)، **دیوانا شێخ نورەدینێ بریفکانی**، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٤٦_ دۆسکی، تحسین ابراهیم (٢٠١٦)، **دیوانا ئەحمەدێ خانی**، چاپخانەی ڕۆژڤین، دهۆک.

٤٧_ دەشتی، عوسمان (٢٠١٢)، **دیوانی وەفایی**، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤٨_ دۆسکی، تەحسین ئیبراهیم (٢٠٠٠)، **دیوانا مەلایێ جزیری**، دەزگەها سپیریێزا چاپ و وەشانێ، دهۆک.

٤٩-_ زیباجۆیی، فەتح علی حەیدەری (ساڵی چاپی تێدانییە)، **دیوانی مەلا پەرێشانی کوردی**، چاپخانەی محەمەدی، کرمانشان.

٥٠. نەوزاد کەلهوڕ (٢٠١١)، **دیوانی حەریق**، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.

٥١_ صابری، شێخ عەبدولڕەحمان شێخ نەجمەدین (٢٠٠٨)، **دیوانی صابری**، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاسیا، کەرکوک.

٥٢_ مودەڕڕیس، مەلا عەبدولکەریم (١٣٩٠هـ)، **دیوانی مەولەوی**، چاپخانەی بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

٥٣. میران، سەردار حەمید. شارەزا، کەریم مستەفا (١٣٩٠ هـ)، **دیوانی حاجی قادری کۆیی**، چاپخانەی بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

٥٤. مدرس، عبدالکریم. مەلا کریم، محمد (١٣٩١هـ)، **دیوانی مەحوی**، چاپی٧، چاپخانەی بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

٥٥. مدریس، عبدالکریم (١٣٩١ هـ)، **دیوانی نالی**، چاپی هەشتەم، چاپخانەی بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

٥٦. مەلا کەریم، موحەممەد (١٣٨٤ هـ)، **دیوانی بێخود**، چاپی٢، چاپخانەی بڵاوکردنەوەی کوردستان، سنە.

**پ- فەرهەنگ:**

٥٧_ ئیسماعیل زادە، ئیسماعیل، **فەرهەنگی فەلسەفە**، ساڵ و شوێنی چاپی نەزانراوە.

٥٨_ کەریم، ڕزگار (٢٠٠٧)، **فەرهەنگی دەریا**، چاپی دووەم، چاپخانەی مەهارات، تاران.

٥٩_ موکریانی، گیو (٢٠٠٥)، **فەرهەنگی نۆبەرە**، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٦٠. هەژار، عەبدوڕەحمانی شەرەفکەندی (١٣٦٩هـ)، **هەمبانە بۆرینە**، انتشارات سروش، تهران.

**ج- نامە ئەکادیمیەکان:**

٦١_ حەمەد، پەخشان صابر (٢٠٠٢)، **ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا**، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٦٢_ ڕواندی، محمد عبدالرحمن ابراهیم (٢٠٠٤)، **عیشق لای مەلای جەزیری و حافزی شیرازی**، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
٦٣_ زەند، سیروان جەبار ئەمین (٢٠١١)، **مەعریفە و حەقیقەت لە نێوان فەلسەفە وعیرفان لە شیعرەکانی مەحوی دا**، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، هەولێر.
٦٤_ عبدالرحمن، لهۆن قادر (٢٠١٣) **دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای رۆمی و مەولەوی تاوەگۆزی دا**، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

**چ- گۆڤار**

٦٥_ ئیبراهیم، سەرکەوت عومەر. ئیبراهیم، زانیار زیاد (٢٠٢١)، **دوالیزمی شوێن لە دەقە شیعرییەکانی (لەتیف هەڵمەت)** دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ٣.
٦٦_ خەزنەدار، دکتۆر مارف (٢٠٠١)، **شیعری مەحوی لە نێوان سۆفیزم و دەروێشیزمدا**، گۆڤاری کاروان، ژ ٩٠، ١٩٩٠، بەغدا.
٦٧_ سەید مینە، مستەفا (٢٠١٨)، **شیعر و سۆفیگەری**، گۆڤاری خاڵ، ژ. ١٦، سلێمانی.
٦٨_ سەیید ئەمین، بڕیار (٢٠٢٠)، **سروتە ئایینییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی**، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی.
٦٩_ محەممەد، عەبدوڵلا ئەحمەد (٢٠٢٠)، **تەسەوف و سۆفیگەری سەرهەڵدان و قۆناغەکانی گەشەکردنی**، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی.

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبیی:

٧٠_ بدوي، عبدالرحمن (١٩٧٥)، **تأريخ التصوف الاسلامي من البداية حتى نهاية القرن الثاني**، دار النشر وكالة المطبوعات، الكويت.
٧١_ التفتازاني،د. أبو الوفا الغنيمي (١٩٧٩)، **مدخل الى التصوف الاسلامي**، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة.
٧٢_ الجرجاني (١٩٨٦)، **التعريفات**، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
٧٣. الجبوري، نظلة أحمد نائل (٢٠٠١)، **خصائص التجربة الصوفية في الاسلام**، مطبعة بيت الحكمة، بغداد.
٧٤_ الحنفي، عبدالمنعم (١٩٨٠)، **معجم المصطلحات الصوفية**، دار السيرة، بيروت.

٧٥. الرازي، زين الدين أبو عبدالله محمد بن أبي بكر بن عبدالقادر الحنفي. المحقق: يوسف الشيخ محمد (١٩٩٩)، **مختار الصحاح**، الطبعة الخامسة، المكتبةالعصرية- الدار النموذجية، بيروت.

٧٦_ الروفاعي، منى ياسين طه (٢٠٠٧)، **علم التصوف واثره في العبادات**، دار النشر الجامعة الاسلامية، بغداد.

٧٧_ الزبيدي، محمد مرتضى الحسيني (١٩٦٥)، **تاج العروس من جواهر القاموس**، ج١٩، مطبعةالكويت، الكويت.

٧٨. الزبيدي، الامام زين الدين أحمد بن عبداللطيف، **مختصر صحيح البخاري**.

٧٩_ السهروردي، شيخ الاسلام شهاب الدين أبو حفص عمربن محمد البكري القرشي(٢٠١٠)، **عوارف المعارف**، دار صادر، بيروت.

٨٠_ الطوسي، أبى نصر السراج (١٩٦٠)، **اللمع في التصوف**، دار الكتب الحديثه، ميصر.

٨١ _ العاملي، الدكتور الشيخ محمد شقير (٢٠٠٤)، **فلسفة العرفان**، مطبعة دار الهادي، بيروت.

٨٢ _ العفيفي، الدكتور أبو العلا (٢٠١٩)، **التصوف الثورة الروحية في الاسلام**، دار التنوع الثقافي، ديمشق.

٨٣ _ الفارابي، أبو نصر اسماعيل بنى حماد الجوهري. تحقيق: أحمد عبدالغفور عطار (١٩٨٧)، **الصحاح في اللغة**، الطبعة الرابعة، دار العلوم للملايين، بيروت.

٨٤ _ الفني، عبدالمنعم (١٩٨٠)، معجم المصطلحات الصوفية، دار السيرة، بيروت.

٨٥ _فتاح، عرفان عبدالحميد (١٩٩٣)، **نشأة الفلسفة الصوفية وتطورها**، مطبعة دار الجيل، بيروت.

٨٧ _ القاشاني، الشيخ عبدالرزاق ( ٢٠١٢)، **اصطلاحات الصوفية**، دار الكتب العلمية، بيروت.

٨٨ _ الهروي، شيخ الاسلام عبدالله الانصاري (١٩٨٨)، **منازل السائرين**، دار الكتب العلمية، بيروت.

**سەرچاوەکان بە زمانی فارسیی:**

٨٩_ آبادی، سعید سبزیان مراد. کزازی، میر جلال الدین (١٣٨٨ هـ)، **فرهنگ نظریه ونقد ادبی، واژگان ادبیات حوزەهای وابسته**، انتشارات مروارید، تهران

٩٠_ چناری، ئەمیر (١٣٧٤هـ)، **متناقض نمایی در شیعر فارسی**، موسسه نشر فرزان روز، تهران.

٩١ . رفیع، عبدالرفیع حقیقت (١٣٧٥هـ)، **تاریخ عرفان و عرفان ایرانی**، چاپ سوم، انتشارات احمدی، تهران.

٩٢_زینلی، سهیلا (١٣٩٥هـ)، **از فرهنگ اصطلحات عرفانی گلشن راز**، ناشرسفیر اردهال، تهران.

٩٣. زرين كوپ، عبدالحسين (١٣٨٥هـ)،
٩٤ _سجادی، سيد جعفر (١٣٧٨هـ)، **فرهنگ اصطلاحات وتعبيرات عرفانی**، چاپ چهارەم، چاپ افست گلشن، تهران.
٩٥_ سعيدی، گل بابا (١٣٨٤هـ)، **فرهنگ اصطلاحات عرفانی ابن عربی**، چاپ دوو، انتشارات شفيعی، تهران.
٩٦_ شفيع كدكنی، محمد رضا (١٣٩٢هـ)، **زوبان شعر در نثر صوفيه**، انتشارات سخن، تهران.
٩٧.عطار، علی موحديان (١٣٨٨هـ)، **مفهوم عرفان**، انتشارات دانشگاه اديان و مذاهب، تهران.
٩٨_ كاكائی، قاسم. مەعصومی، طيبه (١٣٩٤هـ)، وحدت وجود، وحدت شهود و سخن گفتن از خداوند، خردنامه صدرا دور ٢٠ بهار١٣٩٤هـ ، شماره٣ (پیاپی ٧٩).
٩٩_ معين، محمد (١٣٨٥هـ)، **فرهنگ فارسی** معين، ناشر معين، تهران.

**ئينتەرنێت:**

١٠٠_ بەرزنجی، د. صەباح (٢٠٢١)، **شيعری مەحوی فێرگەيەک بۆ عيرفان و ڕێگەيەک بۆ ژيان**، گۆڤاری كۆچ مەگەزين، سلێمانی.
١٠١_ فەرەج، ئەنوەر محەممەد (٢٠٢١)، **نەخشی عيرفان لە تابلۆی ئيسلامدا**، ماڵپەڕی ناوەندی هەژان.